
## هەتا ئێستا سیاسەتی ئۆباما لە عێراقدا سیاسەتی بۆشە



ریچارد شوڵتز



برایان کتلەس



پیتەر سلاگلیت

مەیسەم نەحاس:

## کورد خاوەن کولتوورێکی دەوڵەمەندە





بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجەی مەمک



ئەو ژنەی کۆرپەیەکی لە سکی دایکیدا کوشت!



٢٠٠٩/٩/٣٠ ڕۆژێکی مێژوویی بوو

بەهێزترین سەر لە جیهان




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
MANAGING EDITORS
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د.عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)


# هەوڵەکان بۆ ئەوەن بازنەیەکی جـ
# ئایا کورد دەتوانێت یەکهەڵوێسـ

***«ئەگەر لێم بپرسن بۆچی لەئیسرائیل شەڕی ناوخۆ روویندا؟ لەوەڵامدا دەڵێم لەبەرئەوەی هەموو گەیشتبووینە قەناعەت دەبێت جوولەکە خاوەنی دەوڵەت بێت، نەك ئەم حزب یان ئەو حزب حاکم بێت»***
***شیمون پێرز***

***

کەم وڵات هەیە وەك دەوڵەتی ئیسرائیل لەقۆناخی بونیادی دەوڵەت و دامەزراندنی کیانێکی سیاسی بۆ نەتەوەکەی تووشی شەڕی ناوخۆیی نەبووبێت، واتە شەڕی خۆبەخۆیی نێوان لایەنە سیاسیەکانی جوولەکە نەك شەڕی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل یان شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، زۆر لەچاودێرانی عەرەب و رۆژهەڵاتی هۆکاری سەرکەوتنی ئیسرائیل دەگێڕنەوە بۆئەوەی ئیسرائیل واتە ئەمریکا، لەوانەیە ئەمە لەو رووەوە راست بێت، کە ئەمریکا یارمەتیەکی لۆجیستی و دیپلۆماتی بەردەوام پێشکەشی ئیسرائیل دەکات، بەڵام ئەو سەرکەوتنانەی ئیسرائیل لەماوەی زیاتر لە ٦٠ساڵی رابردوو بەدەستیهێناوە و توانیویانە دەوڵەتێکی چەند ملیۆن کەسی لەنێوان زیاتر لە ٢٣ دەوڵەتی عەرەبی و ٦٠ دەوڵەتی ئیسلامی گەورە بپارێزن، بەتەنها هۆکارەکەی یارمەتیە لۆجیستی و دیپلۆماتیەکانی ئەمریکا نییە، بەڵکو هۆکارە سەرەکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکڕیزی نێو ماڵی جوولەکە ئەمەش چ لەناوخۆی دەوڵەتی ئیسرائیل، چ لەسەر ئاستی جالیەی جولەکە لەهەموو جیهاندا، لێرەوە ئەگەر بەراوردێك بکەین و بپرسین ئایا لایەنی فەلەستینی پشتیوانی لۆجیستی و دیپلۆماتی دەرەکی نەبووە؟ لەوەڵامدا دەڵێین نەك هەر پشتیوانی لۆجیستی و دیپلۆماتی دەرەکی هەبووە، بەڵکو بەشداری کردەییش بۆ پشتیوانی فەڵەستین و شەڕکردن دژی ئیسرائیل هەبووە، بەڵام هێشتا گوێمان لێنەبووە بەڕەسمی سوپای ئەمریکا یان فەرەنسا یان بەریتانیا بەشداری لەشەری ئیسرائیل بکەن دژی فەلەستین یان دەوڵەتێکی عەرەبی، بەڵام لەبەرئەوەی ناو ماڵی عەرەب و ئیسرائیل و تەنانەت دەوڵەتانی ئیسلامی بەرامبەر

نێچیرڤان بارزانی بەزمانێک قسەی لەگەڵ هاوپەیمانان و یەکێتی ئەوروپا کرد، کە هەردوولا مەزندەی ئەوەیان نەدەکرد کە ئەم زمانە زمانی سەرکردەیەکی رۆژهەڵاتی بێت



# ـیاواز بۆ کەرکوک دروستبکرێت
# ـت بێت و ئەو بازنەیە بشکێنێت؟

بەکێشەی فەلەستین گوتارێك یان هەڵوێستێکی یەکگرتوویان نەبووە کە بتوانن مامەڵە لەگەڵ کێشەی فەلەستین بکەن، ئەوا وەك ئێستا دەیبینن فەلەستین بەدابەشکردن و ئیعترافکردن بەئیسرائیل رازییە، بەڵام ئیسرائیل رازی نییە.

ئێمە لەم باسە مەبەستمان ئەوە نییە کێشەی کەرکوك بەفەڵەستین بچووێنین، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە سوود لەو ئەزموونە وەربگرین کە جیاوازی هەڵوێستی سیاسیی لەسەر کێشە چارەنووسسازەکان چ زیانێکی دوورمەودا بە کێشەکە دەگەیەنێت، راستە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بووینە لایەنێکی هاوپەیمان لەپرۆسەی ئازادکردن و رووخانی دیکتاتۆریەت لەعێراقدا، راستە لەناو ۳ پێکهاتە سەرەکیەکەی عێراق «کورد، سوننە و شیعە»، لەکورد لەسوننە و شیعە زیاتر بەدۆستی ئەمریکا دادەنرێت و ئەمریکاش هێندەی دۆستایەتی خۆی لەگەڵ کورد و هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە، هێندە دۆستایەتی خۆی لەگەڵ شیعەو سوننە نابینێتەوە، بەڵام ئەگەر لەناو ماڵی خۆماندا یەکهەڵوێست و یەکدەنگ نەبین بۆ چۆنییەتی سوود وەرگرتن لەو دۆستایەتیە و چۆنییەتی بەکارهێنانی بۆ چارەسەرکردنی کێشە چارەنووسسازەکانمان، ئەوا ئەو دۆستایەتیەی کە لەگەڵ ئەمریکا هەمانە هیچ بایەخێکی نامێنێت.

ئەگەر لێرەدا ئاماژە بە مامەڵەی دەستەی حکومڕان و لایەنە سیاسیەکانی ئیسرائیل لەگەڵ یارمەتیە لۆجیستی و دپلۆماتەکانی ئەمریکا، دەبینن یەکریزی نێو ماڵی جولەکە واقیعێکی ئەوتۆی لەسەر ئەرزی واقیع دروستکردووە کە یارمەتیە لۆجیستی و دپلۆماتیەکان هێندەی دیکە بوونە پاڵپشت بۆ ئەو ئامانجەی جولەکە هەیبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەناو ماڵی فەڵەستین و عەرەب و تەنانەت دەوڵەتانی ئیسلامیش، یەکریزی و یەکهەڵوێستی نەبووە بەرامبەر ئەو ئامانجەی کە ناویان لێناوە رزگاکردنی فەلەستین، دەبینین یارمەتیە لۆجیستی و دیپلۆماتی و تەنانەت بەشدارییە کردەیەکانیشیان لەشەڕی دژی

> **نێچیرڤان بارزانی لەو کاتەی کە ئەردۆگان لەکۆشکی سپی لەگەڵ سەرۆکی پێشوو جۆرج بوش کۆبووبووەوە بۆئەوەی تیشکی سەوز لەئەمریکا وەربگرێت، پێی گووتن ئێوە بەرنامە بۆ شەڕ دادەنێن ئێمە دەستی ئاشتی درێژدەکەین**




ئیسرائیل بێ بایەخ بووە، بۆئەوەی زیاتر لەسەر ئەم خاڵە هەڵوەستە بکەین، ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکەین:

١- بەدرێژایی زیاتر لە ٦٠ ساڵی رابردوو، هەرگیز ئیسرائیل لەسەر ئەرزی واقیع و لەبەرەکانی شەڕدا دۆڕاو نەبووە، هەموو کات عەرەب لەسەر ئەرزی واقیع و بەرەکانی شەڕدا دۆڕاو بووە.

٢- بەدرێژایی ئەم ٦٠ ساڵەی کە ئیسرائیل لەشەڕێکی نابەرابەردا بووە، لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل خاوەنی هەموو جۆرە چەکێکی کۆکوژ و کیمیاوی و تەنانەت نیوکلیاریشە، بەڵام هەتا ئێستا و لە هیچ شەڕێکدا پەنای بۆ بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە نەبردووە، ئەم چەکانەی وەك پارێزگاریەك بەکارهێناوە بۆئەوەی دەوڵەتانی عەرەبیش پەنای بۆ نەبن، کەواتە ئەو چەکەی ئیسرائیل لەماوەی ٦٠ ساڵی رابردوو لەگەڵ عەرەب و ئیسرائیل شەڕی پێکردووە، چەکی تەقلیدی بووە، نەك چەکێك کە لەلایەنی بەرامبەر هاوتاکەی نەبوبێت.

٣- ئەم یەکڕیزیەی نێو ماڵی جوولەکە توانی شکست بەمیسری سەردەمی عەبدولناسر بهێنێت، ئەو عەبدولناسرەی کە خۆی بەڕێبەری نەتەوەی عەرەب دەزانی و خاوەنی سەرکەوتنی شەڕی سویسی ساڵی ١٩٥٦ بوو لەبەرامبەر، ئیسرائیل و



دۆسێی کەرکوک و دۆسێی بەڕێوەبردنی تەنگژەی هەرێم لەگەڵ تورکیا، ئەگەر لەچەند روویەکیشەوە لێکجیاواز بن، ئەوا لەبنەما سەرەکیەکان و، وەک کێشەیەکی چارەنووسساز کە ئایندەی هەرێم و عێراق دیاری بکات، لەیەکدەچن و پێویستیشیان بەهەمان میکانیزمە

فەرەنسا و بەریتانیا، بەڵام لەبەرئەوەی لەساڵی ١٩٦٧ لەسەر ئەرزی واقیع شەڕەکەی دۆڕاند، لەبەرئەوەی نەیتوانی سوود لەسەرکەوتنەکەی ١٩٥٦ وەربگرێت، لەبەرئەوەی شەڕەکەی لەچارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینەوە گۆڕی بۆ هەژموونی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی، لە ١٩٦٧ بەجۆرێك دۆڕا کە دەستلەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند.

٤- ئەم یەکڕیزیەی نێو ماڵی جوولەکە وایکرد، عەرەفات بکەوێتە ژێر گوشاری هەمووجیهانەوە و ناچار بێت ئیعتراف بەئیسرائیل بکات، بەڵام لەبەرئەوەی بۆ ئەم ئیعترافکردنەش یان ئەم رێککەوتنە نێو ماڵی عەرەب و فەلەستین یەکهەڵوێست و یەکدەنگ نەبوون، دەبینین بەرهەمی ئۆسلۆش بووە کارەساتێکی دیکە بەسەر فەڵەستینییەکان، راستە عەرەفات تا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد، لەرامەڵڵا لەژێر تۆپ و تانکی ئیسرائیلدا خۆڕاگری خۆی نواند، بەڵام نەیتوانی کێشەی فەلەستین چارەسەربکات.

٥- یەکڕیزی نێو ماڵی جوولەکە، جیهانی ناچارکرد مامەڵە لەگەڵ ئیسرائیل بکەن و ئیعترافی پێبکەن، لەناویشیاندا چەندین دەوڵەتی عەرەبی و ئیسلامی وەك (میسر، مەغریب، موریتانیا، هەندێك لەدەوڵەتانی کەنداو، تورکیا، پاکستان.. هتد) ئێستا ئاڵای ئیسرائیل کە هێمایە بۆ ( لەفوراتەوە تا نیل) لەدەوڵەتانی عەرەبی دەشەکێتەوە.

٦- بەپێچەوانەوە ئێستا نەبوونی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی، کێشەی فەڵەستینی کردووە بەکارتی بازرگانی لایەنە سیاسیەکانی ناو فەلەستین و کارتی مانەوەی دەسەڵاتی رژێمە دیکتاتۆریەکانی عەرەب، کارتی دەستی ئێران بۆ شەڕی نیوکلیاری لەگەڵ رۆژئاوادا، لەدوایین کۆنگرەی رۆژنامەنووسی سەرۆکی شاندی دانوستاندنی ئێران بۆ وتوێژکردن لەسەر دۆسیێ نیوکلیاری ئێران لەژنێف، رۆژنامەنوسێکی جوولەکە لەسەعیدی جەلیلی پرسی، ئایا رای تۆ چییە لەسەر ئەو قسەیەی سەرۆك ئەحمەدی نەژاد کە دەڵێت ئیسرائیل لەسەر نەخشە دەسڕمەوە؟ جەلیلی ویستی خۆی لەم پرسیارە لابدات، بەڵام رۆژنامەنووسێکی دیکەی جوولەکە هاتە وەڵام و بەجەلیلی گوت ئێستا هەموو جیهان چاوەڕێی وەڵامی تۆ دەکات، ئایا لەبەرئەوە وەڵامی پرسیارەکەمان نادەیتەوە کە ئێمە جوولەکەین؟ ناچار جەلیلی وەڵامێکی لاستیکی دایەوە بەڵام لەدوور و لەنزیك ئاماژەی بۆ قسەکەی ئەحمەد نەژاد نەکرد. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کێشەی فەڵەستین بۆ ئێران کارتێکی گوشارە، نەك پشتیوانییەك بۆ چارەسەری کێشەکە، ئێران کە یارمەتی حەماس دەدات، بەرگری لەکێشەی فەلەستین ناکات، بەڵکو دەیەوێت کێشەی فەلەستین بەردەوام بێت و دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین نەتوانێت دەوڵەتی فەڵەستین دابمەزرێنێت، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئیسرائیل پێشوازی لەدامەزاندنی دەوڵەتی فەلەستین دەکات، بەڵکو ئەو بێ سەروبەریەی هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی خزمەتی سیاسەتی ئیسرائیل دەکات.

## ئەگەر کورد تواناکانی خۆی رێکبخات بێ هێز نییە و ئامانجەکانیشی دێنێتەدی

ئەگەر نەوەکانی داهاتوو شانازی بەدەسکەوتێکی رێککەوتن و هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتیەوە بکەن، بێگومان بەڕێوەبردنی تەنگژەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا ئەگەر تەنیا دەسکەوت نەبێت، ئەوا لەسەرووی هەموو دەسکەوتەکانەوە دەبێت، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان بەشانازیەوە بەمافی خۆمانی دەزانین باس لەگرنگی ئەم دەسکەوتە بکەین، لەبەرئەوەی لەڕوومالکردنی ئەم تەنگژەیەدا، ئەم کێشەیەمان گەیاندە زۆر ناوەندی گرنگی جیهانی وەك سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپا و شەخسی بەڕێز خافێر سۆلانا و کۆشکی سپی و کۆنگریس و شەخسی بەڕێز جۆزیف بایدن کە ئێستا جێگری سەرۆکی ئەمریکایە، هەروەها گەیاندمانە ناو ستافی سیاسیی حکومەتی تورکیا و لەئەنقەرە و ئیستانبوڵ ئەم باسەمان لەگەڵدا وروژاندن، گەیاندمانە کونسوڵگەری بەریتانیا و راشکاوانە دیمانەمان لەگەڵ کردن، گوڵان بەئەرشیڤی خۆیەوە شانازی دەکات و بەدەنگی بەرز دەڵێت «گوڵان وەك تاقە سوار مامەڵەیەکی گەورەی لەگەڵ کێشەیەکی گەورە دەکرد، بەڵام توانی بەتاقە سواری تۆزی خۆی بکات و ببێتە سەرچاوە بۆ نووسەرێکی سیاسیی جیهانی وەك رالف پیتەرز کە پێش ئەوەی ستوونەکەی بۆ رۆژنامەی نیویۆرك پۆست بنووسێت، پەیوەندی پێوەدەکردین، ئێمەش زانیاری راست و دروستمان بۆ دەناردەوە».

پەیوەندی بەڕێوەبردنی تەنگژەی تورکیا و هەرێم، بەدۆسیەی کەرکوکەوە، لەڕوانگەی یەکڕیزیی و رێکخستنی تواناکانەوە باسدەکەین، کە چۆن کاتێك یەکڕیزبین و تواناکانمان بۆ ئامانجێکی دیاریکراو رێکبخەین ئامانجی گەورەی لێدەکەوێتەوە، کە وەك ئێستا دەیبینین ئەو وەرچەرخانە گەورەیەیە کەبەسەر تێگەیشتنی سیاسەت دروستکەرانی ئەنقەرە هاتووە، نەك تەنها بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەرامبەر بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیاش، بۆیە ئەو دەسکەوتەی لەبەڕێوەبردنی ئەو تەنگژەیە دەستمانکەوت، دەبێت وانەیەك بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەشمان، کە کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانە لەسەرووی هەموویانەوەیە.

## چۆن پارتی و یەکێتی ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر تورکیا دروستکرد

پارتی و یەکێتی پاش ئەوەی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە هەڕەشەی تورکیا بۆ سەر هەرێم، هەڕەشەیەکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسیی و هەڕەشەیە بۆسەر چارەنووسی کورد وەك نەتەوە لەتورکیاش، میکانزمێکیان بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکە رێکخست، واتە نەهاتن سەرکردایەتیەکی هاوبەش بۆ

> **چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان هۆکارێکە بۆ (زیاتر پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، بونیادی سەقامگیری هەتا هەتایی، پتەوکردنی برایەتی نێوان کورد و عەرەب)**

سەرۆکایەتی بەرەکانی شەڕ دروستبکەن، هاتن ژوورێکی عەمەلیاتیان بۆ بەڕێوەبردنی تەگژەکە دروستکرد و بە نێچیرڤان بارزانیان سپارد، بەڵام بەڕێز نیچیرڤان بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆ، ئیقلیمی، جیهانی شێوازێکی تازەی گرتەبەر، هەر بۆ نموونە:

**١- لەسەر ئاستی ناوخۆ**

نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆ داوای هاریکاری لەهەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان کرد، لەناویشیاندا رۆژنامەنووسان و بەشەخسی لەگەڵ رۆژنامەنووسان کۆبووەوە پێی راگەیاندن لەم قۆناخەدا بەبەرپرسیارییەوە مامەڵە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ریپۆرتاژەکانتان بکەن، هەروەها پێیڕاگەیاندن ئێمە باری نائاسایی رانەگەیەنین.

**٢- لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی**

داوای لەپەرلەمان و حکومەتی عێراق کرد، هەڵوێستی مێژوویی خۆیان تۆمار بکەن، ئەگەر هەرێمی کوردستان بەشێکە لەعێراق، فەرموون ئەوە تورکیا هاتۆتە نێو عێراقەوە و لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئیقلیمی بەتورکیاشەوە، نێچیرڤان بارزانی پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەپرانسیپەکانی دراوسێیەتی باش و رێزگرتنی لەسەروەری دەوڵەتانی دراوسێ دووپاتکردەوە.

**٣- لەسەر ئاستی هاوپەیمانان و یەکێتی ئەوروپا.**

نێچیرڤان بارزانی بەزمانێك قسەی لەگەڵ هاوپەیمانان و یەکێتی ئەوروپا کرد، کە هەردوولا مەزندەی ئەوەیان نەدەکرد کە ئەم زمانە زمانی سەرکردەیەکی رۆژهەڵاتی بێت، هەر بۆنموونە:

أ- نێچیرڤان بارزانی لەو کاتەی کە ئەردۆگان لەکۆشکی سپی لەگەڵ سەرۆکی پێشوو جۆرج بوش کۆبووبووەوە بۆئەوەی تیشکی سەوز لەئەمریکا وەربگرێت، پێی گوتن ئێوە بەرنامە بۆ شەڕ دادەنێن ئێمە دەستی ئاشتی درێژدەکەین.

ب- پێی راگەیاندن ئێمە بەشدارین لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە تورکیای نارەحەت کردووە، بەڵام چارەسەری ئەو کێشانە دیالۆگ و سیاسین نەك سەربازی، ئەگەر داوامان لێدەکەن ئێمەش بەشێك بین بۆ چارەسەری سیاسی ئەوا ئێمە پێشوازیی لەو داواکاریە دەکەین.

ج- پێی راگەیاندن کێشەی کورد لەتورکیا پەیوەندی بەمان و نەمانی پەکەکەوە نییە، ئەگەر دەتانەوێت کێشەی خۆتان لەگەڵ پەکەکە چارەسەر بکەن، ئەوە پەیوەندی بەئێمەوە نییە، بەڵام ئەگەر داوای هاوکاریمان لێدەکەن چۆن کێشەی کورد چارەسەر بکەن ئێمە هاریکاریتان دەکەین و گەلی کورد لەتورکیا خۆی بڕیار دەدات چۆن کێشەی خۆی لەگەڵ تورکیا چارەسەربکات.

ئەم هەڵوێستانەی نێچیرڤان بارزانی کە دەربڕی هەڵوێستی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بوو، هاوکێشەکەی گۆڕی، نەك هەر کاریگەری لەسەر سیاسییەکانی ناو حکومەتی تورکیا هەبوو، بەڵکو کاریگەری لەسەر ئەقڵییەتی ژەنراڵەکانی ناو ستافی ئەرکانی تورکیاش هەبوو، ئەوانیش بەشێکیان گەیشتنە قەناعەت، کە کێشەی کورد بەرێگەچارەی سەربازی چارەسەرناکرێت و پێویستی بەچارەسەری سیاسی و ئاشتیانە هەیە، ئەم ئاکامە لەمێژووی دیپلۆماسییەتی کورد و بەڕێوەبردنی تەنگژەکانی کوردستاندا، ئەگەر بێ وێنەش نەبێت، بەڵام لەدەسکەوتە دەگمەنەکانە و دەبێت ئەوەی ئایندە لەو راستییە ئاگاداربن، کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان چۆن لەقۆناخی خەباتی چەکداری توانیان سەرکردایەتی بکەن، لەقۆناخی دیپلۆماسی و بەڕێوەبردنی تەنگژەکانیشدا، نەك هەر توانیان سەرکردایەتی بکەن، بەڵکو توانیان سەرکەوتنیش بەدەستبهێنن.

## چۆن ئەم دەسکەوتە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسێی کەرکوک تەرجەمە بکەینەوە

دۆسێی کەرکوك و دۆسێی بەڕێوەبردنی تەنگژەی هەرێم لەگەڵ تورکیا، ئەگەر لەچەند روویەکیشەوە لێکجیاواز بن، ئەوا لەبنەما سەرەکیەکان و، وەك کێشەیەکی چارەنووساز کە ئایندەی هەرێم و عێراق دیاری بکات، لەیەکدەچن و پێویستیشیان بەهەمان میکانیزمە، ئەویش میکانیزمی بەڕێوەبردنی تەگژەکەیە و یەکلاییکردنەوەی تەنگژەکەیە بۆ ئەو ئامانجەی ئێمە هەوڵی بۆ دەدەین، ئەم ئامانجە وەك لەکارنامەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕاشکاوی دیاریکراوە بریتییە (لە گێڕانەوەی مافێك کە بەزوڵم و زۆرداری لێمان زەوتکراوە، بەرێگەی ئاشتی و یاسایی و سیاسیانە داوای دەکەینەوە) ئەمەش واتە ئەو رێگەیەی دیاریمان کردووە کە کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی پێ چارەسەر بکەین و بیانگێڕینەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بریتیە لەئیقناع کردنی لایەنە سیاسیەکانی نێو هەردوو پێکهاتەی عەرەبی سوننە و شیعە، بەوەی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان هۆکارێکە بۆ (زیاتر پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، بونیادی سەقامگیری هەتا هەتایی، پتەوکردنی برایەتی نێوان کورد و عەرەب) بێگومان ئەم ئامانجە پێویستی بەهەڵوێستێکە کە عەرەب (بەسوننە و شیعە) بگەیەنێتە قەناعەت، ئەم هەڵوێستە لەیەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکان سەرچاوە دەگرێت، لەبەرئەوەی ئەم یەکڕیزیە دەبێت بەرهەمهێنانی ئەو ئیرادەیەی کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بەو ئاستە هۆشیار دەکاتەوە، کە کەرکوك بۆمبێکی تەوقیتکراو نییە، بەڵکو کەرکوك بەرەکەتێکە خوا بۆ گەلانی عێراقی بەدیاری ناردووە، ئەم یەکڕیزیەی داوای دەکەین دەتوانێت ئەو قەناعەتە لای عەرەبی عێراق دروستبکات کە گەڕانەوەی شارێکی وەك کەرکوك کە نموونەی عێراقێکی بچکۆلەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، گەرەنتی یە بۆ پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی کورد لەعێراقدا، لەبەرئەوەی کاتێك کورد دەبینێت بەشێك لەعەرەبی عێراق

> **کەرکوک بۆمبێکی تەوقیتکراو نییە، بەڵکو کەرکوک بەرەکەتێکە خوا بۆ گەلانی عێراقی بەدیاری ناردووە، ئەم یەکڕیزیەی داوای دەکەین دەتوانێت ئەو قەناعەتە لای عەرەبی عێراق دروستبکات کە گەڕانەوەی شارێکی وەک کەرکوک کە نموونەی عێراقێکی بچکۆلەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان**

که هاوڵاتـــی کەرکوکن و ئامادەن لەناو هەرێمــــی کوردســـتان بژین و بەشـــێك لەعەرەبی ناوچەکانی سەر بەپارێزگای موسڵ و بەشێك لەعەرەبەکانی مەندەلی و سەعدیە و خانەقین لەپارێزگای دیالە ئامادەن لەناو هەرێمی کوردستان بژین، ئیدی ئەو هەستە ناسیۆنالیستیەش لای کورد کاڵدەبێتەوە، کە هەموو ئامانجەکانی خۆی لەجیابوونەوە لەعێراقدا ببینێتەوە، کەواتە یەکڕیزی نێو ماڵی کورد دەتوانێت بەعەرەبـــی عێـــراق بڵێـــت، داواکاری ئاشـــتیانە و سیاســـیانەی ئێمـــە بـــۆ گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان بۆ ســـەر هەرێمی کوردستان، کارتێکی گەرەنتی بەلاشە ئێمە بۆ مانەوەی عێراق بەیەکپارچەیـــی پێشکەشتانی دەکەین، بەڵام پێداگرتنتان لەســـەر ئەوەی نابێت عـــەرەب لەگەڵ کورد بـــژی، مانای وایە ئێوە ڕێگەمان بۆ خۆش دەکەن، نابێت کوردیش لەگەڵ عەرەب بژی.

ئـــەم هەڵوێســـتە پێویســـتی بـــە بەگەڕخســـتنی لایەنی هێزی نەرمی لایەنە سیاســـییەکانی کوردستان هەیە، بەڵام هێزێکی یەکگرتـــوو، هامۆجین، یەکهەڵوێست، پێویســـتی بەقەناعەتێك هەیە کـــە گۆڕەپانی کەرکـــوك و ژێر ســـەقفی پەرلەمانـــی بەغـــدا، هۆڵی نمایشـــی ماســـولکەی هێـــزی لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان نییە بەرامبەر بەیەکتری، دەکرێت لەناو ٣ پارێزگاکەی هەرێمی کوردســـتان لایەنە سیا سییە کا ن هەمـــوو نمایشـــێکی دەرخســـتنی هێز بەرامبەر یەکتـــری بکەن، بەڵام ئەگەر لەناو کەرکـــوك و ناو هۆڵی پەرلەمانی عێراق ئەم کارە بکرێت، ئەوا پێمانخۆش بێت یان نە، خزمەتێکی بەلاش پێشکەشی کەسایەتیە ڕەگەزپەرستەکانی هاوشێوەی صالح موتڵەگ و ئوســـامە نوجێفی و ئەسیل نجێفی دەکەین.

## بۆچی تەنها هەڵبژاردنەکانی کەرکوک لەهەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی دیکە جیاوازبێت

ئێستا پێشنیارێك لەناو پەرلەمانی عێراق لەئارادایـــە کە هەڵبژاردنەکانی کەرکوك جیادەکاتەوە لەهەڵبژاردنەکانی تێکڕایی پارێزگاکانی دیکەی عێـــراق، ئەویش دابەشـــکردنی کەرکوکە بەســـەر چوار بازنەی هەڵبژاردن و بازنەکانیش بریتیتن لـــە (کـــورد، تورکمان، عـــەرەب، کلد وئاشور) مەبەست لەدروستکردنی ئەم چوار بازنەیـــە ئەوەیە کە ٣ بازنەی یەکەم (کـــورد، تورکمان و عەرەب) بەیەکســـانی ڕێژەی کورســـیەکانی ئەنجوومەنـــی پارێزگای کەرکوکیان بەسەردا دابەشـــبکرێت و ڕێژەی

**داواکاری ئاشتیانە و سیاسیانەی ئێمە بۆ گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، کارتێکی گەرەنتی بەلاشە ئێمە بۆ مانەوەی عێراق بەیەکپارچەیی پێشکەشتانی دەکەین**



٤./یش بۆ کلدوئاشوری تەرخانبکرێت، ئەم هەوڵە کە هەموو لایەنەکان دژی کورد پشتگیری لێدەکەن، پیلانێکە بۆ دابڕانی کەرکوك و ناوچەکانی دیکە لەهەرێمی کوردستان و درێژەدانە بەهەمان سیاسیەتی پێشووی ڕژێمی بەعس کە لەتەعریب و تەرحیل خۆی دەبینییەوە، ئەوەی جێگەی نیگەرانییە بۆ ئەم قۆناخەی ئێستای کورد ئەوەیە، کە هەموو لایەنەکان بەتایبەتی هەردوو بازنەی تورکمان و عەرەب لەناو پارێزگای کەرکووك دژی کورد یەکگرتوون و لەناو پەرلەمانی عێراقیش لەگەل ئەوەشی ئێمە هاوپەیمانیمان لەگەڵ چەندین لایەنی سیاسیی هەیە، بەڵام وەك لە ٢٢ی تەممووزی ٢٠٠٨ بینیمان پەرلەمانتارەکانی ئەو لایەنە سیاسیانەشی لەگەڵیان هاوپەیمانین دژی کورد دەنگدەدەن و پشتگیری لەبەعەرەبکردنی کەرکوك دەکەن، لەمەش جێگەی نیگەرانی تر ئەوەیە، ئێمە سوود لەڕابردوو وەرناگرین و تەنانەت ڕووداوێکی وەك دەنگدانەکەی ٢٢ی تەمموزی ٢٠٠٨ لەبیردەکەین، کە کورد یەکگرتوو بوو ئینجا لەناو پەرلەمان یاساکەی بەسەردا تێپەڕێنرا، کورد سەرۆك

**ئێستا جێگەی ئەوپەڕی نیگەرانییە کە ئێستا هەندێک لایەن بۆ موزایەدەی سیاسیی بانگەشەی ئەوە دەکەن، یەکڕیزی نێو ماڵی کورد لەناو کەرکوک تێکدەدەن**

کۆماری عێراق بوو، هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوك دواخرا، بۆیە ئێستا جێگەی ئەوپەڕی نیگەرانییە کە ئێستا هەندێك لایەن بۆ موزایەدەی سیاسیی و دەرخستنی ماسولکەی هێزی خۆیان، بانگەشەی ئەوە دەکەن، یەکڕیزی نێو ماڵی کورد لەناو کەرکوك تێکدەدەن، لەمەش خراپتر یەکڕیزی نێوان کورد و تورکمان و ئاشووری وکلدانیش تێکدەدن کە ئێستا لەچوارچوەی لیستی برایەتی پێکەوە کاردەکەن، مەترسی لێرەدا ئەوە نییە لیستێك لەئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك چەند کورسی دەباتەوە، بەشێك لەوانەی ئێستا بانگەشە بۆ لیستی جیاواز دەکەن و ڕەخنە لەئەدای لیستی برایەتی دەگرن، خۆیان هەڵسوڕاوی ناو لیستەکە و یەکێك بوون لەبەرپرسەکانی کەرکوك. بۆیە دەبێت ئەو بەرپرسە بەڕێزانە بزانن ئەگەر بەلیستی جیاواز دابەزن یان وەك بەشێك لەلیستی برایەتی، هێز و شکۆی دەنگی ئەو کەسانەیە کە دەنگیان داوە بۆ لیستی برایەتی و پشتیوانی ئەویش هەر ئەندامانی لیستی کوردستانی دەبن، ئەگەر لەو براوایەدان، کە ئێمە هیواداریین هیچ کوردێك بەو شێوەیە بیر نەکاتەوە، کە

بەرەی تورکمانی یان عەرەبی کەرکوك لەبەرئەوە نایەنەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان کە ڕەخنەیان لەسیاسەتی پارتی و یەکێتی هەیە، ئەوا ئەوان هەمان ڕەخنەشیان لەسەر ئەو لایەنەش دەبێت کە بانگەشەی گەڕانەوی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکات، هەندێك چاودێر وای دەبینن کە بەرەی تورکمانی لەسەر ڕاسپاردەی هەندێك ناوەندی تورکیا و عەرەبەکانی کەرکوك لەسەر ڕاسپاردەی عەرەبە شۆڤێنییەکانی عێراق و هەندێك دەوڵەتی عەرەبی، بەوجۆرە یاری لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەکەن، ئەگەر ئێوە دەنگتان هێنا ئێمە ئامادەین لەگەڵ ئێوە وتوێژی ئەوە بکەین کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەم شێوازە تەقلیدییەی سیاسیەتی پێشوەختەیە، یەکێکە لەو سیمایانەی کە سیاسەتی بەعسیەکانی عێراقی لە ١٩٦٣-٢٠٠٣ پێدەناسرێتەوە، بۆیە ڕاشکاوانە بەو سیاسەتمەدارانەی کورد دەڵێن، کە قسە خۆشەکانی بەرەی تورکمانی و عەرەبەکانی کەرکوك سەرمەستی کردوون، بابچن مێژووی سیاسیەتی بەعس لەگەڵ کورد بخوێنەوە، مێژوو دەڵێت پێش ئەنجامدانی هەر کودەتایەك

**ئەوەی گرنگە کە کورد خاوەنی یەکهەڵوێست و یەک ئیرادە بێت، ئەوجا خوای دەکرد یەک کەس دەنگی بە پارتی و یەکێتی نەدەدا**



هەوڵیانداوە کورد وەك کارتێك بەکاربهێن و هەموو کات پەیوەندیان بەکوردەوە کردووە، ئەگەر سەرکەوتین ئێمە مافەکانی کورد دەسەلمێنین، هەروەك چۆن لەسەردەمی ئۆپۆزسیونی عێراقیشدا لەهەولێر و سلێمانییەوە قسەی خۆشیان بۆ دەکردین، بەڵام کە چوونە بەغدا ئەوانە نەبوون کە لەهەولێر و سلێمانی میوانداری دەکران و قسەیان بۆ دەکردین، سەیرە کورد نزیکەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە گەیشتۆتە قەناعەت کە پێشوەختە رێککەوتن ناکات، ئەمەش واتە کورد خۆی ناکاتە پرد بۆ هیچ لایەك، بۆیە ئەگەر بەرەی تورکمانی و عەرەبی کەرکوك بەراستی هۆکاری دژایەتیان بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، خراپی هەڵسوکەوتی لیستی برایەتییە لەکەرکوك، با بەڕاشکاوی ئەمە رابگەیەنن و بڵێن ئێمە دەمانەوێت لەسەر هەرێمی کوردستان بین و لەگەڵ کورد بژین، بەڵام پێویستمان بەگەرەنتی دەستووری و پاراستنی مافەکانمان هەیە، ئێمە ئەو پرسیارە دەکەین ئایا لیستی برایەتی و هاوپەیمانی کوردستان و پارتی و یەکێتیش، رێگری ئەوە دەکەن بەرەی تورکمانی و عەرەبی کەرکوك خۆیان مافی خۆیان لەدەستووری هەرێمی کوردستان دیاریی بکەن؟ ئێمە لەم راپۆرتە کە هیچ بڕیار بەدەستنین و تەنها چاودێری بارودۆخەکە دەکەین، گەرەنتی ئەوە دەدەین، ئەگەر بەرەی تورکمانی و عەرەبەکانی کەرکوك رەخنەکانیان ئەمە بێت لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆیان جێبەجێ دەکات و ئەسڵەن مەسەلەی دابەشکردنی کورسیەکانی ئەنجوومەن و پارێزگاری کەرکوکیش کێشەیەك نابێت، لەمەش زیاتر دەکرێت کەرکوك وەك پارێزگایەك لەناو هەرێمی کوردستاندا، دەسەڵاتە لامەرکەزیەکەی لەپارێزگاکانی دیکەی کوردستانیش زیاتر بێت.

هەندێك کە پاکانە بۆ لیستی جیاواز دەکەن لەکەرکوك، وای پیشاندەدەن کە پارتی و یەکێتی ترسی ئەوەیان هەیە هەمان دەنگی پێشوو نەهێننەوە، بەڵام پارتی و یەکێتی ئەوەیان نە پێ شەرمە و نە لێشی دەترسن، هەڵبژاردنەکانی رابردووش ئەوەی سەلماند پارتی و یەکێتی ژمارەی کورسیەکانی پێشووی خۆیان نەهێنایەوە و دنیاش ئاخیر نەبوو، ئێستاش لەکەرکوك، ئەوەی گرنگە کە کورد خاوەنی یەکهەڵوێست و یەك ئیرادە بێت. ئێمە لەم راپۆرتە رێگە بەخۆمان دەدەین قسە لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین، بەخوێنەرانی ئەم راپۆرتە دەڵێین، پارتی هۆکارێکە بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پارتی لەکەرکوك پیرۆز تر نییە، بەڵکو هەموو کات پارتی چارەنووسی خۆی بەقوربانی کەرکوك کردووە، بۆیە ئەگەر بەوجۆرە پارتی دەخوێنرێتەوە، کە پارتی خەمی ئەوەیەتی چوار دەنگ کەمتر لەکەرکوك دێنێت، ئەوا مێژوویان بەبیر دەهێنینەوە و دەڵێین لەساڵی ١٩٧٤ حکومەتی بەعس بەتەواوی ئیعترافی بەوە کرد کەرکوك کوردستانە بەڵام دەبێت سەر بەمەرکەز بێت، ئەمە مانای ئەوەیە بەعس هەموو کەرکوکی دا بەپارتی (لەبەرئەوەی ئەوکات تەنها پارتی هەبوو) بەڵام لەبەرئەوەی کەرکوك نەگەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان، پارتی شەڕی دەستپێکردەوە و شۆڕشێك و پارتیشی کرد بەقوربانی کەرکوك. ئەمە مێژوویەکە بۆتە ئەو هێڵە سوورە بارزانی نەمر دیاریکردووە، مەسەلەی کەرکوك لەهەموو لایەنە سیاسییەکان گەورەتر و پیرۆزترە، یاریکردن لەسەر دۆسیێ کەرکوك ئەگەر ئێستاش قەبووڵ بکرێت، نەوەکانی ئاییندە لێمان قەبووڵ ناکەن.

**لەساڵی ١٩٧٤ حکومەتی بەعس بەتەواوی ئیعترافی بەوە کرد کەرکوک کوردستانە بەڵام دەبێت سەر بەمەرکەز بێت، ئەمە مانای ئەوەیە بەعس هەموو کەرکوکی دا بەپارتی (لەبەرئەوەی ئەوکات تەنها پارتی هەبوو) بەڵام لەبەرئەوەی کەرکوک نەگەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان، پارتی شەڕی دەستپێکردەوە و شۆڕشێک و پارتیشی کرد بەقوربانی کەرکوک**

**یاریکردن لەسەر دۆسیێ کەرکوک ئەگەر ئێستاش قەبووڵ بکرێت، نەوەکانی ئاییندە لێمان قەبووڵ ناکەن**



پارێزگای کەرکوک بەدرێژایی مێژووی عێراق هۆکاری ناسەقامگیری عێراق بووە، هەموو کێشە و ناکۆکیەکانی عێراق و هەموو شۆڕشەکانی کورد لەپێناوی کەرکوک هەڵگیرساون هەر لەپێناوی کەرکوک دامرکاونەتەوە لەهەموویان گرنگتر شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، بۆیە چۆن مانەوەی چارەسەرنەکردنی کێشەی هۆکارێکە بۆ ناسەقامگیری هەموو عێراق، چارەسەرکردنیشی هۆکارێکە بۆ سەقامگیری هەتا هەتایەی عێراق، خەڵکی کەرکوک ئەگەر دەستی دەرەکی وازیان لێ بهێنێ ئامادەن لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستان پێکەوە بژین،

راستە کەرکوک لەپێکهاتەی جیاواو پێکهاتووە بەڵام لەنێو ئەم پێکهاتە جیاوازانە خزمەیاتی و ژن و ژن لەنێوانیاندا هەیە، ئێستا لەکەرکوک هیچ ئاڵۆزیەك نییە، بەڵام لەناو پەرلەمانی عێراق پێشنیاری جۆراوجۆر بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکوک دەخرێتەڕوو، هەروەها دەنگوباسی ئەوەش هەیە کە لایەنە سیاسیە کوردیەکان بەلیستی جیا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی کەرکوک و پێشنیاری کردنی کەرکوک بەچوار بازنەی هەڵبژاردن، بەڕێز عەبدولرەحمان مستەفا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



## عەبدولرەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکوک بۆ گوڵان:

# بنەمای هەموو سەرکەوتنێک یەکهەڵوێستییە، بۆیە یەک لیستی لەهەموو رێگەچارەکان باشترە



*** بارودۆخی کەرکوک لەهەموو ناوچەیەکی دیکە هەستیارترە و هەڵبژاردن نزیکبۆتەوە و کۆمەڵێك گرفت هەیە و هەوڵدەدرێت هەڵبژاردنی کەرکوک جیابکرێتەوە لەشارەکانی دیکە، ئایا چۆن وەسفی بارودۆخی کەرکوک دەکەیت لەم هەلومەرجە ناسکەدا؟**

- لەڕاستیدا من نازانم لەسەر چ بنەمایەك و لەبەر چ هۆکارێك بارودۆخی کەرکوك بەهەستیار دادەنرێت، هەموو ئەوانەی باس دەکرێت لەنێوان کوتلە پەرلەمانیەکانی عێراقدا باسی لێوەدەکرێت. خەڵکی کەرکوك بەتێکڕایی پێکهاتە و نەتەوەکانیەوە هەست بەبرایەتی و تەبایی و یەکگرتوویی دەکەین و بڕیاری پێکەوژیانیان داوە و پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەیە، هەر لەپەیوەندی خزمایەتی و ژنخوازی و دراوسێیەتی و کارکردن لەدامودەزگاکاندا، کەرکوکیەکان بۆ جیهانیان سەلماندا کێشەیان نییە لەگەڵ

یەکدا و ئەمانە بەڵگەی زیندوون کە کۆمەڵگەی کەرکوك کۆمەڵگەیەکی ڕێك و تەبایە، ئەوەی هەیە بیروبۆچونی جیاوازە لەنێوان سیاسیەکاندا، دواتر ئێمە پێمانوایە دەبێت وەك هەر شارێکی دیکەی عێراق هەڵبژاردن لەکەرکوکدا ئەنجامبدرێت و ناکرێت یاسایی تایبەتی بۆ دەربکرێت، یان بکرێتە چوار بازنە، ئەوە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کەرکوکن، ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانیش زۆر گرنگن بۆ ئەم شارە و ئەگەر هەڵبژاردنیش ئەنجامنەدرێت ئەوا هەر خەڵکی کەرکوك زەرەرمەند دەبن و پێموایە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئەمنی کەرکوك لەبارە بۆ هەڵبژاردن و پێویست ناکات مەسەلەکان ئاڵۆزبکرێن.

*** ئایا مەسەلەی دابەشکردنی کەرکوك بۆ چوار بازنە چیە؟**

- لەڕاستیدا ئێمە دژی ئەم پێشنیارەین کە ئەوەی لەخۆگرتووە کەرکوك بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن و هەر و نەتەوەیەك نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت، ئێمە پێمانوایە ئەمە جیاکردنەوە و دابڕینی نەتەوەکانە لەیەکتری، ئەمە لەبری ئەوەی ئێمە بێین گیانی برایەتی لەنێوان نەتەوەکان بەهێزبکەین و زیاتر لەیەکیان نزیکبکەینەوە، ئێمە لێکیاندووردەخەینەوە، دواتر خەڵکی کەرکوك ئازادە دەنگ بەهەر کەسێك بدات و و مەرج نییە تەنها دەنگ بۆ ئەو کەسە بدات کە سەر بەنەتەوەکەی خۆیەتی، خەڵکی کەرکوك دەنگ بەو کەسە دەدەن کە ببێتە بەرپرس و نوێنەریان کە پێیانوایە باشترین خزمەت بەبەرژەوەندیەکانیان دەکات

*** باشە خۆ هەر تەنها کەرکوك دانیشتوان و پێکهاتەیەکی تێکەڵی نییە، بۆچی تەنها ئەم پێشنیارانە بۆ شاری کەرکوك دەکرێت؟**

- لە ڕاستیدا پرسیارەکە لێرەدایە، ئەمە جێی سەرسوڕمانی ئێمەیە، لەبەرئەوەی شار و ناوچەی دیکەش لەعێراقدا هەن فرە نەتەوەن، بۆچی تەنها ئەم تەرحانە بۆ کەرکوك دەکرێت، من پێموایە هیچ پێویست بەم پێشنیارانە ناکات و ئەمە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کەرکوکە، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، جیاوازی بیروبۆچونی سیاسیەکان ڕەنگدانەوەی سلبی لەسەر شەقامی کەرکوك نەبووە، ئێوە بچنە هەر دەزگایەکی حکومی، هەر بازاڕ و کۆڵان و گەڕەکێك ئەوە بەدی دەکەین کە خەڵکی وەك برا پێکەوە دەژین و هەست بەهیچ جیاوازیەك ناکەیت لەنێوانیاندا. لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە باس لەوە دەکرێت کەرکوك بەرمیلە باروتە و دەتەقێتەوە، بەڵام خەڵکی کەرکوك سەلماندیان هیچ کێشەیەك نییە لەنێوانیاندا و کەرکوك وەك ئەو دەستەگوڵە وایە کە هەمیشە ئاماژەی پێدەکەین و پێکهاتەکانی ئەم شارە زۆر ڕێکن لەگەڵ یەکدا.

*** تا چ ڕادەیەك لەڕۆڵی کورد ڕازیت لەکەرکوکدا، بەتایبەتی باسی ئەوە دەکرێت کورد بەلیستی جیاواز بەشداری دەکات؟**

- لەڕاستیدا ئەساسی هەموو سەرکەوتنێك یەکگرتنە، هەمو لیست و نەتەوەیەك بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت دەبێت یەك دەنگ و یەکریز و یەك هەنگاو بێت و دەبێت خیتابی سیاسیمان یەك بێت و تەنانەت ئەگەر لیستی جیاوازیش هەبێت، دەبێت خیتابی سیاسی کورد یەکگرتوو بێت، هەرچەندە من پێموایە یەك لیستی لەهەموو ڕێگاچارەکانی دیکە باشترە.

*** بەڵام ئێستا ئەوە ساخ بۆتەوە کە لیستی دیکە بەشداری دەکات و لیستی کوردستانی کەرت دەبێت، ئایا ئەمە تا چەند زیان لەپێگەی کورد دەدات لەو شارەدا؟**

- من هیوادارم ئەگەر لیستی جیاوازیش هەبێت، دواتر لەئەنجومەنی پارێزگا و پەرلەمانی عێراقدا یەکهەڵوێست و یەکهەنگاو بن و خیتابی سیاسیان یەکبێت.

*** گلەیی زۆر لەئەدای لایەنە کوردیەکان دەکرێت کە نەیانتوانیوە وەك پێویست پشتگیری خەڵکی کەرکوك بکەن، ئێوە وەك پارێزگای ئەو شارە بیروبۆچونت چییە؟ ئایا ئەمە واقیعە یان تەنها پروپاگەندەی خەڵکانێکی دیاری کراوە؟**

- لەواقیعدا ڕەنگە کەموکورتی لەهەموولایەك هەبێت و لەڕاستیدا گلەییەکی زۆر لەهەموو لایەك دەکرێت، پارتە سیاسییەکان کاری ڕۆژانەی خۆیان دەکەن و ئیدارەی شارەکەش کارەکانی خۆی ئەدا ئەکات، ئێمە ئەگەر لەسەر ئاستی هەمو عێراق لەمەسەلەکە بڕوانین ئەوا گلەی لەهەموو لایەك هەیە، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای هەر لایەك دەبێت لەناو چوارچێوە گشتیەکەدا ئەو هەڵسەنگاندنە بکەیت، بۆ نموونە ئەگەر پارێزگای کەرکوك وەربگرین، نابێت بەو شێوەیە لێی بڕوانین کە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە و توانای ئەنجامدانی هەموو کارێکی هەیە، لەبەرئەوەی ئێمە لەڕووی بودجە و ڕێنمایی و یاسا و ڕێساکانەوە گرێدراوین بەحکومەتی عێراقیەوە و کارەکانمان لەگەڵ وەزارەتەکانی ئەو حکومەتەدایە.

*** ڕاستە کەرکوك لەڕووی یاساییەوە پەیوەستە بەحکومەتی مەرکەزیەوە، بەڵام هەندێ گلەییەکانیان ئاڕاستەی یەکێتی و پارتی دەکەن، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- من پێم خۆشە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ئەو کەسانە بکرێت کە ئەم گلەییە دەکەن.

*** ئەمەریکیەکان بوونیان هەیە لەکەرکوکدا و ئێمە ئومێد دەکەین ڕۆڵێکی ئیجابی ببینن، ئایا چۆن هەڵوێستی ئەوان هەڵدەسەنگێنیت؟**

- هەڵوێستی ئەوان هەڵوێستێکی یارمەتیدەرە، ئەوان بەردەوام دانیشتنیان هەیە لەگەڵ تێکڕایی لایەنە سیاسییەکان و کوتلەکانی ناو ئەنجومەندا بۆئەوەی بیروبۆچونی لایەنەکان لێکزیبکەنەوە تاوەکو بگەنە چارەسەرێك بۆ کێشەکان، هەروەها ئەوان یارمەتیدەر و هاوکاری پارێزگای کەرکوکن لەجێبەجێکردنی پرۆژەکان، بەڵام بەهیچ شێوەیەکی دەستێوەردان لەدەسەڵاتی پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگادا ناکەن.

ئەگەر هەڵبژاردنیش ئەنجامنەدرێت ئەوا هەر خەڵکی کەرکوك زەرەرمەند دەبن و پێموایە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئەمنی کەرکوك لەبارە بۆ هەڵبژاردن و پێویست ناکات مەسەلەکان ئاڵۆزبکرێن

*** هەڵوێستتان چییە لەسەر نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کێشەی کەرکوك، بەتایبەتی کە بەم دواییە نوێنەری تازەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەم ئەرکە دیاری کرا؟**

- نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە کەرکوك و لەگەڵ تێکڕای لایەنەکاندا کۆبوونەوەی ئەنجامدا و لەگەڵ ئێمەشدا وەك لایەنی ئیدارە دانیشتنی کرد، ئێمە زۆر بەڕاشکاوی ڕاوبۆچونی خۆمان پێی ڕاگەیاند کە نابێت چیتر دەستوور و یاسا و بڕیارەکان تەنها لەسەر کاغەز بمێننەوە و دەبێت لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکرێن، چونکە ئێمە پێشتر کاتێکی زۆرمان بەفیڕۆدا و کاتی ئەوە هاتووە چارەسەرەکان جێبەجێبکرێن، هەرچەندە ئەوان لایەنی بڕیاردەرنین، ئەوان تەنها لایەنی ئاسانکار و یارمەتیدەرن و تەنها لەڕووی لۆجیستی و هونەرییەوە یارمەتی خەڵکی عێراق دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوان ڕۆژی پێنجەشەممە لەگەڵ تێکڕایی لایەنەکاندا کۆبوونەوەیان کرد و ڕەنگە ئەوان ڕاپۆرتی خۆیان بەرزبکەنەوە، بەڵام ئەوە تەنها پێشنیار لەخۆدەگرێت، نەك بڕیار، ئێمە لەدانیشتنەکەماندا جەختمان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و ئەنجامدانی ئامارکردەوە، لەگەڵ چارەسەرکردنی دۆخی ئابووری لەشارەکەدا، لەبەرئەوەی باشترکردن و چارەسەرکردنی بارودۆخی ئابووری دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەمنی و سیاسییەکانی شارەکە، ئێمە زیاتر تەرکیزمان لەسەر ئەم خاڵە کردووە، داوامان کرد یامەرتیدەرمان بن بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان، بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاو و کارەبا و یارمەتیدانمان لەبواری خوێندنی باڵا و خزمەتگوزارییەکانی دیکەدا، چونکە ئێمە دەزانین هەموو لایەنەکان کاریگەری سلبی یان ئیجابیان لەسەر لایەنەکانی دیکە هەیە، ئەگەر بارودۆخی ئابووری باشبێت ئەوا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی باشیشی دەبێت لەسەر لایەنی سیاسی و ئەمنی و بەپێچەوانەشەوە.

*** تا چ ڕادەیەك گەشبینیت بەوەی ئەمجارەش هەوڵەکانی جیاکردنەوەی کەرکوك لەشارەکانی دیکە و سەپاندنی مەرجگەلێکی دیاریکراو و کاریگەری دەستی دەرەکی سەرنەگرێت؟**

- لەڕاستیدا من ناتوانم گەشبینی خۆی بخەمەڕوو، من هیوادارم

**لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە باس لەوە دەکرێت کەرکوک بەرمیلە بارووتە و دەتەقێتەوە، بەڵام خەڵکی کەرکوک سەلماندیان هیچ کێشەیەک نییە لەنێوانیاندا و کەرکوک وەک ئەو دەستەگوڵە وایە کە هەمیشە ئاماژەی پێدەکەین**



کارەکان بەم ئاڕاستەیەدا نەڕوات، بەڵام لەبەرئــەوەی ئەوەندە یاســا و بڕیارمان بینی کە جێبەجێنەکران، ئەوا من ناتوانم گەشــبینیم خۆم لەم ڕووەوە بخەمەڕوو، من ئومێدەوارم ئەمجارەیان مەسەلەکان ئاڕاستەیەکی ئیجابی بگرنەبەر. چونکە مانەوەی بارودۆخی کەرکوك بەم شێوەیە زیان بەتێکڕایی پێکهاتەکانی شــارەکە دەگەیەنێت، بــۆ نموونە ئەنجامنەدانی هەڵبــژاردن لەکەرکوکــدا زیانــی بەحکومەتی مەحەلی شارەکە گەیاند، لەبەرئــەوەی ئێمــە نەمانتوانــی ئەو دەســەڵاتانە پیادە بکەین کە لەماددەی ٢١ ســاڵی ٢٠٠٨دا هاتووە، واتە ئێستا دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگا و خودی پارێزگا زۆر کەمترە لەو دەســەڵاتەی پارێزگاکانی دیکــە هەیانە بەپێی ئەو یاســایەی ئاماژەم پێکــرد، ئەمە زیان بەخەڵکی کەرکوك دەگەیەنێت، چونکە زۆرجار ئێمــە بەبوێری خۆمان کارەکان ئەنجامدەدەیــن. هەروەها مەســەلەی ئەنجامنەدانی ئامــار، ئەمەش زیانی لێداویــن، لەبەرئەوەی بودجە لەســەر بناخەی ژمارەی دانیشــتوان دەکرێت، بەپێی ئەو زانیاریانەی لامانە ژمارەی دانیشــتوانی کەرکوك لە ١،٣٥٠،٠٠٠ کــەس تێپەڕی کردووە، بــەڵام بە پێی زانیاریەکانــی وەزارەتــی پلاندانان کە ئێمە داوای ڕاســتکردنەوەمان کردوە و ڕاستنەکراونەتەوە، ژمارەی دنیشتوانی شــارەکەی بــە ١،١٤٨٠،٠٠٠ کەس داناوە، واتە ئێمە بەشی نزیکەی زیاتر لە ٢٠٠،٠٠٠ کەسمان لەدەستچووە، ئەمە بەشێکی گەورەی بودجەی پارێزگاکەیە کــە لەدەســتمانچووە، هەروەها ئەگەر ئاماربکرێت دەزانین کە چەند قوتابخانە، نەخۆشــخانە و کۆلێژمان پێویســتە، چەند کارەبا و ئاو و خانومان پێویســتە لەشــارەکەدا، واتە دەتوانیــن پلان بۆ گەشەپێدان و چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە دابنێین.

*** دوا پەیامــت چییــە بــۆ خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان؟**

- من پێموایە نەك هەر لەکەرکوك، بەڵکو لەهەموو لایەك دەبێــت یەکگرتووبین، یەکڕیــز و یەکهەنگاو و یەکهەڵوێســت بین، ئەوە ئەساسی سەرکەوتنمان دەبێت و دەبێتەهۆی گەیشتنمان بەئامانجەکان و گەشــەپێدانی وڵات و شارەکانمان و ئەگەر بکرێت یەك لیســت بین باشترە و ئەگــەر نەکــرا، ئــەوا دەبێت دوای هەڵبژاردنــەکان یەك هەنــگاو و یەك هەڵوێست بین، بەپێچەوانەوە دوا دەکەوین و زیانێکی گەورەمان لێدەکەوێت.

**ئەگەر بکرێت یەک لیست بین باشترە و ئەگەر نەکرا، ئەوا دەبێت دوای هەڵبژاردنەکان یەک هەنگاو و یەک هەڵوێست بین، بەپێچەوانەوە دوا دەکەوین و زیانێکی گەورەمان لێدەکەوێت**





پرۆفیسۆر تید گەلن كارپنتەر یەكێكە لەتوێژەرە ستراتیژییە بەناوبانگەكانی ئامۆژگای بەناوبانگی كاتۆ و، پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا بەگشتی لەسەر عێراق و ئەفغانستان و بە تایبەتیش لەسەر عێراق، كارپینتەر لەسەر ئاستی جیهان وەك یەكێك لە شرۆڤەگەرە دیارەكانی جیهان ناسراوە و، بەردەوام لە لایەن میدیاكانی ئەمەریكاو جیهانەوە بۆ شرۆڤەی كێشە گەرمەكان پەیوەندی پێوە دەكرێت، هەروەها بەردەوامیش بۆچوونەكانی خۆی لە رۆژنامەكانی واشنتۆن پۆست، نیویۆرك تایمز بڵاودەكاتەوە، سەبارەت بەسیاسەتی ئەمەریكا لەعێراق و چۆنییەتی چارسەركردنی كێشەی كەركوك. پرۆفیسۆر كارپێنتەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

## تید گەلن كارپنتەر پسپۆر لەسەر سیاسەتی ئەمەریكا لەعێراقدا بۆ گوڵان:

# بۆئەوەی ئاشتی و سەقامگیری لەعێراقدا بچەسپێ دەبێت كێشەی ناوچە جێناكۆكەكان چارەسەربكرێت

*** چارەسەركردنی كێشەكانی عێراق، بەكێشەی كەركووكیشەوە بەندە بەوەی چۆن ئیدارەی سەرۆك ئۆباما عێراق لە سیاسەتی خۆیدا پۆلێن دەكات، ئایا بەڕای ئێوە ئێستا لەسیاسەتی ئۆبامادا ئەولەویەتی عێراق چۆنە؟**

- سەرۆك ئۆباما هیواداره بتوانێت پابەندبێت بە خشتەی زەمەنی كشانەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا، بۆ ئەوەی بتوانێت لە كۆتاییدا تێكڕای ئەو هێزانە بكشێنێتەوە، بەڵام ئێمە بارودۆخێكی ناسەقامگیرمان بینی دوای پاشەكشەی هێزەكانی ئەمەریكا لە شارەكاندا، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم بارودۆخە بەمشێوە بەردەوام بێت ئەوا ڕەنگە فشارەكان



گوڵان
ژمارە (٧٥١)
٢٠٠٩/١٠/٥

زیاتر بن لەسەر ئیدارەی ئۆباما بۆ دوواخستنی ئەو کشانەوەیە.

*** بایێنە سەر کێشەی کەرکوک بە شێوەیەکی تایبەتی، هەتا کێشەی کەرکووک چارەسەر نەکرێت واتە کێشەی کورد لە عێراقدا چارەسەر نەبووە، ئایا ئەمەریکا تاچەند بایەخ بەم کێشەیە دەدات؟**

- لە ڕاستیدا زۆر زەحمەتە کێشەی کورد بە شێوەیەکی گشتی وەك کێشەیەکی ناوخۆیی چارەسەربکرێت، واقیعەکە ئەوەیە هەندێ لە کێشەکان بوعدێکی نێودەوڵەتیشیان وەرگرتووە، بۆ نموونە کێشەی کەرکووك، ئێمە دەزانین مەسەلەکە تەنها ئەوەنییە ئایا دەبێتە بەشێك لە هەرێمی کوردستان یان نا، بەڵکو لێرەدا دەبێت بزانین ئەمە پەیوەندی بە وڵاتێکی وەك تورکیاشەوە هەیە، چونکە کۆنترۆڵکردنی کەرکووك و نەوتی شارەکە لە لایەن کوردەکانەوە لە ڕوانگەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی تورکیاوە مایەی قبوڵکرن نییە، کەواتە هەر ئەم بایەخدان و نیگەرانبوونەی تورکیا خۆی لە خۆیدا کێشەکە دەکاتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك پێویستە بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق؟**

- من پێم وایە بۆ ئەوەی عێراق لە ئاشتی و سەقامگیریدا بێت، دەبێت کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان چارەسەربکات، هەروەها دەبێت دەوڵەتانی دراوسێش هەڵوێستی خۆیان ئاشکرابکەن لە ئاست هەرێمی کوردستاندا، ئێمە دەزانین کوردستان تەنانەت مافی سەربەخۆبوونیشی هەیە، بەڵام ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە لە ئێستادا. لە ڕوانگەی ئەمەریکاوە هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەکی گەورە سەقامگیرترین بەشی عێراقە، بەڵام ئەمەریکا نیگەرانە لەوەی ناکۆکییەکان ببنەسەرچاوەی دروستبوونی ناسەقامگیری و سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان کورد و عەرەبەکاندا، لەبەر ئەوەی بە ووردی چاودێری بارودۆخەکە دەکات.

*** بەڕای بەرێزت، ئایا ئەمەریکا چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك دەکات بە قوربانی سەقامگیری، یان بۆچی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك لەو چوارچێوەی سەیر دەکرێت، بۆچی ئەم دوو مەسەلەی لێکجیاکردۆتەوە؟**

- من پێم وانییە ئەم دوو مەسەلەیەمان بە تەواوەتی لێکجیاکردبێتەوە، ئەمەریکا هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێك دەدات بۆ کێشەکە، ئێمە دەزانین نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە ناو پرۆسەکەوە پێشنیاری خۆی خستەڕوو کە بریتی بوو لەوەی کەرکووك دۆخێکی تایبەتی پێبدرێت، نە لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە ئیدارە بکرێت و نە ڕاستەوخۆش لە لایەن حکومەتی عێراق بەڕێوەببردرێت، واتە نیمچە سەربەخۆییەکی هەبێت، بەڵام ئەمە نە لە لایەن کوردەکان و نە لە لایەن سەرکردە سیاسییەکانی بەغداوە قبوڵکرا، ئێستا ئەمەریکا خوازیاری هێنانەدی چارەسەرێکی کە لە یەك کاتدا کوردەکان لە هەرێمی کوردستان و عەرەبەکانی بەغدا و هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناتۆ- تورکیا، پێی ڕازیبن، من پێم وانییە ئەمە شتێکی مومکین بێت.

*** لە بەر ئەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبێتەوە، ئەوا تێکڕای لایەنەکان کەرکووك وەك کارتێکی سەرەکی بەکاردەهێنن، بە تایبەتی لایەنە عەرەبەکان بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران کەرکووك بە شارێکی عەرەبی وەسف دەکەن، ئایا چۆن بتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلو مەرجە مەترسیدارەدا بکەین؟**

- من پێم وایە ئەم تاکتیکە مایەی نیگەرانییە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی وروژاندن و خولقاندنی گرژی و ئاڵۆزی ئیتنی، بە چەشنێك ئەگەر دوواتریش سەرکردە و سیاسییەکان بیانەوێت بارودۆخەکە هێوربکەنەوە ناتوانن، لەبەر ئەوەی هەست و هەڵچوونی ئیتنی و دەمارگیری خەڵکیان وروژاندووە، لەبەر ئەوە من باوەڕم وایە ئەمە مایەی گرفت و مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە.

*** ئێمە دەبینین بەردەوام تورکیا دەستێوەردان لە کێشەی کەرکووکدا دەکات، ئەویش لە ڕێی پشتگیریکردنی تورکمانەکانی کوردستان و عێراقەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ڕێگە لە دەستێوەردانی تورکیا بگرین لەم ڕووەوە؟**

- زۆر زەحمەتە وا لە تورکیا بکەین ئەم دەستێوەردانەی ڕابگرێت، ئێمە دەزانین لە ماوەی ٧ بۆ ٨ ساڵی ڕابردوودا دەسترۆیشتووی کاریگەری ئەمەریکا لەسەر تورکیا داکشاوە، هەروەها تورکیا پاساوی دەستێوەردانی خۆی لەم کێشەیەدا بۆ دوو پاڵنەر و هۆکار دەگەڕێنێتەوە، یەکەمیان لە ڕوانگەی ئەنقەرەوە بۆ پاراستنی تورکمانەکانە، دوووەم بۆ ئەوەی ڕێگە بە کوردەکان نەدات داهاتێکی گەورەی نەوتی کەرکووکیان دەستکەوێت، چونکە ئەمە دەبێت بناغەیەك بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆیی و ئەمری واقیع لە کوردستان، تورکیا ئەمە بە سەرچاوەی هەڕەشە دەزانێت بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکەی، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی ڕاکێشانی سەرنجی کوردەکانی وڵاتەکەی، کەواتە زۆر زەحمەتە، ئەگەر نەڵێن مەحاڵە ئەمەریکا بتوانێت تورکیا ناچاربکات دەست لەم دەستێوەردانە هەڵبگرێت.

*** ئێمە دەزانین زۆربەی هۆکارەکانی ناسەقامگیری عێراق لە دەوڵەتە دراوسێکانەوەیە، بۆ نموونە سعودییە دژی حکومی شیعەکانە لە عێراقدا، بەو پێیە خوازیاری ئەوەیە سوننەکان کۆنترۆڵی کەرکووك بکەن، لەبەر ئەوە هەوڵدەدا ڕێگە لەچارەسەرکردنی بگرێت، هەمان پرسیاری پێشو بەڵام ئەمجارەیان بە نیسبەت سعودیەوە چۆن دەتوانین ئەم دەستێوەردانە ڕابگرین؟**

- بە هەمان شێوەی تورکیا کۆتایهێنان بە دەستێوەردانی سعودییەش کارێکی زەحمەتە، واقیعەکە ئەوەیە بارودۆخێك لە عێراقدا لە ئارادایە کە وڵاتانی سعودییە، ئێران و تورکیا پێیان وایە عێراق بۆتە گۆڕەپانێك بۆ ململانێی دەسەڵات و بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندا نەتەوەییەکانی خۆیان لەم وڵاتەدا،

**کۆنترۆڵکردنی کەرکووک و نەوتی شارەکە لە لایەن کوردەکانەوە لە ڕوانگەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی تورکیاوە مایەی قبوڵکرن نییە**

ئەمەریکا نیگەرانە لەم ڕووەوە، بەڵام دەبێت کاری زیاتر و کۆششی زیاتر بکات بۆ چارەسەرکردنی.

*** ئایا هۆکاری بەرهەڵستی نەکردنی ئەمەریکا بۆ ئەم دەستێوەردانانە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە بە تەواوەتی لە عێراق بکشێتەوە؟**

- ئەمەریکا خوازیارە دەوڵەتە دراوسێکان کۆتایی بە دەستێوەردانەکانیان بهێنن، بەڵام ئەم وڵاتانە ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوە کە ڕۆژێك دێت ئەمەریکا لەو وڵاتە بکشێتەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێستاش بوونی ئەمەریکا تا ڕاددەیەك سنوور بۆ دەستێوەردانەکانیان دابنێت، ئەوا دووای ڕویشتنی ئەمەریکییەکان دووبارە هەوڵی گەڕانەوە دەستێوەردانی زیاتر دەدەن، ئێمەش دەزانین بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کاریگەرییەکانی لەسەر تورکیا و سعودییە کەم دەبێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە ئێستادا ئەمەریکا هیچ دەسترۆیشتوویەکی بەسەر ئێرانەوە نییە.

*** ئێمە وەك کورد لە عێراقدا دەست لە مافە دەستوورییەکانی خۆمان هەڵناگرین، دەشزانین حکومەتی عێراق ئەگەر بۆی بلوێت بە ئاسانی دەستووری عێراق جێبەجێ ناکات، ئایا تاچەند ئەمەریکا لەم حاڵەتەدا و بۆ جێبەکردنی دەستووری عێراق پشتگیری کورد دەکات؟**

- ئەمەریکا نیگەرانە لەوەی هەر چارەسەرێك بۆ کێشەی کەرکووك بدۆزێتەوە ئەوا دەبێتەمایەی ناسەقامگیری، چونکە هەر لایەنێك خۆی بە دۆڕاو بزانێت ئەوا کاردانەوەی دەبێت، لە لایەکی دیکەوە دەبێت ئەوە بزانین زۆرینەی خەڵکی ئەمەریکا لەگەڵ کشاندنەوەی هێزەکانن لە عێراقدا، هەروەها زۆرێك لە لایەنە عێراقییەکان ئەزانن ئەمەریکا لە ماوەیەکی کەمی داهاتوودا دەکشێتەوە، لەبەر ئەوە خۆیان بە ناچار نازانن قسەکان ئەمەریکا لەبەرچاو بگرن، حاڵی حازر مالیکی لە زۆر بواردا هەڵویستی ئەمەریکا پشتگوێ دەخات. بەڵام ئەمەریکا خوازیارە ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت، بەڵام زۆر کەس لە ئەمەریکا پێیان وایە چارەسەرێك لە ئارادانییە هەمو لایەك ڕازی بکات، بۆ نموونە ئایا چ هەڵویستێك هەیە ئەمەریکا بیگرێتەبەر نەبێتەهۆی توڕەکردنی هەرێمی کوردستان، یان حکومەتی بەغدا، یان تورکیا کە هاوپەیمانێتی، ئەمەریکا خوازیاری یەکلابوونەوەی ئەم کێشەیەیە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە ئاماژەم پێکرد.

*** دووا وتە چییە؟**

- هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی سیاسی و ئابووری گەورەی بەخۆوە بینیوە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بێت، دەوڵەتەکانی دەوروبەری دەوڵەتگەلێکن دژایەتی دەکەن، ڕوونە کە ئێران و تورکیا دۆستی کورد نین، هەروەها دەوڵەتە عەرەبییە دراوسێکانیش عێراقیش بە هەمان شێوە، لەبەر ئەوە دەبێت زۆر ووریابن لەو سیاسەتانەی دەیگرنەبەر، هەروەها دەبێت هەموو کارێکی پێویست بکەن بۆ پاراستنی ئۆتۆنۆمییەکەیان، لەبەر ئەوەی لە دەوروبەرێکی ناسەقامگیردان.



کوردستان تەنانەت مافی سەربەخۆبوونیشی هەیە، بەڵام ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە لە ئێستادا

ئەمەریکا خوازیاری هێنانەدی چارەسەرێکی کە لە یەک کاتدا کوردەکان لە هەرێمی کوردستان و عەرەبەکانی بەغدا و هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناتۆ- تورکیا، پێی ڕازیبن، من پێم وانییە ئەمە شتێکی مومکین بێت



پرۆفیسۆر لیم ئەندرسۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی رایت ستەیت و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر چارسەرکردنی کێشە ئیتنییەکان، ئەمساڵیش لەگەڵ پرۆفیسۆر گاریس ستاندفیلد کتێبێکیان نووسیوە بەناونیشانی تەنگژەی کەرکووک، پرۆفیسۆر ئەندرسۆن یەکێک بوو لەو ئەکادیمیانەی کە بەشدار بوو لەکۆنگرەی چاتام هاوس سەبارەت بەچارسەرکردنی کێشەی کەرکووک و ئاییندەی کەرکووک، بۆیە بەپێویستمانزانی سەبارەت بەم کێشەیە چەند پرسیارێك ئاراستەی بکەین، پرۆفیسۆر ئەندرسۆن بەمجۆرە بۆ گوڵان قسەیکرد.

**پرۆفیسۆر لیم ئەندرۆسۆن، پسپۆر بەسەر دۆسێی کەرکووک بۆ گوڵان:**

# دەبێت سەرکردایەتی کورد هەڕەشەی ئەوەبکات ئەگەر کەرکووک نەگەڕێتەوە سەر کوردستان جاڕی سەربەخۆیی دەدەن

*** کێشەی کەرکووك بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، بە تایبەتی کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەستێوەردانی کردووە، هەروەها ئەمەریکاش جەخت لەسەر چارەسەرکردنی دەکاتەوە، ئێمەش دەزانین هەر کاتێك کێشەیەکی ناوخۆی بووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی چارەسەرکردنی ئاسان نابێت، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- جگە لەو ڕاستییەی کە هەمیشە نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕەوتێکی سست کارەکان جێبەجێ دەکات، ئەوا کێشە ڕاستەقینەکە ئەوەیە تەنها کوردەکان خوازیاری ئەوەن ئەم کێشەیە بە زووترین کات چارەسەربکرێت. تاوەکو زیاتر کێشەی کەرکووك بێ چارەسەر بمێنێتەوە، ئەوا زیاتر کوردەکان لە ڕووی سیاسییەوە لاواز دەبن، هەم لە چوارچێوەی عێراق و هەم لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش، ئەو کاتە ئەو ئەگەرەش دێتە ئاراوە کە ڕەنگە هەر چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە خواستی کوردەکان نەهێنێتەدی. کێشەی دووەم، ئەوەیە هەر کاتێك نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە ناو مەسەلەکەوە، ئەوا لایەنەکانی دیکە دەتوانن کاریگەربن بەسەر پرۆسەکەوە، وەك تورکیا، یان دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە، هیچ یەکێك لەم لایەنانەش خوازیاری جێبەجێبوونی ماددەی ١٤٠ نییە.

*** زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە ئامانجی ئەمەریکا تەنها بۆ پاراستنی سەقامگیری عێراقە نەك مەبەستی ئەوەبێت کێشەکە چارەسەربکات، لە کاتێکدا چارەسەرکردنی کێشەکە دەبێتەهۆی سەقامگیری، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا چارەسەرکردنی کێشەکە و مەسەلی سەقامگیری لێکجیادەکاتەوە؟**

- لە ڕوانگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بارودۆخی کەرکووك دەرئەنجامێکی ڕازیکاری لێناکەوێتەوە، هەروەها ئەو سەقامگیرییە ڕێژەییەی لە ئارادایە دەقا و دەق هۆکارەکەی ئەوەیە کە هیچ چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوتەوە. چارەسەرکردنی کێشەکە دژی بەرژەوەندییەکانی کوردەکان دەبێتەهۆی تورەکردنی بەشە کوردییەکەی عێراق، چارەسەرکردنیشی لە بەرژەوەندی کوردەکان دەبێتەهۆی وروژاندنی تورەیی تێکڕای لایەنەکانی دیکە ( عەرەب، تورکمان و تورکیا و هتد)، کەواتە بە هەر بارێکدا بێت چارەسەرەکە ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە (بەلای کەمەوە ئەمە تێڕوانینی ئەمەریکایە لە ئاست ئەم کێشەیەدا). وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی کەمکردنەوەیەکی بەرچاوی ڕۆڵی خۆی دەدات لە عێراقدا و سەرهەڵدانی ناکۆکیش لەسەر ئایندەی کەرکووك بەشێوەیەکی لە شێوەکان ئەمەریکا ناچار بە کاردانەوە دەکات. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە ئەمەریکا خوازیاری ئەوەنییە لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە. هەر کاتێك بوونی ئەمەریکا لە عێراقدا بە ڕادەیەکی گەورە کەم بۆوە، ئەوا چیتر بایەخ بەوە نادات بارودۆخەکە چۆن چارەسەردەبێت و چ ئاڕاستەیەك دەگرێتەبەر، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە داوا لە ئەمەیکا ناکرێت دەستێوەردان بکات.

*** لە بەر ئەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبێتەوە، ئەوا تێکڕای لایەنەکان کەرکووك وەك کارتێکی سەرەکی بەکاردەهێنن، بە تایبەتی لایەنە عەرەبەکان بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران کەرکووك بە شارێکی عەرەبی وەسف دەکەن، ئایا چۆن بتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرجە مەترسیدارەدا بکەین؟**

> تاوەکو زیاتر کێشەی کەرکووك بێ چارەسەر بمێنێتەوە، ئەوا زیاتر کوردەکان لە ڕووی سیاسییەوە لاواز دەبن، هەم لە چوارچێوەی عێراق و هەم لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش



- وەڵامێکی سادە بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کوردەکان کارێکیان زۆریان لە دەستنایەت لەم ڕووەوە-عەرەبەکان بەردەوام دەبن لەبانگەشەکردنیان بۆ خاوەندارێتی کەرکووک وەك شارێکی عەرەبی، تورکیاش تورکمانەکان دەکاتە پاساوی دەستێوەردان، لەبەر ئەوەی ئەم لایەنانە خوازیاری جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ نین. بە تیڕوانینی من لە ڕوانگەی سەرکردایەتی کوردەوە دوو ڕێگاچارە هەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەدا:

١. دەرکردنی بڕیارێکی ڕوون و ئاشکرا دەربارەی گرنگی کەرکووك بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ گەلی کورد. ئەگەر گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر کوردستان داواکارییەکە گفتوگۆی لەسەر ناکرێت و هێڵی سوورە، ئەوا دەبێت کوردەکان دەستبکەن بەو هەڕەشانەی کە ڕەنگدانەوەی ئەم داواکارییە بێت. بۆ نموونە، هەڕەشەی کشانەوە لە حکومەتی عێراق، یاخود هەڕەشەی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠، یاخود ڕێگەگرتن لە پێکهێنانی حکومەت لە دووای هەڵبژاردنەکەوە. لە کۆتاییدا، ئەگەر کەرکووك بە ڕاستی گرنگە، ئەوا دەبێت سەرکردە کوردەکان ئامادەبن هەڕەشەی جاڕدانی سەربەخۆیی بکەن ئەگەر کەرکووکیان نەگەڕاندەوە سەر هەرێمەکەیان.

تەنها ڕێگا کە سەرکردە کوردەکان بیگرنەبەر بۆ وەستاندنی دەستێوەردان لە کێشەی کەرکووکدا ئەوەیە، بە پەلە و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کاربکەن- لەبەر ئەوەی تێپەڕبوونی کات لەم کێشەیەدا لە بەرژەوەندی کورد نییە

٢. لە تیڕوانینی مندا ئەمە ڕێگاچارەی خوازراوە، ئەویش کاراکردنی ڕێگاچارەی چەسپێنراوە لە یاسای پێکهێنانی هەرێمەکاندا بۆ گۆڕینی کەرکووك لە پارێزگاوە بۆ هەرێم. دەکرێت ئەم کارە لە ڕێی کۆکردنەوەی ئیمزای یەك لەسەر دەی دەنگدەرانەوە بکرێت، دوواتر ڕاپرسی ئەنجام بدرێت. ئەگەر سەرکەوتووبێت، ئەوا کەرکووك دەبێتە دوووەم هەرێمی کوردی -ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کوردەکان لە بری ئەوەی هەرێمێکیان بەدەستەوەبێت کۆنترۆڵی دوو هەرێم دەکەن. هەرێمەکان دەتوانن دەستوری خۆیان بنوسنەوەو کۆنترۆڵی سەرچاوە و هێزەکانی ئاسایشی خۆیان بکەن، کوردەکان مافی خۆیانە دەسەڵات دابەش نەکەن لەگەڵ گروپەکانی دیکەدا ( تەنها ئەو کاتە نەبێت کە گروپەکانی دیکەش دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ کورددا قبوڵ دەکەن لە موسڵ، بەغدا و لە هەر شوێنێکی دیکە کە کورد کەمینە بێت تێیدا).

بە کورتی، تەنها ڕێگا کە سەرکردە



کوردەکان بیگرنەبەر بۆ وەستاندنی دەستێوەردان لە کێشەی کەرکووکدا ئەوەیە، بە پەلە و بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە کاربکەن- لەبەر ئەوەی تێپەڕبوونی کات لەم کێشەیەدا لە بەرژەوەندی کورد نییە.

*** کوردەکان دەست لە مافە دەستورییەکانی خۆیان هەڵناگرن، بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە حکومەتی عێراق ئەم مافانە پشتگوێ دەخات، ئایا ئەمەریکا لەم ڕووەوە چ کارێك دەکات بۆ قەناعەت پێکردنی حکومەتی عێراق بە پابەندبوون بە دەستورەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، چۆن خەڵکی کوردستان بتوانن حکومەتی عێراق ناچاربکەن پابەندبن بە دەستوورەوە؟**

-ڕەنگە چیتر دەستور پەیوەندی بە مەسەلەکەوە نەمێنێت. سەرۆك وەزیران ئەو کاتە ملکەچی دەستور دەبێت کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی بکات، بە پێچەوانەوە پشتگوێی دەخات. جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە بەرژەوەندی ئەودانییە، کەواتە جێبەجێناکرێت (تەنها ئەو کاتە نەبێت کە سەرکردە کوردەکان هەڕەشەی جیددی بکەن). لە ڕووی عەمەلییەوە، عێراق پێویستی بە دادگایەکی باڵا هەیە کە بە شێوەیەکی گونجاو دامەزرابێت بۆ ئەوەی تەفسیری دەستور بکات.

*** زۆر کەس پێیان وایە ئایندەی عێراق ڕاستەوخۆ بەندە بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووکەوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمەریکا بایەخ بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدات؟**

- من لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا باسم لەم مەسەلەیەکرد، ئەمەریکا بەرژەوەندی لە وەدانییە تێوەگلانێکی قووڵ بکات لە کێشەی کەرکووکدا. ئەوەی بەلای ئەمەریکاوە گرنگە ئەوەیە کێشەی کەرکووك بخاتە ئەستۆی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕەنگە بە لای کەمەوە نزیکەی یەك دەیە بخایەنێت، کە ئەمەریکا خوازیارە لەو ماوەیەدا بە یەکجاری خۆی لە مەسەلەی عێراق داببڕێت. بە کورتی ستراتیجیەتی ئەمەریکا خۆلادانە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك بۆ درێژترین ماوە کە مومیکن بێت. هەروەها ڕوون نییە دەقا و دەق ئەمەریکا دەتوانێت چیبکات بۆ چارەسەرکردنی. ئەمەریکا ڕێگاچارەیەك بەدی ناکات بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە ناچارکردنی هەر لایەنێك لە لایەنەکانی کێشەکە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی دیاریکراو قبوڵ بکات.

**ستراتیجیەتی ئەمەریکا خۆلادانە لە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بۆ درێژترین ماوە کە مومیکن بێت**



پرۆفیسۆر داڤید ڕۆمانۆ ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ڕۆدس و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر دۆسێی تورکیا و کورد و کەرکوک. چەند جارێك بۆ دیراسەتکردنی باری کەرکووک سەردانی عێراق و کوردستانی کردووە، بێجگە لەوەی کتێبێکی لەسەر کەرکوك نوسیوە، بەدەیان وتاریشی لەسەر ڕەوشی کەرکوك نووسیوە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی کەرکوك و سیاسەتی ئۆباما بەرامبەر عێراق و چارسەری ئەم کێشەیە، پرۆفیسۆر ڕۆمانۆ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

## پرۆفیسۆر دیڤید ڕۆمانۆ، پسپۆر لەسەر کورد و دۆسێی کەرکووک بۆ گوڵان:

# دەبێت کورد ئەمەریکا لەوە دڵنیابکاتەوە گەڕانەوەی کەرکووک خزمەتی سەقامگیری درێژخایەن لەعێراقدا دەکات

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق و هەڵوێستی ئیدارەی ئۆباما دەبینیت، ئایا بە تیڕوانینی ئایا ئێوە ئۆباما بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ عێراقدا دەکات لە کاتێکدا کە دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا پاشەکشە پێبکات لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١دا؟**

- من پێم وایە ڕەوتی کشانەوەکە بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی بچێت، ئەوا ڕەنگە ئەمەریکا لەسەر داوای عێراق نزیکەی ٥٠،٠٠٠ بۆ ٦٠،٠٠٠ سەرباز لە وڵاتەکەدا بهێڵێتەوە.

*** بەڵام هێشتا گرنگترین کێشە کە کێشەی کەرکوکە چارەسەر نەکراوە، هەروەها نەتەوەیە کگرتووەکانیش هاتۆتە ناو کێشەکە، ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کێشەی کەرکوك چارەسەر دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا من لە ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥دا لە وتارەکانمدا پێشنیاری ئەوەم بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد، کە دەبێت هانی لایەنە عێراقییەکان بدات بۆ ئەوەی کێشەی کەرکوك بەو شێوەیە چارەسەربکات کە لە ماددەی ١٤٠ دەستوری هەمیشەی عێراقدا هاتووە، کە پێشتر لە یەکێك لە ماددەکانی دەستورە کاتییەکەشدا هاتبوو، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە بارودۆخی عێراق پشێوی باڵی بەسەردا کێشابوو، حکومەتی مەرکەزی لاوازبوو و دەکرا ناچاربکرێت ئەم چارەسەرە قبووڵ بکات، بەڵام ئێستا تا ڕاددەیەك درەنگە بۆ ئەو چارەسەرە، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر هەل و مەرجەکە گۆڕاوە، لایەنە عەرەبەکان باجێکی گەورە دەدەن ئەگەر هاتوو لای پشتیوان ولایەنگرانیان بەو شێوەیە دەربکەون سازشیان بۆ کورد کردووە، بە هەمان شێوە هەرێمی کوردستانیش دووچاری کێشە دەبێتە ئەگەر هاتوو سازش بکات لەسەر ئەم مەسەلەیە.

*** ئایا ئەمەریکا لەم ڕووەوە چ کارێك دەکات بۆ قەناعەت پێکردنی حکومەتی عێراق بە پابەندبوون بە دەستورەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ؟**

- عەرەبەکانی عێراق ئەوە دوپات دەکەنەوە وادەی دەستوری جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەسەرچووە، لە ڕاستیدا پێیان وایە سێ جار ئەو وادەیە بەسەرچووە، لەبەر ئەوە باوەڕیان وایە ماددەیەکی هەڵوەشاوەیەوەو بەهایەکی یاسایی نییە، کوردەکانیش بە هیچ شێوەیەك بەمە ڕازی نین، هەروەها سەرکردە سیاسییەکانی وەك مالیکی، موقتەدا ئەل سەدر و سەرکردە سوننەکانیش ئامادەنین ڕاپرسی لەسەر کەرکوك بکرێت و پابەندبن بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ەوە. ئێمە دەزانین نوێنەری نەتەوە یەککگرتووەکانیش ستیڤان دی مستۆرا لە سەر ئەم کێشەیە کاری کرد و پێشنیاری ئەوەی کرد دەبێت لە ڕێی گفتوگۆوە بگەنە ڕێککەوتنێك و تێیدا پێشنیاری ئەوەی کرد ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردە، بچنەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانەی زۆرینەی عەرەبن یان کوردنین، بچنەوە سەر ئەو پارێزگایانەی سەر بە حکومەتی مەرکەزین، وەك حەویجە و تەلەعفەر.

نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش ستیڤان دی مستۆرا پێشنیاری ئەوەی کرد ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردە، بچنەوە سەر هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانەی زۆرینەی عەرەبن یان کوردنین، بچنەوە سەر ئەو پارێزگایانەی سەر بە حکومەتی مەرکەزین، وەک حەویجە و تەلەعفەر

*** بەڵام ئەمەریکا مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك لە ڕوانگەی سەقامگیرییەوە سەیر دەکات، بۆچی بەمجۆرە سەیری کێشەی کەرکوك دەکات؟**

- لەبەر ئەوەی بارودۆخی عێراق لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا زۆر ناسەقامگیر و ئاڵۆز بوو، ئەوا

ئەمەریکا پێی وابو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لەو کاتەدا دەبووەهۆی گەورەبوون و زیاتر ئاڵۆزبوونی ئەو کێشانە، لەبەر ئەوە کۆششەکان لە هێنانەدی و پاراستنی ئەو سەقامگیرییەدا چڕکردەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٧دا بەدەستهات و حاڵی حازریش نازانێت چۆن هەنگاو بنێت بۆ چارەسەرکردنی و تەنها ئومێدەوارە کوردەکان و عەرەبەکانی عێراق بگەنە ڕێککەوتنێك لە نێو خۆیاندا.

*** لە بەر ئەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبێتەوە، ئەوا تێکڕای لایەنەکان کەرکووك وەك کارتێکی سەرەکی بەکاردەهێنن، بە تایبەتی لایەنە عەرەبەکان بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران کەرکووك بە شارێکی عەرەبی وەسف دەکەن، ئایا چۆن بتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرجە مەترسیدارەدا بکەین؟**

- بە دڵنیاییەوە هەروەك ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ئەم کێشەیەکی گەورە و مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی هەندێ لە عەرەبەکان پیشاندانی کورد وەك لایەنی ڕکابەر بە بەرژەوەندی خۆیان دەزانن، پێم وایە دەبێت کوردەکان کار بۆ ئەوەی بکەن لە ناو ڕای گشتی عەرەبدا وەك دوژمن دەرنەکەون و وەك دوژمن لێیان نەڕوانرێت، ڕەنگە کوردەکان نەتوانن هەوڵ بۆ بەدەستهێنان و ڕاکێشانی دەنگی عەرەبەکان بدەن، بەڵام دەبێت کار بۆ ئەوەی بکەن وەك دوژمن سەیرنەکرێن و قەناعەت بە عەرەبەکان بهێنن چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لە بەرژەوەندی خودی عەرەبەکان خۆشیاندایە.

*** ئێمە دەبینین بەردەوام تورکیا دەستێوەردان لە کێشەی کەرکووکدا دەکات، ئەویش لە ڕێی پشتگیریکردنی تورکمانەکانی کوردستان و عێراقەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ڕێگە لە دەستێوەردانی تورکیا بگرین لەم ڕووەوە؟**

- ڕەنگە ئەمە شتێکی مومکین نەبێت، تورکیا ڕێگەگرتن لە بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان بە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی دەزانێت، لەبەر ئەوە ڕەنگە نەتوانین ڕێگە لە تورکیا بگرین کە هەوڵی کاریگەربوون دەدات بەسەر پرۆسە سیاسیەکەی عێراقەوە، ئەوەی کوردەکان دەتوانن ئەنجامی بدەن ئەوەیە هەوڵی قەناعەت پێهێنان و ڕاکێشانی تورکمانەکانی کەرکووك بدەن کە بەرژەوەندییان باشتر پارێزراو دەبێت ئەگەر کار لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکەن، وەك لەوەی بە پێی ئەجێندای تورکیا کاربکەن، واتە دەبێت کوردەکان هەوڵی دڵنیاکردنەوەی تورکمانەکان بدەن کە ڕۆڵێکی گرنگیان دەبێت لە هەرێمی کوردستان و خاوەنی دەنگ و سەنگی سیاسی خۆیان دەبن.

*** ئێمە دەزانین زۆربەی هۆکارەکانی ناسەقامگیری عێراق لە دەوڵەتە دراوسێکانەوەیە، بۆ نموونە سعودییە دژی حکومی شیعەکانە لە عێراقدا، بەو پێیە خوازیاری ئەوەیە سوننەکان کۆنترۆڵی کەرکووك بکەن، لەبەر ئەوە هەوڵدەدا ڕێگە لەچارەسەرکردنی بگرێت، هەمان پرسیاری پێشوو، بەڵام ئەمجارەیان بە نیسبەت سعودییەوە چۆن دەتوانین ئەم دەستێوەردانە ڕابگرین؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت لایەنە غەیرە کوردییەکانی عێراق هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندی خۆیان دەدەن و ڕەنگە هەمیشە ئەوە ڕاست نەبێت کە تەنها بایەخ بە بەرژەوەندی دەوڵەتە دراوسێکان دەدەن، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت کورد کاریان لەگەڵدا بکەن و بگەنە ڕێککەوتن و سازشێکی هاوبەش لەگەڵیاندا، هەروەها دەبێت کورد ڕۆڵی خۆی لە بەغدا فەرامۆش نەکات و گەمەی سیاسی خۆی لە بەغدا پشتگوێ نەخات، بۆ نموونە دەبێت کورد ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ مامەڵەکردن و ڕێککەوتن لەگەڵ لیستی حەدبا بۆ ئەوەی لە بەرامبەر دەستهەڵگرتنی کورد لە هەندێ داواکاری هەندێ دەستکەوت بەدەستبهێنن، واتە دەبێت ڕێگە نەدەن کێشەی نێوان ئەرشەد زێباری ببێتە کۆسپ و ئاستەنگێك لەم ڕووەوە.

*** زۆر کەس پێیان وایە ئایندەی عێراق ڕاستەوخۆ بەندە بە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووکەوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا بایەخ بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدات؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمەریکا بایەخ دەدات، بەڵام من پێم وایە ئەمە بەندە بە تێگەیشتنی ڕاست و دروستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە لە کێشەکە، بەندە بەچۆنیەتی سەیرکردنی ئەم کێشەیەوە، ئایا ئەمەریکا باوەڕی وایە هەمووارکردن و دەستکاریکردنەوەی سنوری هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی سەقامگیری درێژخایەن و دوورمەودای عێراقدایە، نەك سەقامگیری کورتخایەن و کورت مەودا، ئەگەر ئەمەریکا بەمشێوەیە لە کێشەکە بڕوانێت ئەوا هانی لایەنەکان دەدات بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و سازشێك کە زۆربەی لایەنە سەرەکییەکان پێی ڕازیبن، لەبەر ئەوەی هیچ چارەسەر و سازشێك نییە تێکڕای لایەنەکان ڕازی بکات.

*** واتە ئەمەریکا بێ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لە عێراق دەکشێتەوە، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- ڕاستە گەلێ ئەمەریکا بێزاربووە لە تێوەگلانی ئەمەریکا لە عێراقدا، بەڵام هێشتا ئیدارەی ئەمەریکا بایەخ بە جێهێشتنی عێراقێکی سەقامگیر و سەرکەوتوو دەدات کە تا ڕادەیەك دۆستی ئەمەریکا بێت، لەبەر ئەوە هەوڵدەدات کاریگەرییەکی ئیجابی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

*** ئایا ئایندەی پەیوەندی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان چۆن دەبینیت؟**

- لە هەلومەرجی ئاساییدا پەیوەندییەکی زۆر باش دەبن، بەڵام ئەگەر ناکۆکە لە نێوان کوردستان و تورکیادا ڕوویدات ئەوا ئەم پەیوەندیانە ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە.

**دەبێت کورد ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ مامەڵەکردن و ڕێککەوتن لەگەڵ لیستی حەدبا بۆ ئەوەی لە بەرامبەر دەستهەڵگرتنی کورد لە هەندێ داواکاری هەندێ دەستکەوت بەدەستبهێنن**

پرۆفیسۆر یۆست هێلتەرمان جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەگروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان و تایبەتمەندە لەسەر ( عێراق، سیاسەتی ئینتقالی، پرۆسەی دەستوور، باری کورد لەعێراقدا، کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە) هەفتەی رابردووش کە گوڵان



ئەم دیمانەی لەگەڵ سازکرد، بەڕێزی لەبەغدا بوو بۆ هەمان مەبەست سەردانی عێراقی کردبوو، پرۆفیسۆر هێلتەرمان لەگەڵ ئەوەی زۆر سەرقاڵیش بوو، بەڵام وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە، ئەمەش دەقی دیمانەی پرۆفیسۆر هێلتەرمانە بۆ گوڵان.

## یۆست هیلتەرمان، ئەندامی گروپی قەیرانە نێو دەوڵەتیەکان بۆ گوڵان:

# پێدەچێ ئەمەریکا درک بەو ڕاستیە بکات کە شکستهێنان لەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا دەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی تێکڕایی عێراق

عێراقیەکان شکستیانهێنا لەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک، لەبەرئەوە بەداخەوە کەرکووک بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی

*** کێشەی کەرکوك بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی کە نەتەوە یەکگرتوەکان دەستێوەردانی کردووە، هەروەها ئەمەریکاش جەخت لەسەر چارەسەرکردنی دەکاتەوە، ئێمەش دەزانین هەر کاتێك کێشەیەکی ناوخۆیی بووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی چارەسەرکردنی ئاسان نابێت، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- هۆکارەکە دەقاودەق ئەوەیە عێراقیەکان شکستیانهێنا لەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك، لەبەرئەوە بەداخەوە کەرکووك بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی.

*** زۆرێك لە شارەزایان پێیانوایە ئەمەریکا تەنها بۆ پاراستنی سەقامگیری عێراق هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدات، نەك مەبەستی ئەوەبێت کێشەکە چارەسەربکات، لەکاتێکدا چارەسەرکردنی کێشەکە دەبێتەهۆی سەقامگیری، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا چارەسەرکردنی کێشەکە و مەسەلەی سەقامگیری لێکجیادەکاتەوە؟**

- ناکۆکی گەلێکی کەم لەجیهاندا هەن کە چارەسەرکراون. واقیعیترین ڕێگاچارە لەبەردەم جیهاندا ئەوەیە هەڵبستێت بەخولْقاندنی جۆرێك لەسەقامگیری کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو درێژە بکێشێت. لەڕاستیدا، چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕەگوڕیشەوە تا دوا ڕاددە کارێکی زەحمەتە. لەبەرئەوە زۆرجار لایەنەکانی ناکۆکیەکە خۆیان خوازیاری چارەسەرکردنی ئەم کێشانە نین.

چارەسەرکردنی کێشەکان لەڕەگوڕیشەوە تا دوا ڕاددە کارێکی زەحمەتە. لەبەرئەوە زۆرجار لایەنەکانی ناکۆکیەکە خۆیان خوازیاری چارەسەرکردنی ئەم کێشانە نین

*** لەسەر ئاستی ناوخۆی وادەی هەڵبژاردنەکان نزیکدەبێتەوە، کێشەی کەرکوك بۆتە کارتێکی سەرەکی بەدەست لایەنە عەرەبیەکانەوە لەم هەڵبژاردنانەدا. واتە عەرەبەکان درك بەوە دەکەن کەرکوك شارێکی عەرەبی نییە، بەڵام بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران کەرکوك بەشارێکی عەرەبی وەسفدەکەن، بەتێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرجە مەترسیدارەدا بکەین؟**

- عەرەبەکانی عێراق وەك شارێکی عەرەبی باسی کەرکوك ناکەن، بەڵکو وەك شارێکی عێراقی ئاماژەی پێدەکەن، لەکاتێکدا کوردەکانیش بانگەشەی ئەوە ناکەن کەرکوك شارێکی کوردییە، بەڵکو بانگەشەی کوردستانیبوونی کەرکوك دەکەن. شتێکی ڕاست و دروستە بڵێین لەبەرئەوەی عێراقیەکان سەرکەوتوو نەبوون لەیەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوکدا، بۆیە پرسی کەرکوك بۆتە مایەی ژەهراویکردنی ژیانی سیاسی لەعێراقدا. هەروەها بۆتە کێشەی سەرەکی، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بڕیاریان داوە جەخت لەسەر چارەسەرکردنی ئەم پرسە بکەنەوە. تەنها ڕێگاچارەی دەربازبوون لەم دۆخە دژوارە ئەوەیە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان گفتوگۆ بکەن بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ باری کەرکوك، کە دواتر لە ڕاپرسیەکدا پەسەندبکرێت و گونجاوبێت لەگەڵ ماددەی ١٤٠ دەستوری عێراقدا.

*** یەکێك لەلایەنەکانی دیکە کە دەستێوەردان لەکێشەی کەرکوکدا دەکات، تورکیایە. کە ئەم وڵاتە هەڵدەستێت بەدروستکردنی کۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا، ئەویش لە ڕێی**

**پشتگیریکردنی تورکمانەکانی کوردستان و عێراقەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ڕێگە لەدەستێوەردانی تورکیا بگرین لەم ڕووەوە؟**

- تورکیا وای دەبینێ بەرژەوەندی هەیە لەڕووداوەکانی کەرکوکدا، لەبەرئەوە پێیوایە ئەگەر کەرکوك ببێتە بەشێك لەهەرێمی کوردستان، ئەوا ئەم هەرێمە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەدات. ئەمەش ئەمە بە هەڕەشە دەزانێت، لەبەر ئەوەی بەشێك لە هاوڵاتیانی تورکیا کوردن و ڕەنگە ئەوانیش بەهەمانشێوە هەوڵی سەربەخۆیی و یاخود کۆنفیدراڵی بدەن لەگەڵ کوردستانی عێراقدا. ئەمە دەبێتەهۆی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی تورکیا. تەنها ڕێگا بۆ ڕاگرتنی دەستێوەردانی تورکیا لەکێشەی کەرکوکدا، ئەوەیە لایەنە عێراقیە پەیوەندیدارەکانی بەم کێشەیە بگەنە ئیجماعێك لەسەر چارەنوسی کەرکوك.

*** لەبەر ئەوەی وڵاتی سعودیە دژی دەسەڵاتی شیعەکانە لەعێراقدا، ئەوا خوازیاری ئەوەیە سونەکان کۆنترۆڵی کەرکوك بکەن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەی پشتیوانی لەچارەسەرکردنی ناکات، ئەمەش سەرچاوەیەکی دیکەی هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری عێراق، ئایا چۆن بتوانین خۆمان لە هەڕەشەکانی سعودیە بپارێزین ؟**

- هەمان وەڵام، تاوەکو زیاتر ڕێگابدرێت کێشەکە تەشەنەبکات، ئەوا زیاتر دەوڵەتە دراوسێکان ڕادەکێشرێنە ناو پرۆسەکەوە، ئەو کاتە ناکۆکیەکەش ئەوەندەی دیکە خراپتر و ئاڵۆزتر دەبێت. تەنها عێراقیەکان دەتوانن چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن، ڕەنگە بتوانن سوود لەیارمەتی و هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەربگرن.

*** کوردەکان دەست لەماددە دەستووریەکانی خۆیان هەڵناگرن، بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە حکومەتی عێراق جێبەجێکردنی ئەو چارەسەرە بۆ کێشەی کەرکوك پشتگوێ دەخات کە لەدەستووردا هاتووە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کوردەکان دەتوانن کار بۆ ئەوە بکەن حکومەتی عێراق پابەند بێت بەدەستوورەوە؟**

- من پێموایە حکومەت ئامادە دەبێت پشتیوانی لەماددەی ١٤٠ی دەستوور بکات، ئەگەر هەموو لایەنەکان ڕێکبکەون لەسەر ئەنجامدانی ڕاپرسی «پەسەندکردن» بەو شێوەیەی لەماددەی ١٤٠دا ئاماژەی پێکراوە، هەروەها بەو شێوەیەی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێشنیاری کردووە، ڕاپرسی « پەسەندکردن»یش بەمانای ئەوە دێت ڕاپرسیەك بکرێت و ئیختیاری بەڵێ یان نەخێر لەخۆبگرێت بۆ پەسەندکردنی ئەو ڕێککەوتنەی لەئەنجامی گفتوگۆی نێوان لایەنەکان هاتۆتەدی و ئیجماعێکی سیاسی لەسەرە.

*** زۆرێك لەشارەزاییان پێیانوایە ئایندەی عێراق ڕاستەوخۆ بەندە بەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا بایەخ بەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدات؟**

- پێدەچێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا درك بەو ڕاستیەبکات کە شکستهێنان لەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکدا دەبێتەهۆی ناسەقامگیرکردنی تێکڕایی عێراق، کەواتە گرنگە بتوانرێت لەڕێی گفتوگۆوە چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە پێش ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق جێبهێڵن.

**لەبەرئەوەی عێراقیەکان سەرکەوتوو نەبوون لەیەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوکدا، بۆیە پرسی کەرکوك بۆتە مایەی ژەهراویکردنی ژیانی سیاسی لەعێراقدا**

**تورکیا وای دەبینێ بەرژەوەندی هەیە لەڕووداوەکانی کەرکوکدا، لەبەرئەوە پێیوایە ئەگەر کەرکوك ببێتە بەشێک لەهەرێمی کوردستان، ئەوا ئەم هەرێمە هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەدات**



# چارەنووسی مالیکی پاش رووداوە خوێناوییەکەی بەغدا



فەیسەڵ دەباغ
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لەسەر چ شتێك سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی گرەو دەكات، سەبارەت بەو شاڵاوەی كە دەیكاتە سەر سوریا و هەندێ كەسایەتی ناو عێراق؟

كێ سوودمەند دەبێ لە توندكردنەوەی ئەو تۆمەتانەی كە مالیکی دەیخاتە پاڵ سوریا لەم قۆناغەدا؟ بەتایبەتی ئەمەریكییەكان زۆر بەروونی پێیان راگەیاند كە ئەمە كێشەیەكی تایبەتی نێوان عێراق و سوریایەو، بە تەنیاش بە جێیان هێشت تا رووبەڕووی ئەنجامەكانی ئەو هەڵسوكەوتەی ببێتەوە.

ئەوەی تێبینیش دەكرێ ئەوروپا بەهیچ شێوەیەك گرنگی بەو مەسەلەیەی نەداوە، كەسانێك هەن دەڵێن تا ئێستا مالیکی بە تەواوی تۆڵەی خۆی لە بەعسییەكانی عێراق نەسەندووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: بۆ ئەوكاتەی هەڵبژارد؟ ئایا بەهۆی نزیكبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی گشتی؟ یان بەهۆی هەستكردنی بەوەی كە ناتوانێ لەو هەڵبژاردنە سەركەوێ؟

كەسانێك هەن پێیان وایە مالیکی وەك سەدام حوسێن رەفتار دەكات یان دەیەوێ ببێتە سەددام حوسێنێكی نوێ، بەڵام هەر ئەو كەسانە پێیان وایە سەبارەت بە كۆنترۆڵكردنی باری ئەمنی وڵات مالیکی سەركەوتوو نەبووە، بۆیە زۆر ئەستەمە دووبارە ئەو پۆستە وەرگرێتەوە، هەندێكیش ئاماژە بە كێشەیەك دەكەن نێوان خۆی و ئێران یان گرووپێكی حوكم لە ئێران كە دڵنیا نییە لە ویستی مالیکی.

یەك لەو بیروڕایانە دەڵێ پەیوەندی مالیکی لەگەڵ ئێران خراپەو ناتوانێ ئێران بە دەستێوەردان لە كاروباری عێراق تۆمەتبار بكات، لەبەر چەند هۆیەك كە لێیان دەترسێ، بۆیە هاوپەیمانە سورییەكەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ئەو شاڵاوەی لە دژ بەرپا بكات، چونكە ئیئتیلافی نیشتمانی كە بە هاندانی ئێران دروست بووە، چەند لایەنێك لەخۆ دەگرێت كە مالیکی مەرجی دانابوو كە نابێ تیایدا بەشداربن، وەك رەوتی سەدر و د. ئیبراهیم ئەلجەعفەری كە لە حزبی دەعوە جیابووەتەوە.

مالیکی سوریای هەڵبژارد، چونكە بە باوەڕی خۆی دامودەزگاكانی یان ئەو كارتانەی كە لە دەستدایە دەتوانێ بەهۆیانەوە چەند جۆرە كردەوەیەوەیەك ئەنجام بدات و، داوای لە نەتەوەیەكگرتووەكان كرد دادگایەكی نێودەوڵەتی دابمەزرێنێ، چونكە دەزانێ حەساسیەتی سوریا لە بەرامبەر ئەو جۆرە هەڵسوكەوتە چۆنە، بەتایبەتی پاش تێكچوونی بارەكەی بەهۆی ئەو دادگا نێودەوڵەتییەی كە نەتەوەیەكگرتووەكان پێكی هێنابوو، بۆ زانینی بكوژانی سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان رەفیق ئەلحەریری و، قورسایی چاوەڕوانی ئەوەی كە ئەو دادگایە كەشفی دەكات، بەڵام بە هەڵبژاردنی ئەم ئامانجە و رێك لەم كاتەدا، بە دیار كەوت كە خوێنەوارێكی باشی نییە و شارەزاییەكی ئەو تۆشی نییە لە سیاسەتی دەرەوەی نێودەوڵەتی.

ئەگەر بێتو پەیوەندی ئەمەریكا و سوریا بخوێنینەوە، دەتوانین بە باش وەسفی بكەین، بەتایبەتی ئیدارەی ئەمەریكا خۆی ئامادەكردووە بۆ ناردنی باڵیۆزی خۆی بۆ دیمەشق.

ئەگەریش باری ناو ئێران بخوێنینەوە، ئەوا دەزانین كە بایەخەكانی لە مانۆڕەكانی مالیكی دوورترن، ئیلا ئەللاهومە گرووپێكی ئێرانی فایلی بەعسییەكانی نیشتەجێی سوریایی پێ سپاردبێ، وەك ئەوەی كە عەبدولعەزیز ئەلحەكیمی رەحمەتی بەر لە وەفاتی پێ راسپێردرابوو كە پەیامێك ئاراستەی سەرۆكی یەمەن بكات بۆ ئەوەی ناوبژیوانی نێوان حكومەتی ئەو وڵاتە و حوسییەكان بكات، بە هێنانی سەركردەی حوسییەكان بۆ نەجەف، بەرامبەر ئەوەی كە عەبدوڵلا سالح سەرۆك كۆماری یەمەن هەڵبستێ بە دەركردنی ئەو ئەفسەرە عێراقییە بەعسییانەی كە پاش رزگاركردنی عێراق پەنایان بردە بەر یەمەن، ئێران ئەوانە واتە بەعسییەكان بەوە تۆمەتبار دەكات كە یارمەتی سوپای نیزامی یەمەن دەدەن لە رووبەڕووبوونەوەیدا لەگەڵ حوسییەكاندا، بەڵام سەرۆكی یەمەن ئەم عەرزەی ئەلحەكیمی رەتكردەوە.

ئەوەی ئێستا دەیخوێنینەوە ئەوەیە كە لەگەڵ بەردەوامبوونی مالیکی لەسەر هەڵوێستی خۆی و تۆمەتباركردنی سوریا، ئەو بەرپرسە عێراقییانەی كە لەگەڵ ئاراستەكەی مالیکی بوون، ئێستا هەڵوێستێكی خۆیان گۆڕیووەو داوای وتووێژی دیپلۆماسی لەگەڵ سوریا دەكەن.

مالیکی بەرامبەر ئەو هەڵوێستە گۆڕینە خۆی بە تەنیا دیتەوە و قەتیش ڕۆژێك لە ڕۆژان حیسابی بۆ پێشهاتە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان نەکردبوو، کە لەوانەیە کاردانەوەیەکی توند بەسەر عێراق بەجێبهێڵێ.

ئەو تەقینەوانەی کە لە عێراق ڕوویاندا، پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە شارەکانی عێراق، بەتایبەتی ئەو تەقینەوە گەورەیەی کە بەغدای هەژاند و ئامانجەکەی چەند وەزارەتێکی سیادی بوو، وای لە مالیکی کرد ئەو قسانەی خۆی دووبارە نەکاتەوە کە دەیگوت من خاوەنی ئەو بەرقەرارییەی ئاسایشم.

پێشتر ڕۆڵی ئەمەریکای بۆ خۆی قۆزتبۆوە کاتێ بانگشەی ئەوەی دەکرد کە بەهۆی توانایی خۆیەوە توانیوویەتی زبتی ئەمنیەتی عێراق بکات، نەك بە هاریکاری ئەمەریکا و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی بەشداربوو لە پرۆسەی سیاسییدا.

بەڵام ئەو تەقینەوە گەورەیە زەمانی مالیکی کورت کردەوە ڕووداوەکەش لاوازی مالیکی سەلماند و ئیسپاتی کرد کە ئەو کابرایە توانای کۆنترۆڵکردنی ئەمنییەتی عێراقی نییە.

لەوانەیە مالیکی هەستی بەوەکردبێ کە پاڵپێوەنەری ئەو تەقینەوەیە سیاسی بێ، ئامانجەکەی تێکدانی شەرعییەتی حکومەتەکەی بووبێ، چونکە بەبێ ئەوەی بزانین کێ لە پشت ئەو تەقینەوەیەدا بوو، پێمان وایە ئەمە گورزێکی کوشندە بوو کە لە مالیکی درا، بەتایبەتی لە ڕاستگۆ بڕوایی حکومەتەکەی کە پێی وابوو کۆنترۆڵی ئەمنییەتی کردووە توانیوویەتی بەسەر تیرۆردا زاڵ بێت.

ئایا مالیکی بەو هەڵوێستە توندەی کە بەرامبەر بە سوریا دەینوێنێ دەیەوێ لە ئیئتیلافی نیشتمانی بدات و هاوسۆزی ناوخۆ و ئەقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ؟ باوەڕناکەم ئەم هەڵوێستەی لە بەرژەوەندی ئەمەریکاش بێ، هەروا عەرەبیشی ئەوەندە بایەخیان پێنەداوە، لەوانەیە ئیجابیەتێکی تێدابێ کە ئەویش لە بەرژەوەندی سوریایە نەك لە بەرژەوەندی خۆی، سوریا دەیەوێ هاوسۆزی ئەو عەرەبانە بۆلای خۆی ڕاکێشێ کە لە ئاراستەکانی مالیکی دڵگرانن، بەتایبەتی سعودیە و میسر، بۆیە بۆ یەکەم جار ڕێی بەسەرکردەیەکی سیاسی حەماسی وەك خالید مشعل دا کە سەردانی قاهیرە بکات بۆ ئەوەی وتووێژ لەسەر فایلی ئاشتەوایی فەلەستینیدا بکات.

کێشەی مالیکی لەوەدایە کە تا ئێستا بەڵگەیەکی ئەوەندە بەهێزی لە دەست نییە بۆ ئەوەی باوەڕ بە ئەنجوومەنی ئاسایش بێنێ بۆ پێکهێنانی ئەو دادگا نێودەوڵەتییە. پاشان چەند مەسەلەیەکی عێراق هەن کە قەوارەیان لە قەوارەی ئەو تەقینەوەدایە، ئەگەر گەورەتریش نەبن، کە ئەویش دیاردەی گەندەڵی و دزی و کوشتنە کە حکومەتی مالیکی پێیان تۆمەتبارە.

ساڵی ٢٠٠٦ مالیکی بوو بە سەرۆکی حکومەت، پاش ئەوەی کە ئەمەریکا پێی وابوو، وەك لەو قسانە بەدەردەکەوێ کە کاتێ خۆی خەلیل زاد کردبووی، مالیکی لەوانی دیکە سەربەخۆترین کەسە لە ئێران.

ساڵی ٢٠٠٩ لیستەکەی کە ناوی دەوڵەتی یاسابوو لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان سەرکەوت و ئامانجەکانیش کەشفیان کرد، کە لاگیری جەماوەری حزبە ئیسلامییەکان لە پاشەکشەدایە، کاتێ ئیئتیلافی یەکگرتووش ئامادەبوون ئاراستەو سیاسەتەکانی خۆی بگۆڕێ وەك ئامادەکارییەك بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکەی ساڵی ٢٠١٠ مالیکی مەرجی خۆی دانا، بەڵام ئەو مەرجانەی ڕەتکرانەوە.

باشە ئەگەر سوریا لە پشت ئەو تەقینەوە گەورەیەی بەغدا بووبێ، چۆن ئێران ڕێی پێدا؟

ئایا نەهاتنەوەی مالیکی بۆ ناو ئیئتیلافی نیشتمانی باڵێکی سەرکردایەتی ئێرانی تووڕە نەکرد؟ بۆیە لە دوا هەڵوێستدا بڕیاری دا بەو تەقینەوەیە هۆشدارییەك بداتە مالیکی تا لەمە زیاتر پێی خۆی درێژنەکات ....!!

بمانەوێ یان نەمانەوێ، ئەو تەقینەوەیەی بەغدا لە هەیبەتی مالیکیان کەم کردەوە و وایکرد دژەکانی تۆمەتی بێ توانایی بدەنە پاڵ خۆی و حکومەتەکەی، ئەو گرەوی لەسەر ئەوە دەکرد کە عەممار ئەلحەکیم هەمان بەهای ئایینی و سیاسی باوکی نییە و لەوانەیە کار بکاتە ئەوەی هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵا داوای گۆڕینی بکەن، بەڵام ئێران هەموو قورسایی خۆی بۆ پشتگیریکردن لە ئیئتیلافە نوێیەکە خستەگەڕ کە ئەنجوومەنی باڵا سەرکردایەتی دەکات، بەتایبەتی لە شەخسی عەممار ئەلحەکیم، کە هەندێ نێوەند پێیان وایە بەر لەوەفاتی باوکی ئێران ئامادەیکردبوو کە جێی باوکی بگرێتەوە، ئەمەیش لە قسەکانی بەرپرسە ئێرانییەکان بەدیار کەوت، بەتایبەتی لە مورشیدی ئەعلا خامنەئی و قسەکانی بەرپرسی پاسداران، هەتا باسێك هەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان پاسداران و مالیکی بەتایبەتی فەیلەقی قودس خراپ، کە ئەمەیش کاردەکاتە سەر پەیوەندی حزبی دەعوەو ئێران.

مالیکی ناتوانێ هاوسۆزی سەحوات بۆلای خۆی ڕاکێشێ، چونکە هەر ئەو بوو شەڕی دەکرد و هەر ئەویش بوو مەسەلەی دامەزراندنیان لە دامودەزگاکانی پۆلیسی ڕەتدەکردەوە، هەتا ساڵح ئەلموتلەگ کە سەرۆکی بەرەی حیواری نیشتمانییە لە لێدوانێکیدا گوتبووی: ئەگەر مالیکی دەیەوێ سوننە بەشداری لە لیستی دەوڵەتی یاسا بکەن پێویستە حزبی دەعوە هەڵبوەشێنێتەوە، ئێران لە بارێکدا ئەگەر مالیکی ناوبژیوانی ئێران و تورکیای ڕەتکردوەوە لەوانەیە وا لە هاوپەیمانە پێشووەکانی بکات کە ئێستا لە ناو ئیئتیلافە نوێیەکەن لە دژی مالیکی یەکبگرن و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی حکومەتەکەی بدەن، هەتا ئەگەر بەر لە هەڵبژاردنە گشتییەکەش بێ.

**مالیکی ڕۆژێک لە ڕۆژان حیسابی بۆ پێشهاتە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان نەکردبوو، کە لەوانەیە کاردانەوەیەکی توند بەسەر عێراق بەجێبهێڵێ**

**ئەگەر سوریا لە پشت ئەو تەقینەوە گەورەیەی بەغدا بووبێ، چۆن ئێران ڕێی پێدا؟**

# کوردو هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق



سامی شۆرش

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

وەك بڕیارە، دوای سێ مانگی دیکە، بە دیققەت لە ڕۆژی ١٦ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو، لە سەرتاپای عێراقدا هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی زۆر گرنگ بەڕێوە دەچێت. ماوەیەکە پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق بە گەرمی سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن و ڕێکخستنی هەڵوێست و هاوپەیمانێتیەکانیانن بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنەدا.

وەك مەعلوومە، لە مانگی ئابی ساڵی داهاتوو هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە لە خاکی عێراق. وا بڕیارە تەنیا پەنجا هەزار سەربازو ئەفسەریان لە عێراق بمێننەوە بۆ کاری مەشق و ڕاهێنانی سەربازی. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بڕیارە ئەو پەنجا هەزارەش بکشێتەوە، بۆیە پێکهاتەو بونیادە سیاسییەکانی عێراق لە ئێستاوە، واتە بەر لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، دەیانەوێت پشکی سیاسیی خۆیان لە دەسەڵاتی عێراق مسۆگەر بکەن. دیارە هەموو لایەك چاوەڕێی ئەوەیانە لە دوای کشانەوەی ئەمەریکا هەلومەرجی سیاسی و ئەمنیی عێراق بە شێوەیەکی ناجۆر تێك بچێت، بۆیە خۆئامادەکردن و زامن کردنی جێ پێ و دەسەڵات لە ناو عێراقدا، لە قۆناغی پێش کشانەوەی ئەمریکییەکان بایەخێکی گەورەی هەبێت.

هەر لەو سۆنگەیەوە، دەتوانین بڵێین کوردیش پێویستە بێ دوو دڵی و ڕاڕایی لە بواری هەڵبژاردندا خۆ ئامادەی بەشداریکردن بکات. ڕاستە کوردستان لە باری خۆیەوە لەم ماوەیەدا زۆرتر سەرقاڵی ناوماڵی خۆیەتی بە تایبەتی لە بواری دامەزراندنی حکومەت و نزیك خستنەوەی هێزە سیاسییەکان لە یەکتری، بەڵام پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگرین کە بەغداش لەم قۆناغەدا بۆ کورد گرنگە. هەتا پێش ماوەیەك، ناوەخۆی ناو ماڵی کورد گرنگ بوو، بەڵام لەمەودوا بەغداش، بە پلەی یەکەم، گرنگە بە تایبەتی چەند فایلێکی گرنگی وەکو کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان و ڕەشنووسی یاسای نەوت و غازو مەسەلەی پێشمەرگە، هێشتا بە هەڵپەسێردراوی لە نێوان هەولێرو بەغدا ماوەتەوە.

پێ دەچیت ئەمەریکییەکان بەلایانەوە گرنگ بێت، بەر لە کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانیان لە عێراق، ئەو فایلانە لە نێوان کوردو عەرەب بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری و بە گفتوگۆی سیاسی چارەسەر بکرێت. مەترسییە گەورەکەیان ئەوەیە مانەوەی کێشەو ناکۆکی لە نێوان کوردو عەرەب زەمینە خۆش بکات لەبەردەم تەقینەوەی شەڕو توندوتیژیەکی نەتەوەیی لە عێراقدا. دیارە هەر ئەوەشە وایکرد جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جۆ بایدن دوو جار بێتە عێراق. لە دوا جاردا، وەك پێ دەچێت بایدن توانیویەتی هەموو لایەنەکان بەوە قەناعەت پێ بکات کەوا چاکە گفتوگۆکانی وابەستە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا دوا بخرێت بۆ پاش هەڵبژاردنەکان.

لەمبوارەدا، بۆ ئێمەی کورد دوو شت زۆر گرنگە: یەکەم، لە ڕووی مەبدەئیەوە کورد چەندە قورسایی لە پەرلەمان و حکومەت و پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەبێت، ئەوەندە ئاسانتر دەتوانێت کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکات. دووەم، وەك هەوڵەکانی بایدن دەریدەخەن ئیتر ئەم هەڵبژاردنە قۆناغێکی گەلێك گرنگ و چارەنووسساز پێك دەهێنێت بۆ مەسەلەی چارەسەربوونی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا. لێرەوە، ئەگەر بە گورج و گۆڵی لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری نەکەین، ئەوا ڕەنگە هەندێك لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانمان کە زۆر گرنگ و بایەخدارن لە دەست بدەین یان بکەونە مەترسییەوە.

بێجگە لەمانە، وەك مەعلوومە پێکهاتەکانی دیکەی عێراق تووشی هەڵوێست ناجۆری هاتوون لە نێون خۆیاندا:

لە لایەك، شیعە بووە بە دوو شیعە: لیستی ئیتلافی نیشتمانی کە گەورەترین هێزەکانی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و ڕەوتی ئەلسەدرە. هەروەها لیستی دەوڵەتی یاسا کە حزبی دەعوەی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانی فیدرالی نوری ئەلمالیکی گەورەترین هێزیەتی.

ئەم دوو لیستەی شیعە، ئەگەرچی لە دوا ئەنجامدا، بە تایبەتی لە ناو پەرلەمانی فیدرالی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی شیعە یەکگرتوو دەبن، بەڵام لە مەودای ئێستادا جۆرە پشێوییەك لە ناو ریزەکانی شیعەی سیاسی پەیدا بووە، بۆیە هەڵوێستی شیعە لە ناو گۆڕەپانی ئەمڕۆی عێراقدا لاوازتر لە جاران دێتە بەرچاو. بگرە ئەگەر هێزە دەرەکییەکان بەردەوام

بن لەسەر دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی شیعەی عێراق، دوور نییە ئەو لاوازییەی ئەمڕۆ ببێتە لاوازییەکی بەردەوام لە ناو بونیادی شیعەی سیاسی لە عێراقی تازەدا.

لەولاوە، پێکهاتەی سوننەی عەرەبیش لە بارەی هەڵبژاردنی داهاتووەوە بارودۆخێکی خراپ و ئاڵۆزیان هەیە. تا ئێستا هێزە گرنگەکانیان نەیانتوانیوە خۆیان لە لیستێکدا کۆ بکەنەوە. لەولاتر حزبی ئیسلامیی عێراقیش کە یەك لە هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی عەرەبی سوننەیە، تووشی ئینشیقاقێکی گەورە هاتووە، بە هۆی ئەوەی تاریق ئەلهاشمی جێگری سەرکۆماری عێراق لە ریزەکانی چۆتە دەرەوە، هەروەها لاوازییەکی دیکەی سوننەی عەرەب لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە چەند کەسایەتی و عەشیرەت و لایەنێکی سیاسی ئەو سوننەیە دەستی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی شیعە تێکەڵ کردووە، چۆتە ناو لیستەکانی ئیتلافی نیشتمانی و ئیتلافی دەوڵەتی یاسا.

ئەوەی زۆرتر بارودۆخی سوننەی عەرەبی لاوازتر کردووە ئەوەیە، کە سوننە وەك شیعە، یان کورد خاوەنی هیچ مەرجەعیەتێکی ئایینی یان سیاسی نییە کە کۆی بکاتەوە. لەلای شیعە، مەرجەعیەتی ئایەتوڵا عەلی سیستانی هەموو لایەنە شیعەکان کۆدەکاتەوە. لە لای کوردیشەوە مەرجەعیەتی سیاسیی جەنابی سەرۆك بارزانی هەموو لایەنە کوردییەکانی کۆ کردۆتەوە، بەڵام سوننەی عەرەب بێ ئەوەی چەترێك هەبێت کۆیان بکاتەوەو تەوازنێك ببەخشێتە جوڵانەوەکانیان سەرگەردانن. ئەمەش سەرچاوەیەکی دیکەی لاوازیی بۆ سوننەی عەرەب خوڵقاندووە.

بە هەرحاڵ، هەلومەرجی کورد لە بواری هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، تا ئێستا، لەوەی لایەنەکانی دیکەی عێراق زۆر باشترە. بێگومان ئەم هەلومەرجە زۆر باشترو بە هێزتریش دەبێت ئەگەر بێت و لە ئێستاوە خۆمان لە ناو یەك لیستی کوردستانی دا کۆبکەینەوەو بە یەك لیستیش بەرەو بەغدا بچین. یەك لیستیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان نەك هەر هەڵوێستەکانمان بە هێز دەکات، بەڵکو ئالیەتێك و یاریدەدەرێکی گەورەیشمان بۆ پێك دەهێنێت تا لە بواری دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانمان بە هێزتر بچینە پێشەوە.

لێرەوە، کورد بە بۆچوونی من دەبێت بە دیققەت لە چەند ئەرکێکی گرنگ بڕوانێت:

یەکەم، بەرنامەیەکی تێروتەسەل بۆ کاری هەڵبژاردنی عێراق دابڕێژێت تا بەشداریکردنی کوردستان لە هەڵبژاردندا بە شێوەیەکی رێکوپێك بێتە بەرچاوان. کورد ئێستا لە بواری دیموکراسیدا هەر نەبێت پانزە ساڵ لە پێشەوەی عەرەبی عێراقە. بۆیە لە رووی رێکوپێکی و تەکنیکی بەشداریکردنەوە، دەبێت جیاوازییەکمان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق هەبێت.

دووەم، دەنگدەرانی کوردستان بە گەرمییەوە بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بچن و هیچ دەنگێکی خۆیان بە هەدەر نەدەن. وەك لە ئەزموونەکانی پێشووتری هەڵبژاردن لە کوردستان دەرکەوتووە، بەشێکی گرنگی دەنگی دەنگدەرانی کوردستان بە فیڕۆ دەڕوات بە هۆی ئەوەی بە دیققەتەوە دەنگ نادەین.

سێیەم، بەهەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان مشووری بە یەکەوەنانی لیستێکی هاوبەش و یەکگرتوو بخۆن. راستە لە بواری سیاسیدا جیاوازیمان هەیە، بەڵام پێویستە لە بواری نەتەوەییدا هیچ جیاوازییەك نەهێڵین و ئەو راستییە لەبەر چاو بگرین کە یەك لە هەوڵەکانی دوژمنان و ناحەزانی کوردستان ئەوەیە پارچە پارچەمان بکەن و گرێ و گۆڵ بخەنە ناو هەڵوێستی نەتەوەییەمان. یەك لیستی لە ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆ کورد، یەك لە پێداویستییە گرنگەکانە.

چوارەم، لە ئێستاوە مشووری ئەوە بخورێت بەرنامەو ستراتیژێکی رێك و پێك بۆ کاری کورد لە بەغدا دابڕێژرێت. پێویستە کارو رەفتاری لەمەو دوامان لە بەغدا لەسەر بنەمای بەرنامەو ستراتیژی داڕێژراو بێت، نەك هەروا بە پەلە پەلی و ئیرتیجالی.

پێم وایە، بە جێبەجێکردنی ئەم چوار مەسەلەیە، کورد دەتوانێت هەڵوێستێکی بەهێز نەك تەنیا بۆ دەوری کورد لە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق، بەڵکو بۆ تەواوی کورد لە ناو دەوڵەتی عێراقدا دابڕێژێت. ئەمەش وەك لای هەمووومان مەعلوومە، یەك لە هەنگاوە گەورەکانە.

دیمەوە سەر ئەوەی بڵێم، هەق وایە بەو پەڕی حەماس و دڵگەرمییەوە بەشداری لە هەڵبژاردنی عێراق بکەین. بەوپەڕی هەست کردن بە مەسئولیەتەوە هەرچی جیاوازییەکی سیاسیمان هەیە لە بوارە جیا جیاکاندا بیانخەینە لاوەو یارمەتی جەنابی سەرۆك و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بدەین، بۆ ئەوەی بتوانن پارێزگاری لە مافەکانمان بکەن. ئەو دەرفەتەی لە ئەمڕۆی کوردستان و عێراق و جیهاندا بۆ کورد هاتۆتە پێش دەرفەتێکی نایاب و دەگمەنە. با بە سەرەڕۆیی و پەلە پەلی لە دەستی نەدەین و بۆ هەموو گەلانی عێراق و گەلانی ناوچەکەو جیهان بیسەلمێنین کە کورد میللەتێکی شایستەیە بۆ بەڕێوەبردنی خۆی.

هەندێکجار راوبۆچوونی وا دێتە پێش، گوایە مەسەلەکەی مەسەلەی دیموکراسییە و کوردیش وەك میللەتان مافی ئەوەی هەیە هەوڵ بدات کەڵك لەم دیموکراسییە وەربگرێت. راستە سەردەم سەردەمی دیموکراسییە، بەڵام دیموکراسیش لە وڵاتێکی وەکو کوردستان لەسەر بنەمای هەست بە مەسئولییەت کردن دادەمەزرێت. بێ ئەو هەست کردنە، نەك تەنیا دەستکەوتەکان بەڵکو دیموکراسییەکە خۆیشی لە ناو دەچێت. بەڵام ئەگەر هەست بە مەسئولییەت کردنی نەتەوەیی بکەین بە پێوانە لە بواری دیموکراسیدا، ئەوا دەتوانین گەشە بە دیموکراسیەکەو بە دەسکەوت و مافەکانیشمان بدەین.

**مەترسییە گەورەکەیان ئەوەیە مانەوەی کێشەو ناکۆکی لە نێوان کوردو عەرەب زەمینە خۆش بکات لەبەردەم تەقینەوەی شەڕو توندوتیژییەکی نەتەوەیی لە عێراقدا**

**مشووری ئەوە بخورێت بەرنامەو ستراتیژێکی رێک و پێک بۆ کاری کورد لە بەغدا دابڕێژرێت**





## ئیدارەی ئۆباما و ئاییندەی عێراق

# ئایا پێش کشانەوەی هێزەکان کێشەکانی عێراق چارەسەردەکرێن؟

خەریکە ماوەی نزیکەی ١٠ مانگ بەسەر دەستبەکاربوونی ئیدارەی ئۆباما تێدەپەڕێت، بەڵام ئەوەی جێگەی باسە خەریکە هەواڵەکانی عێراق لە نێو میدیاکانی ئەمەریکا وورده وورده کەمدەبێتەوە و زیاتر بە هەواڵەکانی ئەفغانستان دەدرێت، ئەم پاشەکشەیە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە چیدیکە عێراق ئەولەویەتی ژمارە (یەك)ی لە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما نابێت، ئەمە دیوی دەرەوەی ئەو شرۆڤە و باسانەیە کە ڕۆژانە لە چاودێر و شرۆڤەکارانی بارودۆخی عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بەعێراق گوێ بیستی دەبین، ئەگەر ئەم شرۆڤانە بەوجۆرە بن کە ڕۆژانە گوێ بیستی دەبین مانای وایە ئەمەریکا دەستی لە عێراق شتووەو تەنها مەبەستی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەبێت لە عێراقدا، بەڵام بەدیوێکی دیکەشدا ئەگەر بەم ئاراستەیە ئەمەریکا سیاسەتی خۆی بەرامبەر عێراق پیادە بکات، ئەوە مانای ئەوەیە پێشبینییەکەی گەورە تۆژەری ئەمەریکی و خاوەنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دێتە دی و سەردەمی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا کۆتایی پێ دێت، هاس کە لەسەردەمی ئیدارەی کلینتۆن سەرۆکی ستاقی پلاندانان بوو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، ئێستا سەرۆکی سەنتەری ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمەریکایە(CFR)'ە، هاس لەو وتارەکەیدا کە ساڵی ٢٠٠٧ لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاویکردەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردبۆوە ئەگەر ئیدارەی بوش بەمجۆرە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پشتگوێ بخات و خۆی لە چارەسەرکردنیان بدزێتەوە، ئەوا سەردەمی هەژموون و باڵادەستی ئەمەریکا لە ناوچەکە کۆتایی پێدێت، هەروەها ئاماژەشی بەوە کردبوو، کە ئەگەر ئەمەریکا شەڕی عێراق بدۆڕێنێت، ئەوا هێندەی دیکە هەژموونی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دێتە خوارەوە، هەردوو پرۆفیسۆری دیکەش ( ڤەلی ناسر و ڕای تەکیان) کە دوو تۆژەری دیکەی دیاری ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمەریکان، ئەوانیش لە وتارێکی هاوبەشدا کە لەسەرەتای ٢٠٠٨ لە فورین ئەفێرز بە ناونیشانی ( باجی سیاسەتی ئیحتوا ) بڵاویانکردبووە، دیسان ئەمەریکا لەوە ئاگادار دەکەنەوە کە زۆر زەحمەتە بتوانرێت بەڕێگەی ئەم سیاسەتە جڵەو گیری ئێران بکرێت و نفوزی لە ناوچەکە کەمبکرێتەوە ڕێگەی ئەوەی لێبگیرێت پەرە بە پرۆژە نیوکلیارییەکەی نەدات.

فەرید زەکەریاش لە گۆڤاری نیوزویك لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (دووبارە بیرکردنەوە لە عێراق) کە لەساڵی ٢٠٠٧ لە نیوزویك بڵاویکردەوە، دیسان ئەمەریکا لە پیادەکرنی سیاسەتی هەڵە لە عێراقدا ئاگادار دەکاتەوە و پێشنیار دەکات لەبری ئەوەی بیر لە سەرکەوتن بکرێتەوە لە عێراقدا باشترە بیر لە ڕێگە چارەیەك بکرێتەوە کە ئەمەریکا شەڕەکە نەدۆڕێنێت، بۆ ئەمەش زەکەریا هۆشداری دەداتە ئیدارەی ئەمەریکاو ڕاشکاوان پێیان دەڵێت، بۆ ئەوەی کارەساتی ڤێتنام دووبارە نەبێتەوە باشترە مامەڵەی کۆریا لەگەڵ عێراق بکرێت، فەرید زەکەریا لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی کۆریا لە عێراقدا مەبەستی ئەوەیە:

١- بارودۆخی عێراق وەك یەك پارچە سەیر نەکرێت، لەبەر ئەوەی بەشەکەی کە پێی دەڵێن هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، لە هەموو ڕوویەکەوە لە باردۆخی بەشەکانی دیکەی عێراق جیاوازە، ئەو بەشە سەقامگیرە و دەتوانرێت هاریکاری بکرێن بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو پێشەوە بچن.

٢- بەشە کوردییەکەی عێراق حەزیان بە دۆستایەتی ئەمەریکایە، لەو ناوچەیە هەتا ئێستا سەربازێکی ئەمەریکی نەکوژراوە، بۆیە دەبێت ئەمە لەبەر چاو بگیرێت و وەك هاوپەیمان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

٣- ئەو هەرێمە بۆ دیموکراتی دەگونجێت و کەشوهەوای لەباری بۆ دیموکراتی تیدا فەرهەمکراوە، بۆیە ناکرێت ئەم بەشە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق پێکەوە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت.

فەرید زەکەریا کە بۆ ئەمساڵ یەکێك بوو لە پاڵێوراوانی خەڵاتی میلتۆن فیدمان بوو بۆ ئازادی، زۆر شارەزایانە دەستنیشانی باردۆخی عێراقی کردبوو، هەروەك چۆن دوای ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ سەردانی عێراقی کردوو هەر لەدوای ئەو سەردانەی بۆ عێراق و لە وتارێکیدا لە نیوزویك ئەوەی ئاشکرا کرد کە زۆر زەحمەتە لەبەشە عەرەبییەکەی عێراق دیموکراسی بونیاد بنرێت، جارێکی لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەمەریکا ئاگادار دەکاتەوە کە دەبێت چارەسەرەکانی عێراق جیابکرێنەوە، هەربۆنموونە چۆن دەبێت چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و چەکدارەکانی سەحوە تێکەڵ بکرێت، یان چۆن دەبێت شێواندنی دیموگرافیا و جوگرافیا و هەیکەلی ئیدارەی پارێزگای کەرکوك، وەك کێشەی دابڕانی ناحیەیەك لە کەربەلاوەوە بۆ سەر ڕومادی سەیر بکرێت؟،بۆیە ئێستاش کە دەبیین دوای ١٠ مانگ تێپەڕبوونە بەسەر دەستبەکاربوونی ئیدارەی ئۆباماو هەستنەکردن بە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەسیاسەتی تازەی ئیدارەی ئۆباما هەستدەکرێت ئەو قسانەی ئۆباما لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەیکرد و خاتوو هیلاری کلینتۆن ( ئەوکات پاڵێوراوی دیموکراتەکان بوو بۆ سەرۆکی ئەمەریکا ) کە بانگێشەی بۆ ئەوە دەکرد کە بووە سەرۆك هێزی ئەمەریکا لە کوردستان بڵاو دەکاتەوە، جۆزێف بایدن کە سەرۆکی ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس بوو، ئیمزای بۆ فیدرالیزەکردنی عێراق کۆدەکردەوە، ئێمە بە هیوای ئەوە بووین لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئەم تیمە گۆڕانکاری گەورە لە سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر عێراق ببێن، بەڵام وەك ڕیچارد شۆڵتز کە تایبەت بەم ڕاپۆرتە لێدوانی داوە، ئەویش جەخت لەسەر دەکاتەوە کە سیاسەتی ئۆباما لە عێراقدا هیچ گۆڕانکارییەکی تیا نەکراوە.

**بەشە کوردییەکەی عێراق حەزیان بە دۆستایەتی ئەمەریکایە، دەبێت ئەمە لەبەر چاو بگیرێت و وەک هاوپەیمان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت**

## ئەگەر ئیدارەی ئۆباما وەک ئیدارەی بوش مامەڵە لەگەڵ عێراق بکات ئەوا ئایندەی عێراق دەکرێت بە قوربانی ئەفغانستان

جۆزیف بایدن لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن راشکاوانە هەڵوێستی خۆی بە دووخاڵ روونکردەوە:

١- بایدن رایگەیاند ئەو لەگەڵ شەڕی ئازادکردنی عێراق و رووخانی دیکتاتۆر سەدام حوسێن بووە.

٢- بەڵام لەگەڵ سیاسەتە نەبووە کە دوای رووخانی دیکتاتۆرییەت لە عێراقداو بۆ بونیادنانەوەی عێراق پیادەکراوە.

ئەمە مانای ئەوەیە ئەو سیاسەتە هەڵەییەی پۆل بریمەر سەرۆکی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە ساڵی ٢٠٠٣ ەوە لە عێراق پیادەی کرد، هەتا ئەو کاتەی بوش کۆشکی سپی بەجێهێشت هەڵە بووە، ئەمەش بەو مانایەی کە بوش عێراقی وەك یەك کێشە سەیرکردووە و جیاوازی لە نێوان کێشەکان نەکردووە.

پێش سەردانی ئەم دواییەی بایدن بۆ عێراق و دوای کۆبوونەوەی د.مالکی لەگەڵ سەرۆکی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق لە هاوینە هەواری دوکان، مەزندەی زۆربەی چاودێران بەو ئاراستەیە بوو، کە لەگەڵ سەردانی بایدن بۆ عێراق( ئەو سەردانە لە نێوەی مانگی رابردوو ئەنجامدرا ) پێشبینی ئەوە دەکرا، کە بایدن راشکاوانە بێتە ناو مەسەلەکە و لێژنەیەك بە چاودێری راستەوخۆی ئەمەریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان و بەغداو هەولێر دابنرێت، ئێمە دەزانین هەوڵێکی لەمجۆرە لە ئارادایە و ئەم هەوڵەش نیشانەی ئەوەیە سەرۆك ئۆباما و بایدن و کلینتۆن دەیانەوێت زیاتر بێنە ناو کێشەکان و چارەسەریان بکەن، بەڵام پەلەنەکردن بۆ هەنگاو هەڵگرتن لەچارەسەری کێشەکان جۆرە نائومیدییەك لای گەلی کوردستان دروست دەکات، بەتایبەتی کە هەندێك پێشنیار و رەفتاری ناشایستە سەبارەت بە موسڵ و کەرکوك دەبینین هەست دەکەین ئەمەریکا لە مەسەلەکەدا و بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان جیددی نییە،هەنگاوەکانی ژەنرال ئۆدریۆ جێگەی دڵخۆشییە کە هەنگاوی بۆ ئەوە هەڵگرتووە هێزی هاوبەش لەنێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق بۆ پارێزگاریکردنی ناوچە جێناکۆکەکان دروست دەکات، بەڵام وەك دبلۆماتکاری ئەمەریکی برایان کتلەس تایبەت بەم راپۆرتە قسەی بۆ کردووین، ئەم هەنگاوەی ئۆدریۆ بە تاکتیکی دەزانێت نەك بە ستراتیژی، ئەمە ئەگەر هەنگاوێکی تاکتیکیش بێت بۆئەوەی هەتا کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەر دەکرێن کارێکی ئیجابییە، بەڵام کە رەفتارەکانی ئەسیل نجێفی پارێزگاری موسڵ دەبینن دژی ئەم هەنگاوە تاکتیکییە و بەئاشکرا و تەنانەت ئەسیل نجیفی بە گوڵانیشی راگەیاندووە لە موسڵدا کوردنییە، هەروەها لەپەرلەمانی عێراقیشدا باس لەوە دەکرێت کەرکوك لە هەڵبژاردنەکان بکرێتە چوار بازنە هێندەی دیکە نائومێد دەبین، بۆیە پێویستە کێشەکانی کوردستان و بەغدا و کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان پەلە لە جێبەجێ کردنیان بکرێت و تێکەڵاوی کێشەکانی دیکەی عێراق نەکرێنەوە.

**لەبری ئەوەی بیر لە سەرکەوتن بکرێتەوە لە عێراقدا باشترە بیر لە رێگە چارەیەک بکرێتەوە کە ئەمەریکا شەڕەکە نەدۆڕێنێت، بۆ ئەوەی کارەساتی ڤێتنام دووبارە نەبێتەوە باشترە مامەڵەی کۆریا لەگەڵ عێراق بکرێت**



## دیپلۆماتکاری ئەمەریکی برایان کتلەس بۆ گوڵان:

# بۆئەوەی کورد زیاتر پێگەی لای ئەمەریکا بەهێزبێت دەبێت ناوماڵی خۆی زیاتر ڕێکبخاتەوە

**کاتێك پەیوەندی بەسەنتەری ئەمەریکایەن پرۆگرێس دەکەیت، دبلۆماتکارەکان بێ مۆڵەت وەرگرتن قسەت بۆ ناکەن، بۆیە دەبێت لەبەشی پەیوەندییەکانی سەنتەری ناوبراو ناوی میدیاکەت و ئامانجی دیمانەکەت ئاشکرا بکەیت، پاش ئەوەی کە لە ئاستی میدیاکەت دڵنیا دەبن و دەزانن ئەو میدیای داوای دیمانە دەکات شایستەی ئەوەیە قسەی بۆ بکرێت، ئەوجا ئاگادارت دەکەنەوە کە کەسی شیاو بۆ وەڵامی پرسیارەکانی تۆ، فڵان کەسە، بۆئەم راپۆرتەی ئێمە سەنتەری ئەمەریکایەن پرۆگرێس، دبلۆماتکار برایان کەتلەسیان بۆ دەستنیشان کردین، بۆیە دوای رەزامەندی سەنتەری ناوبراو کەوتینە ڕێکخستنی کاتی گونجاو بۆ ئەم دیمانەیە. دبلۆماتکار کتلەس، یەکێکە لە بەرپرسە باڵاکانی سەنتەری ناوبراو و کار لەسەر سیاسەتی ئاسایشی ئەمەریکا دەکات لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق و لە زانکۆی ۆردۆ ولسن بڕوانامەی دکتۆرای لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان وەرگرتووە، هەروەها ماوەیەك لە زانکۆی ئۆردوون خوێندوویەتی بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کتلەس یەکێکە لە دبلۆماتە سەرکەتووەکان لەبەر ئەوەی هەوڵیداوە زمانی ئەو ناوچەیە فێربێت کە کاری لەسەر دەکات، برایان کتلەر لەم لێدووانە تایبەتەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و ئەمەش دەقی دیمانەکەیە..**

**پێشنیاری جەنەراڵ ئۆدێرنۆ بە پێکهێنانی هێزی هاوبەش لە سوپای عێراق، هێزەکانی ئەمەریکا و هێزە کوردییەکان گۆڕانگارییە**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق و هەڵوێستی ئیدارەی ئۆباما دەبینیت لەئاست ئەم وڵاتەدا؟**

- من پێموایە دەکرێت بارودۆخی ئێستای عێراق بەوە شێوەیە وەسفبکەین کە ئاشتی و سەقامگیرییەکی لەرزۆکە، ڕاستە ئەو ئارامی و ئاسایشەی حاڵی حازر لە عێراقدا هەیە سێ ساڵی پێش ئێستا بوونی نەبوو کە وڵاتەکە لە شەڕی ناوخۆییەوە تێوەگلابوو، بەڵام هێشتا سەقامگیرییەکی چەسپاو نییە، لەبەر ئەوەی هێشتا گرژی و ئاڵۆزی هەیە، بە تایبەتی لە بەشی باکوری وڵاتەکەدا کە ناکۆکی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقدا هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە ئیدارەی ئۆباماوە هەبێت، ئەوا ئەم ئیدارەیە پابەندبوون و سەرقاڵییەکی کەمتری هەیە لە ئاست عێراقدا بە بەراورد بە ئیدارەی جۆرج بۆش، ئەگەرچی ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەم ئیدارەیە دەستی لە عێراق هەڵگرتووە و بە تەواوەتی خۆی دوورەپەرێز گرتووە.



*** ئایا بە تیڕوانینی ئێوە ئۆباما بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ عێراقدا دەکات، لە کاتێکدا کە دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا پاشەکشە پێبکات لە کۆتای ساڵی ٢٠١١دا؟**

- ئەمە تا ڕاددەیەکی گەورە دەوەستێتەسەر بڕیاری سەرکردەکانی عێراق و خەڵکی ئەو وڵاتە، دوواتر من هاوڕانیم لەگەڵ ئەوەی ئیدارەی ئۆباما هیچ گۆڕانگاری نەکردووە، بۆ نموونە تەنها پێشنیاری جەنەراڵ ئۆدێرنۆ بە پێکهێنانی هێزی هاوبەش لە سوپای عێراق، هێزەکانی ئەمەریکا و هێزە کوردییەکان گۆڕانگارییە، ئەگەرچی لەسەر ئاستی تاکتیکیش بێت، گۆڕانکارییە، هەرچەندە ئەمە گۆڕانکارییەکی ستراتیجیش نییە، بەڵام ئەمە سەلماندنی جیددیەت و پەرۆشی ئەم ئیدارەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، هەرچەندە ڕەنگە چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش پێویستیان بە کاتی زیاتر و کۆششی زیاتر هەبێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەمە هەوڵدانێکە بۆ کارکردن بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنیانن، بۆ نموونە بۆی هەیە ئەمە ببێتەهۆی زەمینەخۆشکردن بۆ گفتوگۆ لە نێوان لیستی حەدبا و لیستی برایەتیدا لە موسڵدا. کەواتە ئەم ئیدارەیە چالاکانەتر مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشانەدا دەکات، ئەگەرچی هەوڵەکانیشی تا ئێستا لەسەر ئاستی تاکتیکدا بن.

*** زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە کێشەی کەرکوك بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە**

**کێشەیەکی نێودەوڵەتی،، ئێمەش دەزانین هەر کاتێك کێشەیەکی ناوخۆی بووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی چارەسەرکردنی ئاسان نابێت، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- کێشەکە لەوەدایە لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا ئەو هەنگا و ڕێوشوێنانەی لە دەستوور و لە ماددەی ١٤٠ بە ڕوونی دیاری کرابوون جێبەجێنەکران، لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە نەخشە ڕێگایە بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوك و کێشەی ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە، بەڵام هەروەك بینیمان سەرکردە سیاسییەکانی عێراق نەیانتوانی پێوەی پابەندبن و جێبەجێی بکەن، کەواتە هەر کێشەیەك نەتوانرا لە لایەن هێزە ناوخۆییەکانەوە چارەسەربکرێت، ئەوا پەنا بۆ پێکهێنانی دەستەیەك یان لیژنەیەك نێودەوڵەتی دەبردرێت، لێرەدا ئەوەی جێی داخە زۆرجار بایەخی پێویست بەم کێشانە نادرێت، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بارودۆخەکە بە تەواوەتی هەڵدەکشێت و ئەگەری تەقینەوەی لێدەکرێت. من نیگەرانم لەوەی هەمان سیناریۆ لە کێشەی کەرکوکدا ڕووبداتەوە، بە تایبەتی ئێمە بارودۆخی مەترسیداری هاوینی ڕابردوومان لە بیرە کە ئەگەری پێکدادانی هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە لە ئارادابوو. پێم وایە تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتووش بایەخی پێویست بەم کێشەیە نادرێت، بەڵام پێویستە ڕاستەوخۆ دووای هەڵبژاردنەکان چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بکرێتە ئەولەویەتی یەکەمی حکومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ڕاستە پابەندبوونە دەستورییەکە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە شکێنرا و جێبەجێنەکرا، بەڵام ناکرێت هیچ کارێك نەکەین و چاوەڕوان بکەین ئەم کێشەیە خۆی چارەسەربێت.

*** بەڵام لە بەر ئەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبێتەوە، ئەوا تێکڕای لایەنەکان کەرکوك وەك کارتێکی سەرەکی بەکاردەهێنن، بە تایبەتی لایەنە عەرەبەکان بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران کەرکوك بە شارێکی عەرەبی وەسف**



**پێویستە ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکان چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک بکرێتە ئەولەویەتی یەکەمی حکومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی**

**یەکێک لە ڕێگاچارەکان بۆ کەمکردنەوە و کۆتاییهێنان بە دەستێوەردانی تورکیا لەم کێشەیەدا کارکردنە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی تورکیا**

**دەکەن، ئایا چۆن بتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرجە مەترسیدارەدا بکەین؟ بە تایبەتی کە کوردەکان ئەم مەسەلەیە بە هێڵی سوور دادەنێن و سازشی لەسەر ناکەن؟**

- من هەمیشە لەگەڵ ئەوەدام پەنا بۆ گفتوگۆ و دیبلۆماسیەت و ئامرازە سیاسییەکان ببردرێت، نەك بۆ توندووتیژی و هەڵگیرساندنی شەڕ، هەرچەندە دەبێت دان بەوەدابنێین تێرۆریستەکان و لایەنە توندڕەوەکان لە ڕێی هێرش و ئەنجامدانی تەقینەوەکانیانەوە هەندێ جار بارودۆخەکەیان بەرەو هەڵکشان بردووە و مەترسی ئەوەی لێکراوە ناکۆکییەکی بەربلاوتر و گەورەتری لێبکەوێتەوە. ئەوەی جێی داخە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو لەم مەسەلەیەدا ڕووینەداوە، ئەگەرچی لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کار بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە کێشەی کەرکوك کرا، بەڵام دەرئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتۆتەوە. من پێم وایە دەبێت ڕاستەوخۆ دووای هەڵبژاردنەکان حکومەتی عێراق هەڵبستێت بە خستنەڕووی دەستپێشخەرییەك کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لێبکات بۆ ئەوەی چارەسەرێکی کۆتای بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە.

**عێراق لە سەروو ئەولەویاتەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمەریکاوە نییە، بەڵکو ئەوەی ڕیزبەندی یەکەمی لەو لیستەدا گرتووە، بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، شەڕی ئەفغانستان و کێشەی پاکستانە وەک وڵاتێکی خاوەن چەکی ناووکی**

*** ئێمە دەبینین بەردەوام تورکیا دەستێوەردان لە کێشەی کەرکوکدا دەکات، ئەویش لە ڕێی پشتگیریکردنی تورکمانەکانی کوردستان و عێراقەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ڕێگە لە دەستێوەردانی تورکیا بگرین لەم ڕووەوە؟**

یەکێك لە ڕێگاچارەکان بۆ کەمکردنەوە و کۆتاپێهێنان بە دەستێوەردانی تورکیا لەم کێشەیەدا کارکردنە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانی تورکیا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پەکەکەوە کە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن بۆ سەرخستن و هێنانەدی ئەجێنداکەیان لە تورکیادا، ئەوەی جێی سەرسوڕمانی منە ئەوەیە بەرەوپێشچوونێکی گەورە ڕوویداوە لە بواری هاوکاریکردنی نێوان کورد و تورکیا و حکومەتی عێراقدا، ئەمە بەرەوپێشچوونێکی زۆر ئیجابییە، بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ کە تورکیا هەڵسا بە داگیرکردنی بەشێکی باکوری عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کارێکی زۆر ماوە بکرێت. لە ڕاستیدا ئەم کارە پێویستی بە زیادکردن و چڕکردنەوەی هەوڵ و کۆششە دیبلۆماسییەکانە، کە دەبێت ئەم هەوڵانەش بە ئاڕاستەی قەناعەتپێهێنان و پابەندکردنی دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق بێت بۆ ئەوەی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەدا نەکەن و ڕۆڵی سلبی لەو وڵاتەدا نەبینن، هەروەك ئەوەی لە ڕاسپاردەکانی لیژنەی بێکەر-هاملتۆندا هاتبوو کە دەبێت کار بۆ هێنانەدی هاوکاری بکرێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا بە تایبەتی لە بواری پاراستنی ئاسایشی سنورەکاندا، بەڵام من پێم وانییە ئیدارەی ئۆباما کارێکی زۆری کردبێت لەم ڕووەوە کە دەرئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێنابێت. پێمان خۆش بێت یان نا حاڵی حازر عێراق لە سەروو ئەولەویاتەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمەریکاوە نییە، بەڵکو ئەوەی ڕیزبەندی یەکەمی لەو لیستەدا گرتووە، بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، شەڕی ئەفغانستان و کێشەی پاکستانە وەك وڵاتێکی خاوەن چەکی ناووکی، ئەمەش تەحەددایەکە بۆ عێراق و بۆ خستنەگەڕی هەوڵە دیبلۆماسیە پێویستەکان لەم وڵاتەدا.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ئیدارەی ئۆباما ئامادەیە کار بۆ سنورداركردن و کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەرەکی بکات ؟**

- پێم وایە باشترین ڕێگاچارە بۆ سنورداركردن و کۆتاپێهێنان بەو دەستێوەردانە بریتییە لە باشترکردن و پتەوکردنی بارودۆخ و بەرەی ناوخۆی لە عێراقدا، ئەویش لە ڕێی پەرەپێدانی هێزەکانی ئاسایش و پتەوکردنی ئاشتبوونەوە و یەکگرتووی سیاسی لە نێوان هێزەکاندا، واتە دەبێت عێراقییەکان لە ناوخۆیاندا کار بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورەکانیان بکەن، وەك دابەشکردنی دەسەڵات، دابەشکردنی داهاتەکانی نەوتی وڵاتەکە بۆ ئەوەی بەرەیەکی بەهێز دروستبکەن و بتوانن بەرەنگای دەستێوەردانی دەرەکی ببنەوە، من باوەڕم وایە هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت ئەم کارە لە بری عێراق بکات، دوواتر خودی عێراقییەکان خۆیان سووربوون لەسەر ئەوەی خشتەیەك بۆ کشانەوەی خێرای هێزەکانی ئەمەریکا دابنرێت، کە ئیدارەی جۆرج بۆش خوازیاری ئەم کارەنەبوو، بەڵام عێراقییەکان فشاریان کردوو و ئێستاش خۆیان دەبێت کار بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە بکەن.

**باشترین کارێک کوردەکان بتوانن ئەنجامی بدەن ئەوەیە بەرەی ناوخۆی خۆیان بەهێزبکەن**

*** کورد هەمیشە هۆکاری ئارامی و سەقامگیری بوونە لە عێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا، کوردەکان دەست لە مافە دەستورییەکانی خۆیان هەڵناگرن، بەڵام ئەوەی دەبینین ئەوەیە حکومەتی عێراق ئەم مافانە پشتگوێ دەخات، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کوردەکان مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکەن؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە کێشە سیاسییە ئاڵۆزەکان و بۆتە تەحەددایەك کە پەیوەستە بە چۆنییە تی دابەشکردنی داهات و دەسەڵاتەوە، من پێم وایە باشترین کارێك کوردەکان بتوانن ئەنجامی بدەن ئەوەیە بەرەی ناوخۆی خۆیان بەهێزبکەن بۆ ئەوەیی پێگەی خۆیان باشتربکەن لای هێزە گەورەکان بە تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ببێتە بەشێك لە ئەجێندای ئەو وڵاتە. هەروەها من هیوادارم ئێمە بتوانن هاوکار و یارمەتیدەربین لە خستنەگەڕی هەوڵ و پرۆسەیەکی سیاسی و دیبلۆماسی بۆ کارکردن بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە.

*** دووا وتەت چییە؟**

- من پێم وایە هاوسۆزییەکی نزیك لە نێوان هەردوو گەلی ئەمەریکا و کورددا هەیە و من هیوادارم پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو گەلە لە هەموو بوارەکاندا بەرەوپێشبچێت و گەشەبکات، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا زیاتر هاوکاری یەکبین و پەرە بە پەیوەندییە بازرگانییەکان و بوارەکانی پەیوەست بە خوێندن و پەروەردە بدەین.

## پرۆفیسۆر پیتەر سلاگلیت تایبەتمەند لەسەر عێراق بۆ گوڵان:

# لەئایندەیەکی نزیکدا
# سوریا ناچار دەبێت چاو بەسیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە

**پرۆفیسۆر پیتەر سلاگلیت بەڕەگەز بەریتانییەو هاوڵاتی ئەمەریکایە، سەرۆکی بەشی مێژووە لە زانکۆی ئۆتا و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی هاوچەرخی عێراق ١٩١٨-٢٠٠٣، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆفیسۆر سلاگلێت زۆر لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخی عێراق دەکات و ئاگاداری گۆڕانکارییەکانییەتی، بۆ قسەکردن لەسەر ئاییندەی عێراق و پێگەی عێراق لەئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پرۆفیسۆر سلاگلیت بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

*** سەرەڕای کێشە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی، عێراق بەدەست دەستێوەردانی دەرەکیشەوە دەناڵێنێت، ئایا چۆن بتوانێت لەم بارودۆخە سەختەدا هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی گەش بنێت؟**

ئەوە ڕاستە، هەلومەرجەکە لە عێراقدا زۆر دژوارە و دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکانیش کاریگەری خراپیان هەبووە، بەڵام ئەوەی حاڵی حازر بەدی دەکەین ئەوەیە، بارودۆخی ناوخۆی ئێران زۆر ئاڵۆزە و ڕەنگە ئێران پتر سەرقاڵبێت بەکێشە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی و کات و سەرچاوەی پێویستی نەبێت بۆ ئەوەی تەرخانی بکات بۆ دەستێوەردان لەعێراقدا. هەروەها ڕەنگە زەحمەت بێت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بتوانین لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن بکەین، لەبەر ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمەریکا بە کەمی ئاماژە بە هەواڵەکانی عێراق دەکەن، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە تەقینەوەیەك ڕوودات، ئەمە لە کاتێکدا لە ڕابردوودا لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی گرتبوو، تێڕوانینەکە لە ئەمەریکا ئەوەیە بەرەوپێشچونێك لە بارودۆخی ئەمنی عێراقدا ڕوویداوە.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ئیدارەی ئۆباما ئامادەیە کار بۆ سنورداركردن و کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەرەکی بکات، بۆ ئەوەی لەکاتی کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا وڵاتێکی سەقامگیری جێبهێڵێت لە دووای خۆی؟**



- کێشەگەلێکی زۆر هەیە لە عێراقدا و کێشەکانیش سەختن، زۆرجار هۆکار و سەرچاوەکەش دەستێوەردانی دەرەکییە، بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکی وەك سعودییە بڕوانین ئەوا چەند لایەنێك لەو وڵاتە هەن هەوڵی ناسەقامگیرکردنی عێراق دەدەن نەك خودی حکومەتی سعودییە خۆی، لە کاتێکدا گومانی ئەوەیە هەیە کە حکومەتی ئێران خۆی سەرپەرشتی هەوڵەکانی دەستێوەردان دەکات لە عێراقدا، ئەگەرچی لە ئێستادا بەهۆی هەلومەرجە ناوخۆییەکانەوە تا ڕادەیەك سەرقاڵە و ڕەنگە نەتوانێت کاتی پێویست بۆ ئەم دەستێوەردانە تەرخان بکات.

*** زۆربەی دەستێوەردانەکان لە ناوەڕاست و باشوری عێراقدان و هەرێمی کوردستان هەرێمێکی سەقامگیرە، بەڵام بەهۆی کێشەی کەرکوکەوە ئاڵۆز و گرژی لە نێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانداهەیە، ئایا ئەمەریکا تا چ ڕاددەیەك کاردەکات بۆ هێورکردنەوەی ئەم بارودۆخە و بۆ ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی لەسەر ئەم کێشەیە؟**

- کەرکوك یەکێکە لەو کێشانەی وڵاتێکی وەك تورکیاش هەوڵی بایەخپێدان و کاریگەربوون دەدات بەسەریەوە، ڕەنگە چارەسەرەکە لە پێکهێنانی لیژنەیەکی بێلایەندا بێت، وەك لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە هیچ ئەندامێکی سەر بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە خۆنەگرێت، بۆ نموونە ئەگەر نوێنەرانی وڵاتانی ئەرجەنتین و کەنەدا بڕیار لەسەر چارەنوسی کەرکوك بدەن ڕەنگە شتێکی مەعقول بێت. ئێمە دەزانین زۆرجار سپاردنی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە دەستەیەك یان دەزگایەکی نێودەوڵەتی زۆر سەرکەوتونەبێت، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەستێوەردانێکی زۆر هەیە لە لایەن دەوڵەتە دراوسێکانەوە بۆ کاروباری ناوخۆی عێراق لە لایەن تورکیا و ئێران و وڵاتانی دیکەوە ئەوا

**بارودۆخی ناوخۆی ئێران زۆر ئاڵۆزە و ڕەنگە ئێران پتر سەرقاڵبێت بەکێشە و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی و کات و سەرچاوەی پێویستی نەبێت بۆ ئەوەی تەرخانی بکات بۆ دەستێوەردان لەعێراقدا**



ڕەنگە پەنابردنە و ســوودوەرگرتن لە دەزگایەکــی نێودەوڵەتی کارێکی باش بێت، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت ئەو لایەن و دەوڵەتانە بەشــداربن کە هیچ بەرژەوەندییەکیان نەبێت لەوەی کێشەکە بە ئاڕاستەیەکی دیاری کراودا چارەسەربکەن، وەك وڵاتانی ئەرجەنتین و کەنەدا. من پێم وایە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردســتان داوای لیژنەیەکی نێودەوڵەتــی هەمیشــەی بــکات بۆ ناوبژیوانی و میانگیری کردن، لیژنەیەك لە نوێنــەری ئەو وڵاتانــە پێکهاتبێت کە هیــچ بەرژەوەندییەکیــان نییە لە کێشــەکەدا، لەبەر ئەوەی ئەم کێشــەیە چەندین لایەنی مەحەلــی و ئیقلیمی هەیــە، وەك تورکیا و دەســتێوەردانی ســعودییە و هتد، ئەمە جگە لە لایەنە ناوخۆییەکان کە هەموویان ســوورن لە ســەر هەڵویســتی خۆیان، لە کاتێکدا چارەسەرکردنی کێشــەکە پێویستی بە سازشی هەمولایەك هەیە.

*** دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق هەوڵ دەدەن کاریگەربن بەســەر لایەنە جیاوازەکانی عێراقەوە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، بۆ نموونە ئێران بەســەر شیعەکانەوە و سعودییەش پاڵپشتی سوننەکان دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی ئەم دەوڵەتانە هەوڵــی دژایەتی یەکتر دەدەن لەســەر حسابی عێراقییەکان؟**

- ئــەوەی مــن دەتوانــم ئامــاژەی پێبکەم ئەوەیە هەندێ لە ســەرچاوە و هۆکارەکانی کێشــەکانی عێراق بریتیە لە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوان پارتە سیاسییە شــیعەکان لە ناو خۆیاندا، بۆ نموونە لە نێوان ئەو پارتانەی پشتیوانی و دۆســتایەتی ئێران دەکەن و ئەوانەی بەرهەڵستی و دژایەتی دەکەن، هەروەها من نازانــم ئەمەریکا چــۆن دەتوانێت ئــەم دەســتێوەردانانە بووەســتێنێت، دەبێــت ئەمەریکا هەڵســەنگاندنێکی قوڵتــر بکات بــۆ بارودۆخەکە. ئەوەی پەیوەنــدی بە ســعودییەوە هەبێت ئەوا ئەمەریکا ناتوانێت سعودییە ناچاربکات لەبەر ئەوەی هەروەك پێشــتر باسم کرد حکومەتی ســعودییە بە شــێوەیەکی ڕەسمی پشــتیوانی ئەو کەسانە ناکات کە دێنە ناو عێراقەوە و ناسەقامگیری دروست دەکەن.

*** ســوریا بــە دوو شــێوە دژایەتــی ئەمەریکا دەکات، لــە لایەك ڕێگە بە پەڕینــەوەی تیرۆریســتەکان دەدات بۆ ناو عێراق، هەروەها سوریا بەشداری لە پرۆسەی ئاشتی ناکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا ئەمەریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستی ئەم وڵاتەدا دەکات؟**

- ســوریا هەوڵی بەدەستهێنانی سازش دەدات لە ئیدارەی ئۆباما و ئیســرائیل، بەڵام من پێم وایــە، هەرچەندە ڕەنگە هەڵەش بــم، زۆری پێناچێت ســوریا ناچاردەبێت پێداچونەوە بە سیاسەتەکانیدا بکات، لەبەر ئەوەی ســوریا پەرۆشە بۆ ئەوەی شــەریکی هەبێت لە ناوچەکەدا و دوووبارە ئاوێتــەی ناوچەکە بێت لە ڕوی سیاســییەوە، لەبەر ئەوەی حاڵی حــازر تەنهــا هاوپەیمانی ســوریا لە ناوچەکەدا ئێرانە کە ســەرقاڵە بە کێشە ناوخۆییەکانییەوە.

*** ئایا ئاینــدەی پەیوەندی ئەمەریکا و هەرێمی کوردســتان چۆن دەبینیت؟ ئایــا تــا چ ڕاددەیــەك کــوردەکان پشتیوانی ئەمەریکا بەدەستدەهێنن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێش ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق جێبهێڵن؟**

- پێشبینی کردنی ئاڕاستەی ڕووداوەکان لــە ئاینــدەدا زەحمەتە، بــەڵام ئەوەی بەدی دەکەین ئەوەیە کەســانێك هەن لە ناو ئیدارەی ئەمەریکا پشــتیوانییەکی گەورەی کــوردەکان دەکــەن، هەروەها کەســانێکی نزیــك هەن لــە ئیدارەکە پێشــنیاری دابەشــکردنی عێراقیــان کــردووە، ئەگەرچی ئێســتا باســی لێوەناکرێــت، بەڵام من پێــم وایە ئەوە بیرۆکەیەك بوو جێبەجێکردنی مومکین نەبوو.

*** زۆرێــك لــە چاودێران پێیــان وایە ئیدارەی ئۆبامــا بایەخێکی کەمتر بە عێــراق دەدات و زیاتر تەرکیز لەســەر**

کەسانێکی نزیک هەن لە ئیدارەکە پێشنیاری دابەشکردنی عێراقیان کردووە، ئەگەرچی ئێستا باسی لێوەناکرێت



**ئەفغانستان دەکاتەوە، ڕاوبۆچوونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا هەر لە سەرەتاوە ئۆباما پێی وابوو دەستێوەردان و هەڵگیرساندنی شەڕ لە دژی عێراق کارێکی هەڵەبووە، لە هەمان کاتدا پێی وایە بارودۆخی ئەفغانستان زیاتر مایەی مەترسییە و ئەفغانستان زیاتر سەرچاوی هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمەریکا نەك عێراق، هەروەها پێی وایە عێراق بەرەو باشتربوون و چەسپاندنی سەقامگیری هەنگاودەنێت، ئەمە تێڕوانینی ئیدارەی ئۆبامایە، ئەگەرچی ڕەنگە دووریش بێت لە واقیعەوە، بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنەکەیە.

*** هەندێ لە لایەنەکانی ناو عێراق وەك ڕەوتی سەدر هەوڵی ئەوەدەن دووای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق بکەنە بنکەیەکی تیرۆریستی لە ناوچەکەدا، ئایا تا چ ڕاددەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەم مەترسیەی لەبەرچاو گرتووە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاوبێت ئەو پشێوی و ئاڵۆزییەی لە عێراقدا دروستبووە ئەمەریکا لێی بەرپرسیارە، ڕاستە زۆر کەس لە ئەمەریکا بانگەشەی ئەوە دەکەن دەبێت ئەمەریکا خۆی لەم پشێوییە ڕزگاربکات و پاشەکشەبکات بۆ ئەوەی عێراقییەکان خۆیان بگەنە ڕێککەوتنێك لە نێو خۆیاندا، بەڵام من دڵنیانیم ئەوە ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخە پڕ لە پشێوییەی ئەمەریکا دروستی کردووە، ڕەنگە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژتر لەوەی ئۆباما خوازیارێتی کارێکی پێویست بێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من پێم وایە باشترین و گرنگترین دەستکەوت لەو بارودۆخە ناخۆش و خراپەی لە عێراقدا هەیە ڕوخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن بوو، ئەمە دەستکەوتێکی گرنگ بوو، ئایا دەکرا بە شێوەیەك ئەم کارە ئەنجامبدرایە کە قوربانییەکی کەمتر و خەسارەتێکی کەمتری لێبکەوتایەتەوە، بە دڵنیاییەوە، بەڵام ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە سەرەڕای هەڵە گەورەکانی ئەمەریکا چۆن کاربکەین بۆ بەرەوپێشبردن و باشترکردنی بارودۆخەکە بۆ ئەوەی ئایندەیەکی پڕ لە ئاشتی و گەشەکردن بۆ عێراق بێتەدی؟ هەرێمی کوردستان لە دووای ساڵی ٢٠٠٣ەوە هەرێمی گەشەکردوو و ئارام بووەو من ئومێدەوارم درێژە بەم بارودۆخە بدەن، هەروەها دەبێت توێژی گەنج و لاوانی هەرێمی کوردستان ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت کە زۆربەی دەوڵەتانی دەوروبەری عێراق دەوڵەتگەلێکی عەرەبین و دەبێت بایەخ بە فێربوونی زمانی عەرەبی بدەن بۆ ئەوەی ئاوێتەی دەوڵەتی عێراقی بن لە ڕووی سیاسییەوە و لە ڕووەکانی دیکەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە ڕق و کین لە نێوان عەرەب و کوردەکاندا نەبووە.

**چۆن کاربکەین بۆ بەرەوپێشبردن و باشترکردنی بارودۆخەکە بۆ ئەوەی ئایندەیەکی پڕ لە ئاشتی و گەشەکردن بۆ عێراق بێتەدی؟**

## پرۆفیسۆر ریچارد شۆڵتز بۆ گوڵان:

# تائێستاش ئیدارەی ئۆباما سیاسەتی ئیدارەی بوش لەعێراقدا جێبەجێ دەکات

**پرۆفیسۆر ریچارد شۆڵتز، ناوێکی دیاری نێو ئەو ئەکادیمیانەیە کە ڕۆژنامەی بۆستن گلۆب وەک ١١ هەمین پسپۆر لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتی دەستنیشانی کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەسەر ئاستی جیهان لەریزی پێشەوەی ئەو تۆژەرانەیە کە هەموو ئیدارەکانی ئەمەریکایە رایەکانی بەگرنگ وەردەگرن و کاری لەسەر دەکەن، هەرچەند پرۆفیسۆر شۆڵتز بوارێکی زۆرکەمی بۆ قسەکردن بۆ دیاریکردین، بەڵام قسەکانی گرنگن و هەڵوێستەیان لەسەر دەکرێت و جیاوازن لەو قسەو لێدوانانەی لەسەر عێراق دەدرێن، هەربۆنموونە ژەنراڵ ئەدرێۆ هەفتەی رابردوو باسی لەوە دەکرد کە لەئاییندەیەکی نزیکدا هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق دەست بەکەمکردنەوە دەکەن، بەڵام شۆڵتز لەم لێدوانە کورتەیدا بۆ گوڵان، جیا لەوەی ئەوەی رەتدەکاتەوە کە ئەمەریکا بێ حساب هێزەکانی کەمبکاتەوە، لەمەش زیاتر پێی وایە هەتا ئێستاش باراک ئۆباما سیاسەتەکانی ساڵی ٢٠٠٧ سەرۆک بوش جێبەجێ دەکات، پرۆفیسۆر شۆڵتز لەشەڕی ڤێتنامدا لەریزی سوپای ئەمەریکی بووە ئێستا ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی مەیامی و بەڕێوەبەری سەنتەری جیبسنە بۆ دیراساتی ئاسایشی نێودەوڵەتی، سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا پرۆفیسۆر شۆڵتز بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق و هەڵوێستی ئیدارەی ئۆباما دەبینیت لە ئاست ئەم وڵاتەدا؟ ئایا ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لە ماوەی ٩ مانگی ئیدارەی ئۆباما ڕوویانداوە؟**

- من پێم وایە ئەوەی لە ماوەی ٩ مانگی ڕابردووودا پیادەکراوە، درێژەپێدان و بەردەوامبوونی هەمان ئەو سیاسەتەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە دەست بە جێبەجێکردنی کرا، واتە ئیدارەی ئۆباما هەمان ئاراستەو سیاسەتی گرتووەو بە باوەڕی من گۆڕانی ئیدارەی ئەمەریکا نەبۆتەهۆی پێچەوانەکردنەوەی ئەو سیاسەتە.

*** خەڵکی عێراق پێی وایە هێشتا بارودۆخەکە سەقامگیر نەبووە، چونکە ئەوە ٩ مانگە ئیدارەی ئۆباما لە دەسەڵاتدایە، بەڵام هیچ گۆڕانێك لە بارودۆخی عێراقدا بەدی ناکەین، کە جیاوازبێت لەسەردەمی بۆش، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە ئۆباما بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ عێراقدا دەکات، لە کاتێکدا کە دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا پاشەکشە پێبکات لە کۆتای ساڵی ٢٠١١دا؟ ئایا نابێت ئیدارەی ئۆباما هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بدات پێش ئەوەی بە تەواوەتی هێزەکانی بکشێنێتەوە؟**



- من پێشبینی کشاندنەوەیەکی پیشوەخت ناکەم، مەبەستم ئەوەیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ژیانی ژمارەیەکی زۆری سەربازەکانی کردۆتە قوربانی لەم وڵاتەدا، هەروەها پارە و دارایییەکی زۆر لەم وڵاتەدا خەرجکردووە و لەو باوەڕدانیم لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا گۆڕانێکی گەورە و کتوپڕ ڕووبدات.

*** ئێمە دەزانین گەلی ئەمەریکا شەکەت بوو لە شەڕی عێراق و حاڵی حازر ئیدارەی ئۆباما پتر جەخت لەسەر ئەفغانستان دەکاتەوە، ئایا لەو باوەڕدایت کە ئۆباما چیتر بایەخ بە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق نادات و هەرچۆنێك بێت هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراقدا دەکشێنێتەوە لە کۆتای ساڵی ٢٠١١دا؟**

- ڕاستە ئەمەریکا تەرکیزێکی زیاتر دەکاتەوە لەسەر ئەفغانستان، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەو قوربانی و خەرجییەی زۆرەی ئەمەریکا لە عێراقدا گرتییە ئەستۆ، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە لە بەرەوپێشچووندایە، هەرچەندە هەڵکشان و داکشانی جار بە جارەی توندووتیژی بەدی دەکەین، ئەوا دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین بۆچی ئیدارەی ئۆباما سەرکێشی بە پێچەوانەکردنەوەو لەدەستدانی ئەم بەرەوپێشچونەوە دەکات، ئەمە نەك هەر

ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ئاسانکاریکردن بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت عێراقییەکان خۆیان بڕیار لە سەر نەخشەی سیاسی و ئابووری وڵاتەکەی خۆیان بدەن

لە ڕوانگەی سیاسییەوە مەنتیقی نییە، بەڵکــو لــە ڕووی ئیلتیزامی ئەخلاقی ئەمەریکاشەوە شتێکی نامەنتیقی دەبێت، لەبەر ئەوە مــن قەناعەتم وانییە ئۆباما ئەم کارە بکات.

*** کێشەی سەرەکی لە عێراقدا کێشەی کەرکوکــە و هەر ئەمەش ســەرچاوەی ناکۆکــی نێوان عەرەب و کوردەکانە، ئایا ئیدارەی ئۆباما تا چ ڕادەیەك بایەخ بە چارەســەرکردنی ئەم کێشەیە دەدات پێش ئەوەی هێزەکانی لە عێراقدا بکێشێتەوە؟**

- هەرچەنــدە وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریکا بایەخ بــە یەکلاکردنەوەی ئەم کێشــانە دەدات، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەبێت خودی عێراقییەکان خۆیان هەڵبستن بە چارەســەرکردنی، ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتیــدەر بێت لە ئاســانکاریکردن بۆ ئەنجامدانــی گفتوگۆ، لــە هێنانەدی ســەقامگیری و ئاســایش بۆ وڵاتەکە، بەڵام لــە کۆتاییدا دەبێــت عێراقییەکان خۆیان بڕیار لە سەر نەخشەی سیاسی و ئابووری وڵاتەکەی خۆیان بدەن.

*** لەبەر ئەوەی وڵاتی ســعودییە دژی دەســەڵاتی شــیعەکانە لە عێراقدا، ئەوا خوازیاری ئەوەیە ســوننەکان کۆنترۆڵی کەرکوك بکەن ئایا چۆن بتوانین خۆمان لە هەڕەشەکانی سعودییە بپارێزین ؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی پرسیارێکی ئیفتیرازییە «گریمانەییە»، مــن پێــم وایــە سیاســەتی وڵاتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا لە ماوەی چەند ســاڵی ڕابــردووودا لــە عێراقدا ئەوەبووە یارمەتیدەر بێت بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لە نێوان لایەنە عێراقییەکاندا بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش لە نێو خۆیاندا، ڕاســتە دەوڵەتانی دراوسێ هەوڵی کاریگەربوون دەدەن بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی عێراقــەوە، بەڵام ئامانجی ئەمەریــکا ئەوەبــووە گروپەکانی عێراق بگەنــە ڕێککەوتن و چارەســەرێك بۆ ئــەوەی کاریگەری ئەم دەســتێوەردانانە کەمبکەنەوە.

*** ئایــا هەڵبژاردنەکانــی داهاتــوو دەبنەهۆی گۆڕینی نەخشــەی سیاسی لە عێراقــدا؟ ئایا عێراقییەکان ئەوپەڕی هەوڵی دڵسۆزانەی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی عێراق؟**

- ئێمــە دەزانیــن گروپە جیــاوازەکان بەرژەوەنــدی جیاوازیان هەیە، کێشــەکە ئەوەیــە چــۆن بتوانیــن ژینگەیــەك دروستبکەین بۆ ئەوەی لایەنە جیاوازەکان پێکەوە گفتوگۆبکەن و بگەنە چارەسەر، ئەوە شــتێکی ئاســاییە و سروشــتییە، لایەنە شــیعەکان بایەخ بــە بەرژەوەندی شیعەکان بدەن و ســوننەکانیش گرنگی بە بەرژەوەنــدی گروپەکەی خۆیان بدەن، بەڵام دەبێت دوای هەڵبژاردنەکان بگەنە ڕێککەوتن و ســازش لەگــەڵ یەکدا، ئەمە پرۆســەیەکی دووروودرێژە، بڕوانن پێشــکەوتن و بەرەوپێشــچوونی ڕەوشی سیاســی لە ئەمەریکا چەنــد درێژەی کێشا. بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە لە عێراقدا لەبەرەوپێشچوندایە، هەرچەندە هێشتا بەرەوپێشچونەکە لە ئاست ئومێددا نییە .



کێشەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ژینگەیەک دروستبکەین بۆ ئەوەی لایەنە جیاوازەکان پێکەوە گفتوگۆبکەن و بگەنە چارەسەر

## گەیل پرسپێرگ بۆ گوڵان:

# ئێمە نامانەوێ دوای ئەو هەموو قوربانیەی لەعێراقدا بەخشیمان وڵاتێک جێبهێڵین کە ناسەقامگیری باڵی بەسەرداکێشابێت

**پرۆفیسۆر گەیل پرسـپێرگ، یەکێکە بەو پسپۆرانەی کە لەسەر ئاستی جیهان وەك یەکێك لەشرۆڤەگەرانی سیاسەتی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەراست هەژمار دەکرێت**
**(Expert on the middle east Global Beat-) خاتـوو گەیـل توێژەرە لەسـەنتەری ئەمریکا بۆ ئاشـتی و پسپۆرە لەسیاسەتی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق. هەروەها کەسێکی شارەزایە لەبارەی کێشەی نێوان عەرەب- ئیسـرائیل، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و ئاستی گۆڕانکاریەکانی سیاسەتی ئۆباما لەعێراقدا، خاتوو گەیل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** خەڵکـی عێـراق پێیوایە هێشـتا بارودۆخەکە سەقامگیر نەبووە، چونکە ئەوە ٩ مانگـە ئیـدارەی ئۆباما لە دەسـەڵاتدایە، بەڵام هیـچ گۆڕانێك لـە بارودۆخی عێراقـدا بەدی ناکەین کـە جیاوازبێـت لەسـەردەمی بۆش، ئایـا بەتێڕوانینـی ئایا ئێـوە ئۆباما بەهەمانشـێوە مامەڵە لەگەڵ عێراقدا دەکات لەکاتێکدا کـە دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا پاشەکشە پێبکات لەکۆتایی سـاڵی ٢٠١١دا؟ ئایا نابێت ئیدارەی ئۆباما هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بدات پێش ئەوەی بەتەواوەتی هێزەکانی بکشێنێتەوە؟**

- مـن گۆڕانـکاری گـەورە بەدی دەکەم، سـەرۆك ئۆبامـا زیاتر هەوڵ و کۆششـەکانی بـەو ئاڕاسـتەیەدا خسـتۆتەگەڕ کە یارمەتی عێراقیەکان بـدات بۆئـەوەی کەمتـر پشـت بەئەمەریکا ببەستن و خۆیان هەڵبستن بەچارەسەرکردنی کێشەکانیان، هەروەها لەنزیکـەوە ڕاوێژ لەگـەڵ بەرپرس و دەسـەڵاتدارە عێراقیەکانـدا دەکات بۆ ئەوەی بە پێی ئەو خشـتەیەی دانراو کارەکان ئەنجامبدرێت، ئەمە لە کاتێکدا جۆرج بـۆش زیاتر پشـتی بە هێزی سەربازی دەبەست و زیاتر جەختی لەسەر لایەنی سەربازی دەکردەوە. من پێموایە دەبێت ئیدارەی ئۆباما ئامانجێك دیاری بکات بۆ ئەوەی هەمولایەك کۆشش بۆ




هێنانەدی ئەو ئامانجە، بۆ نموونە دەبێت کار بۆ هێنانەدی سـەقامگیری بکات لەعێراقدا بۆئـەوەی بتوانێت هێزەکانی لەو وڵاتەدا بکێشێتەوە.

*** ئێمـە دەزانین گەلـی ئەمەریکا شەکەت بوو لەشـەڕی عێراق و حاڵی حازر ئیدارەی ئۆباما پتر جەخت لەسەر ئەفغانستان دەکاتەوە، ئایا لەو باوەڕدایت کە ئۆباما چیتر بایەخ بەچارەسەرکردنی کێشـەکانی عێراق نادات و هەرچۆنێك بێت هێزەکانی وڵاتەکـەی لە عێراقدا دەکشێنێتەوە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١دا؟**

- من باوەڕم وایـە ئیدارەی ئەمەریکا و گەلی ئەمەریکا بایەخ بەچەسـپاندن و هێنانـەدی سـەقامگیری دەدەن لەعێراقدا، بەو پێیە ئەمەریکا هەوڵ و سەرچاوەکانی خۆی بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە تەرخـان دەکات، لەبەر ئەوەی ئێمە نامانەوێت دوای ڕشتنی ئەو هەمو خوێنـە، دوای خەرجکردنی ئەو هەمو پارەیە لە عێراقدا، وڵاتێکی جێبهێڵین کە ناسەقامگیری باڵی بەسەرداکێشابێت و بەرەو هەڵوەشانەوە و هەرەسهێنان بچێت. بەبـڕوای مـن کێشـەکە ئەوەیە رای گشتی ئەمەریکا ئامادە نابێت پاڵپشتی لەشەڕێك بکات بێ ئەوەی بزانێت کەی ئەو شـەڕە کۆتایی دێت، جا ئەمە لە ئەفغانستاندا بێت یان عێراق.

*** ئایـا ئەمەریکا تـا چ ڕادەیەك ئامادەیـە کار بـۆ سـنووردارکردنی دەسـتێوەردانی دەرەکـی لەکاروباری عێراقدا بکات بۆ ئەوەی سەقامگیری لە عێراقدا بێتەدی؟**

- دەبێـت ئەمەریـکا کاریگـەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی لەڕێی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیـەوە بەکاربهێنێت بۆ قەناعەتپێهێنانی دەوڵەتە دراوسـێکان بۆئەوەی دەسـت لـەم دەسـتێوەردانە هەڵبگرن، واتە دەبێت ئەمەریکا ئاماژە و پەیامـی ئەوتۆ بدات بەم وڵاتانە کە دەبێت دەستێوەردانەکانیان ڕابگرن و چیتر ڕۆڵی سلبی نەبینن لەعێراقدا، هەرچەندە ئەمە کارێکی زەحمەتـە، لەبەرئەوەی هەر کاتێك شـەڕ لەوڵاتێکدا بەرپابوو، ئەوا دەوڵەتانی دەروبەری دەسـتێوەردان لەشەڕەکەدا بەبەرژەوەندی خۆیان دەزانن. وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەتوانێت لەڕێی فشارە دیبلۆماسیەکانەوە هەوڵی قەناعەتپێهێنانی ئەو دەوڵەتانە بدات بۆ ئەوەی سـنوورێك بۆ دەستێوەردانەکیان دابنێن.

**سەرۆک ئۆباما زیاتر هەوڵ و کۆششەکانی بەو ئاڕاستەیەدا خستۆتەگەڕ کە یارمەتی عێراقیەکان بدات بۆئەوەی کەمتر پشت بەئەمەریکا ببەستن و خۆیان هەڵبستن بەچارەسەرکردنی کێشەکانیان**

## پرۆفیسۆر ئیداورد گیبسۆن بۆ گوڵان:

# تائێستاش هەڵوێستی ئەمەریکا ڕوون نییە، لەبەرئەوەی زۆرێک لەبەرپرسانی ئەمەریکا نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی عێراقدا بکەن

**پرۆفیسۆر ئیداورد گیبسۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی نۆرس وێست. پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر فیدرالیزم و هەروەها لەسەر پرسی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوین، بۆ قسەکردن لەسەر ئاییندەی عێراق و هەڵوێستی سیاسیەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق، پرۆفیسۆر گیبسۆن بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** ئیدارەی ئۆباما بەوە دەناسرێتەوە کە هەوڵدەدات کێشەکان بەرێگەی ئاشتیانەو هێزی نەرم چارەسەر بکات بەڵام ئەوە زیاتر لە ٩مانگە ئێمە وەك عێراقیەکان هەست بەو گۆرانکاریە لەسیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق ناکەین، ئایا ئێمە هەستی پێناکەین یان ئەسڵەن لەعێراقدا گۆڕانکاری نەکردووە؟**

- من پێموایە ئاراستەی گشتی ئەم ئیدارەیە بریتیە لەوەە تەرکیزی سەربازی، یان هەوڵی سەربازی زیاتر بۆ ئەفغانستان تەرخان بکرێت، بەوپێیە نەك تەنها لەڕووی سەربازیەوە هەوڵی دوورکەوتنەوە و دورەپەرێزبوون دەدات لە عێراق، بەڵکو لە ڕووی سیاسیشەوە زیاتر خۆی لە پرۆسە سیاسیەکەی عێراق دووردەخاتەوە و ئێمە هەست دەکەین کە لەڕوانگەیەکی ستراتیجیەوە بۆ ئەمەریکا گرنگ نیە چ لایەنێك لە لایەنە ناکۆکەکانی عێراقدا باڵادەست دەبێت لە کۆتایید، ئەگەرچی ئیدارەیی ئەمەریکا بە ئاشکرا ئەمە ڕاناگەیەنێت. ئیدارەی ئۆباما پێی وایە ناتوانێت لەیەك کاتدا سەرچاوە و هێز و کاتی خۆی بۆ دو شەڕی دەرەکی تەرخان بکات، لەکاتێکدا کە دەبێت بایەخ بە چەندین ئەجێندە و ئەولەویەتی ناوخۆی گەورە بدات لە وڵاتەکەیدا، هەروەها هەر لەسەرەتاوە ئۆباما باوەڕی بە شەڕی عێراق نەبووە و خوازیاری درێژەپێدانی تێوەگلانی ئەمەریکاش نیە لەو وڵاتەدا.



*** بەڵام ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا بکشێنەوە و عێراق بەرەو پشێویی و ئاڵۆزی بچێت، ئەوا ئەمە دەبێتە شکست بۆ ئیدارەی ئەمەریکا؟**

- ئەوەی ئۆباما و ئیدارەی ئەمەریکای نیگەرانکردووە و بۆتە کابوسێك بۆ ئەم ئیدارەیە، ئەگەری شکستهێنانە لەعێراق و ئەفغانستان، بەڵام لێرەدا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین ئایا چۆن پێناسەی سەرکەوتن دەکرێت، مەبەستم ئەوەیە ئیدارەی ئۆباما پێی وایە سەرکەوتن چیە لە عێراقدا، ڕەنگە وەڵامی ئەم ئیدارەیە ئەوەبێت دەکرێت کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و جێهێشتنی عێراقێك کە سەقامگیریەکی ڕێژەیی تێدابێت بەسەرکەوتن لەقەڵەم بدرێت، بەڵام ئەمەریکا ناتوانێت تێکڕایی کێشەکانی عێراق چارەسەربکات، بەو پێیە ناکرێت دەقا و دەق ئەوە دیاری بکەین سەرکەوتن چییە، بەو پێیە هەر دەبێت لە عێراق بکشێێنەوە، بەشێوەیەکی خێرا یان بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ، هەمان گرفت لە ئەفغانستاندا ڕوبەڕوی ئەمەریکا دەبێتەوە، ئایا ئامانجەکە چییە لەئەفغانستاندا؟، دەبێت ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا چەند بێت؟ کەواتە ئەمەریکا لەم ڕووەوە سەرقاڵی پێداچونەوەیە، بەهەمانشێوە لەعێراقدا ئەو پرسیارە دەکرێت ئایا ئەمەریکا ئامانجەکانی خۆی لە عێراقدا هێناوەتەدی، هەندێك دەڵێن بەڵێ و هەندێکی دیکەش دەڵێت تێکڕایی ئامانجەکان نەهێنراونەتەدی، بەڵام ئەوە کاری ئەمەریکا نیە کێشەکانی عێراق چارەسەربکات و دەبێت لەو وڵاتە بکشێینەوە. کەواتە مشتومڕێکی زۆر لە نێو سەرکردەکانی ئەمەریکادا هەیە دەربارەی ئەوەی دەبێت چی بکرێت، کێشەکە ئەوەیە ئەفغانستان سەرچاوە و کۆشش و کاتێکی زیاتری بۆ تەرخان دەکرێت و خەڵکانێکی هەن لەئەمەریکادا سوورن لەسەر ئەوەی دەبێت پاشەکشە بە هێزەکانی ئەمەریکا بکرێت عێراقدا.

ئەوەی ئۆباما و ئیدارەی ئەمەریکای نیگەرانکردووە و بۆتە کابوسێک بۆ ئەم ئیدارەیە، ئەگەری شکستهێنانە لەعێراق و ئەفغانستان

*** بەڵام لەعێراقدا گرنگترین کێشە کە بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە، کێشەی کەرکوکە، ئێستا ئەم کێشەیە خەریکە دەکەنە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، ئەمەش واتە پشتگوێخستنی ئایا بەرێزت لەمبارەوە چی دەڵێن؟**

- لەبەرئەوەی هەر کاتێك کێشەیەك

بووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی ئەوا لایەنگەلێکی زۆر هەوڵی دەستێوەردان، یاخود کاریگەربوون دەدەن بەسەر پرۆسەی چارەسەرکردنەکەوە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێنێتەوە، واقیعەکە ئەوەیە ئەمەریکا ناتوانێت کاریگەربێت بەسەر باشوری وڵاتەکەوە، هەروەها بەسەر ناوەڕاستی وڵاتەکەوە، ئەوەی ئەمەریکا دەتوانێت ئەنجامی بدات تەرکیزکردنە لەسەر باکوور و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەوەی هیچ ناکۆکی و ئاڵۆزیەك ڕونەدات لەگەڵ تورکیادا، ئەمە یەکێکە لە ڕێگاچارەکان، لەبەرئەوەی هەندێ کەس پێیانوایە ئەمەریکا بەرپرسیارێتی لەئەستۆیە بەرامبەر چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی دیاریکراو لەهەندێ شوێنی دیاری کراوی وڵاتەکەدا، بەڵام ئایا ئەمە جێبەجێ دەکرێت و ئەم ڕێگاچارەیە پیادە دەکرێت، من پێموایە هێشتا هەڵوێستی ئەمەریکا ڕوون نییە، ڕوون نییە لەبەرئەوەی زۆرێك لە بەرپرسانی ئەمەریکا نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن.

**ئەمەریکا دەتوانێت لەڕێی گفتوگۆ یان گوشارەوە دەستێوەردانی دەرەکی کەم بکاتەوە**

*** هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە ئەمەریکا تەنها بۆ پاراستنی سەقامگیری عێراق هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدات، نەك مەبەستی ئەوەبێت کێشەکە چارەسەربکات، لە کاتێکدا چارەسەرکردنی کێشەکە دەبێتەهۆی سەقامگیری، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمەریکا چارەسەرکردنی کێشەکە و مەسەلی سەقامگیری لێکجیادەکاتەوە؟**

- لەبەرئەوەی چارەسەرکردنی کێشەکان کارێکی زەحمەتترە، ئەمەریکا خوازیاری ئەوەیە جۆرێك لە ئارامی لە عێراقدا بهێنێتەدی، بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوەبکات وڵاتەکە سەقامگیرە و ڕایبگەیەنێت ئێمە سەرکەوتوبوین و ئێستا دەتوانین بکشێینەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بە جیهان بڵێت ڕاستە کێشەکان چارەسەرنەکراون، بەڵام سەقامگیری لە ئارادایە و ئێستاش مەسەلەکە بۆ خودی عێراقیەکان خۆیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چارەسەریان بکەن، واتە هەوڵی ئەمەریکا ئەوەیە کاتێك عێراق جێدەهێڵێت وەك شکستخواردویەك جێینەهێڵێت، هەرچەندە ئەم شێوازی کارکردنەی ئەمەریکا نابێتەهۆی هێنانەدی سەقامگیری لە مەودای دووردا.

*** لەبەرئەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان نزیکدەبێتەوە، ئەوا تێکڕای لایەنەکان کەرکوك وەك کارتێکی سەرەکی بەکاردەهێنن، بە تایبەتی لایەنە عەرەبەکان بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران کەرکوك بەشارێکی عەرەبی وەسفدەکەن، ئایا چۆن بتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرجە مەترسیدارەدا بکەین؟**

- بیروبۆچونی باو ئەوەیە ئەمەریکا ناتوانێت ئەم کێشەیە چارەسەربکات، چونکە لەم ڕووەوە توانایەکی سنووورداری هەیە، ئەوەی ئەمەریکا دەتوانێت ئەنجامی بدات ئەوەیە یارمەتی لایەنە ناکۆکەکان بدات بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە بارەی چارەسەرکردنیەوە بکەن، هێزەکانی ئەمەریکا ناتوانن تا ئەو کاتە بمێننەوە کە تێکڕای کێشەکان چارەسەردەبن، ئەمەریکا دەتوانێت لە ڕێی خولقاندنی ژینگە و کەشێکی سەقامگیرەوە دەرفەتێك بۆ عێراقیەکان بڕەخسێنێت بۆ کارکردن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە.

*** ئێمە دەبینین بەردەوام تورکیا دەستێوەردان لەکێشەی کەرکوکدا**



**دەکات، ئەویش لەڕێی پشتگیریکردنی تورکمانەکانی کوردستان و عێراقەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ڕێگە لەدەستێوەردانی تورکیا بگرین لەم ڕووەوە؟ هەروەها سوریا بەدوو شێوە دژایەتی ئەمەریکا دەکات، لەلایەک ڕێگە بەپەڕینەوەی تیرۆرستەکان دەدات بۆ ناو عێراق، هەروەها سوریا بەشداری لەپرۆسەی ئاشتی ناکات لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا ئەمەریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستی ئەم وڵاتانەدا دەکات؟**

- من پێموایە ئەگەر ئەمەریکا بیەوێت سوریا ڕۆڵێکی یارمەتیدەر ببینێت لە مەسەلەی ئێراندا، یاخود ئەگەر سوریا بیەوێت ئەمەریکا هاوکاری بێت لە هەندێ مەسەلەدا، ئەوا دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێك. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە عێراقدا نامێنێتەوە، بەو پێیە ناتوانێت کارێکی زۆر بکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دەستێوەردانانە، من پێموایە ئەمەریکا دەتوانێت لەڕێی گفتوگۆ یان گوشارەوە دەستێوەردانی دەرەکی کەم بکاتەوە، کە بە باوەڕی من باشترە پەنا بۆ ڕێگاچارە و هەوڵی دیبلۆماسی بدرێت، چونکە ئەمە پێویستی بە هێزێکی گەورەی سەربازی نییە و خەڵکی عێراقیش دەتوانن ڕۆڵێکی گەورەتر ببینن تێیدا.

*** کوردەکان دەست لە مافە دستوریەکانی خۆیان هەڵناگرن، بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە حکومەتی عێراق ئەم مافانە پشتگوێ دەخات، ئایا ئەمەریکا لەم ڕووەوە چ کارێك دەکات بۆ قەناعەت پێکردنی حکومەتی عێراق بە پابەندبون بە دەستورەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، چونکە ئێمە دەزانین کشانەوەی ئەمەریکا لە کاتێکدا ئەم کێشانە بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە لە بەرژەوەندی ئەمەریکا نیە؟**

- ئەگەر ڕاشکاوبم وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە نازانم، بەڵام من پێموایە ئەوەی مایەی دڵخۆشیە، ئەوەیە لەڕوانگەی ئەمەریکاوە هەرێمی کوردستان سەرکەوتوترین بەش و هەرێمی عێراقە، هەروەها لە ئەمەریکا وەك نیشانە و نمونەی گەشەکردن و سەرکەوتن ئاماژەی پێدەکرێت و دەکرێت کوردەکانیش سوود لەم تێڕوانینەی ئەمەریکا وەربگرن بۆ ئەوەی گوشاربخەنەسەر ئەمەریکا کە پاراستنی هەرێمی کوردستان بکاتە یەکێك لە ئەولەویەتەکانی، هەروەك ووتم ئەمە سەرچاوەی هیوا و ئاماژەیەکی ئومێدبەخشە بۆ کوردەکان، بۆ ئەوەی بە چەشنێك کاربکەن ئەمەریکا گوشاری بخاتەسەر ئێران و تورکیا تاوەکو سەقامگیری ئەم هەرێمە نەکەوێتە مەترسیەوە، تەنانەت لەو کاتەشدا کە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقیشدا دەکشێنەوە.

*** زۆر کەس پێیانوایە ئایندەی عێراق ڕاستەوخۆ بەندە بەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوکەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا بایەخ بەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەدات؟**

- لەڕاستیدا ئەمەریکا بە پلەی یەك بایەخ بە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەدات، لەبەرئەوەی پێویستە ئێوە ئەو پەیامە بەئەمەریکا بگەیەنن کە چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و بەردەوامبوونی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی گەشەکردوو لە بەرژەوەندی ئەمەریکادایە، لەبەر ئەوەی ئەمەریکا بە ئاسانی دەتوانێت بگاتە ڕێککەوتنێك لەگەڵ شیعەکان و لایەنەکانی دیکەدا بۆ ئەوەی لە بەرامبەر بەرهەڵستیکردنی دەستێوەردانی ئێراندا ئیمتیاز لە ئەمەریکا وەربگرن. کەواتە ئەمە بارودۆخێکی سەخت و دژوارە، بەڵام هەر دەبێت لە کۆتاییدا کێشانی ئەم وڵاتە لەسەر ئاستی مەحەلی چارەسەربکرێن.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من پێموایە کاتی ئەوە هاتووە کوردەکان سیاسەت و ستراتیژیەتێکی نوێ بگرنەبەر و هەوڵی کاریگەربوون بدەن بەسەر هێزە گەورەکانی جیهانەوە، نەك تەنها ئەمەریکا، بەڵکو وڵاتە ئەوروپییەکان و وڵاتانی دیکەش، چونکە تا ئەو کاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بەردەوامی پشتیوانی کوردەکان بکات، ئەوا کوردەکان لە پێگەیەکی باشتردا دەبن لە گفتوگۆ ناوخۆیەکاندا لەگەڵ لایەنە عێراقیەکانی دیکەدا.

**کاتی ئەوە هاتووە کوردەکان سیاسەت و ستراتیژیەتێکی نوێ بگرنەبەر و هەوڵی کاریگەربوون بدەن بەسەر هێزە گەورەکانی جیهانەوە، نەک تەنها ئەمەریکا، بەڵکو وڵاتە ئەوروپییەکان و وڵاتانی دیکەش**



**پرۆفیسۆر جاکۆب شاپیرۆ گەورە تۆژەری ستراتیژی لەسەنتەری ۆردۆ ولسن بۆ گولان:**

# دەبێ عێراقیەکان فێربن لەگەڵ یەکدا و لەنێو خۆیاندا سازش بکەن، دەوڵەتە دراوسێکانیش بگەیەننە قەناعەت ئەوەی لەعێراقدا ڕوودەدا دژی بەرژەوەندیەکانی ئەوان نییە

**پرۆفیسۆر جاکۆب شاپیرۆ گەورە تۆژەری ستراتیژییە لەئامۆژگای بەناوبانگی ۆردۆ ولسن و ئوستادی زانستی سیاسەتیشە لەزانکۆی ستانفۆرد. پسپۆر و تایبەتمەندیشە لەبواری تەحدییەکانی تیرۆر و ئاسایش و هەروەها شارەزایە لەسەر سیاسیەتی ئەمریکا لەعێراقدا، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق و گۆڕانکاریەکانی ئیدارەی ئۆباما بەرامبەر عێراق، پرۆفیسۆر شاپیرۆ بەمجۆرە بۆ گولان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئایا بەتیڕوانینی ئایا ئێوە ئۆباما بەهەمانشێوە مامەڵە لەگەڵ عێراقدا دەکات لەکاتێکدا کە دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتەدا پاشەکشە پێبکات لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١دا؟**

- تێگەیشتن و تێڕوانینی من ئەوەیە عێراق هەنگاو بەرەو سەقامگیری دەنێت، لەبەرئەوەی سەرکردە سیاسیە باڵاکانی وڵاتەکە پتر هەوڵەکانیان بەم ئاراستەیەدا چڕدەکەنەوە و ئەو قەناعەتەیان لا دروستبووە کە سەقامگیری لەبەرژەوەندی هەموو لایەکیاندایە. ڕاستە هێشتا توندوتیژی لەم وڵاتەدا ماوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەین ئەم توندوتیژیە جیاوازە لەو توندوتیژیەی سێ ساڵ پێش ئێستا بوونی هەبوو، ئەو کاتە زیاتر لە سەرەوە سەرپەرشتی دەکرا، واتە لە سەرکردە باڵاکانەوە ئاراستەی ڕەوتی توندوتیژیەکە دەکرا، لەکاتێکدا ئێستا کەسانێکی دیکە کە ناڕازین لە بارودۆخەکە هەڵدەستن بەم کارە.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ئیدارەی ئەمەریکا گرنگی بەسەقامگیری عێراق دەدات پێش ئەوەی هێزەکانی لەم وڵاتەدا بکشێنێتەوە؟**

- لەڕاستیدا من پێموایە ڕۆڵی ئەمەریکا زیاد لەواقیع و زیاد لەپێویست گەورە دەکرێت، بۆ نموونە ئەو گۆڕانکاریانەی لەپارێزگای ئەنباردا ڕوویاندا پەیوەندیەکی کەمی بەڕۆڵی هێزەکانی ئەمەریکاوە هەبوو، بەڵکو پتر بۆ بڕیاری سەرکردە سوننەکانی ئەو پارێزگایە دەگەڕایەوە، بە



هەمان شێوە داکشان و کەمبونەوەی ڕەوتی توندوتیژی لە ساڵی ٢٠٠٧دا پەیوەندیەکی کەمی بەبڕیارەکەی ئەمەریکاوە هەبوو بۆ زیادکردنی ڕێژەی هێزەکانی لە وڵاتەکەدا، ڕاستە ڕەنگە هێزەکانی ئەمەرکا هەوڵی ئەوەیاندابێت، یاخود ڕۆڵیان هەبوبێت لەخێراترکردنی ڕەوتی گۆڕانکاریەکان و لەهاندانی لایەنە سوننەکان بۆ ئەوەی چیتر هەڵنەستن بە دالدەدانی چەکدارە بیانیەکان، یاخود هاندانی بۆ شیعەکان بۆ ئەوەی میلیشیا چەکدارەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم بوونی هێزەکانی ئەمەریکا زەرورەت و زەمانەت بوویێت بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری، هەروەك ئێستاش بوونی ئەم هێزانە بۆ پاراستنی سەقامگیری زەمانەت نییە. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە ئەمەریکا دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لەپەیوەندی یان کێشەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، بەڵام من لەم بارەیەوە هیچ بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکم ئەنجامنەداوە تاوەکو بیروبۆچوونێکی تایبەتیم هەبێت.

*** تێکڕای چاودێران پێیانوایە دەبێت خودی عێراقیەکان خۆیان بڕیار لەسەر ئایندەی خۆیان بدەن، بەڵام سەرەڕای کێشە و ناکۆکیە ناوخۆییەکانی، عێراق بەدەست دەستێوەردانی دەرەکیشەوە دەناڵێنێت، واتە چیتر بارودۆخەکە بەتەواوەتی لەژێر کۆنترۆڵی عێراقیەکاندا نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن عێراق بتوانێت لەم بارودۆخە سەختەدا هەنگاو بەرەو ئایندەیەکی گەش بنێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، ئەمە پرۆسەیەکی دژوار و دوورودرێژە و دەبێت عێراقیەکان فێربن لەگەڵ یەکدا و لەنێو خۆیاندا سازش بکەن، هەروەها دەبێت بە چەشنێك کار لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا بکەن، یان بە شێوەیەکی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن کە بیانگەیەننە ئەو قەناعەتەی ئەوەی لەعێراقدا ڕوودەدات دژی بەرژەوەندیەکانی ئەوان نییە و دەبێت ئەوانیش ڕێگە بەتێپەڕبوونی ئەو کەسانە نەدەن بۆ عێراق کە دەبنە سەرچاوەی

**من لەو باوەڕەدانیم بوونی هێزەکانی ئەمەریکا زەرورەت و زەمانەت بوویێت بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری، هەروەک ئێستاش بوونی ئەم هێزانە بۆ پاراستنی سەقامگیری زەمانەت نییە**



کێشـــە و توندوتیژی لە وڵاتەکەدا، چونکە بە داخەوە لەماوەی چەند ســاڵی ڕابردودا ئەو دەوڵەتانـــە دەســـتێوەردانیان کردووە و ڕۆڵێکی خراپ و سلبیان بینیوە لەتێکدانی بارودۆخەکەدا. تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی من ئەوەیە سەرکردە سیاسیەکانی عێراق کار بۆ ئەوە دەکەن بەو ئاڕاســـتەیەدا ئیشبکەن کە پێشـــتر ئاماژەم پێکرد، واتە سازشکردن لەگەڵ یەکدا و کارکردن بۆ قەناعەتپێهێنانی دەوڵەتە دراوســـێکان بـــۆ کۆتایی پێهێنان بەدەستێوەردانەکانیان.

*** ئایـا ئەمەریکا هەوڵی ســـنورداركردن و وەســـتاندنی ئەم دەســـتێوەردانانە دەدات بۆئـــەوەی بارودۆخەکـــە لـــە عێراقـــدا ســـەقامگیربێت و بتوانێـــت هێزەکانی لەو وڵاتەدا پاشەکشە پێبکات؟**

- زەحمەتە پێشبینی ئەو سیناریۆیە بکەین کە لەماوەی ٥ ســاڵی داهاتـــوودا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیوەندیگەلێکی نزیکی لەگەڵ عێراقدا نابێت، من پێموایە لەڕووی سیاســـیەوە بۆ هیچ ئیدارەیەکی ئەمەریکـــی مایـــەی قەبووڵکـــردن نییە عێـــراق بەجێبهێڵرێت بۆئەوەی بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی دەوڵەتە دراوسێکانییەوە، ئەمەریکا خوێنێکـــی زۆری لەو وڵاتەدا ڕشـــتووە و داراییەکی زۆری لەو وڵاتەدا خەرجکردووە و بەدڵنیاییـــەوە هەوڵـــدەدات پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەبێت، بەڵام ئاست و ڕاددەی نزیکی ئەو پەیوەندیانە بۆ بڕیاری عێراقیەکان دەگەڕێتەوە، واتە تا چ ڕاددەیەك لەگەڵ ئەوەدان ئەو پەیوەندیانە پەرەیان پێبدرێـــت و ببنە پەیوەندیگەلێکی زۆر نزیك. لەڕاستیدا خودی دەستێوەردانی ئەم دەوڵەتانە هۆکاربوو بۆ درێژەکێشـــانی شـــەڕەکە زیاتر لەو ماوەیەی پێشـــبینی دەکـــرا، لەبەر ئەوەی دەوڵەتە دراوســـێکان نیگەرانبـــوون لەدەرئەنجامـــی ململانێ و ڕەوتی ڕووداوەکانـــی ناو عێراق، بۆ نموونە ئێران نیگەران بوو لەباڵادەستبوونی سوننەکان و ســـعودیەش بەنیگەرانیـــەوە لەئەگەری باڵادەستبوونی شیعەکانی دەڕوانی بەسەر حکومەتـــی عێراقدا، بەڵام مـــن پێموایە پاڵنەرەکانی دەســـتێوەردانی و هەوڵدان بۆ بینینی ڕۆڵێکی سلبی لەعێراقدا لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە کەم دەبێتەوە ئەگەر سەرکردە عێراقیەکان قەناعەت بەم وڵاتانە بکەن کە دەتوانن لەنێو خۆیانـــدا بگەنە ڕێککەوتن و هـــاوکاری یـــەك بکەن و کێشـــەکانیان دوور لەتوندوتیـــژی چارەســـەربکەن، بۆ نموونە لەم ڕۆژانەدا ســـەرکردەیەکی ئاینی دیاری سوننەکان بەڕۆژنامەی «نیویۆرك تایمـــز»ی ڕاگەیاند کاتی شـــەڕکردن و توندوتیژی لەگەڵ شیعەکاندا بەسەرچوو و ئایندەی عێراق لە پێکهێنانی حکومەتێکی عەلمانیدایە، پێم وایـــە ئەمە دەبێتە هۆی ڕەواندنـــەوەی نیگەرانیەکانـــی ئێـــران و کەمبونەوەی پاڵنەری دەســـتێوەردانی ئەو وڵاتـــە، بەهەمانشـــێوە ئەگەر ســـەرکردە شـــیعەکانیش لێدوانی لەم چەشـــنەبدەن، بۆ نموونە مالیکـــی ڕابگەیەنێت کە خۆی بەدووردەگرێت لەپارتە شیعەکان و هەنگاو بـــەرەو حکومەتێکـــی عەلمانـــی دەنێت ئەوا ڕەنگە ســـعودیەش ئەوەندە لە خەمی دەستێوەرداندا نەبێت.

*** لەبەرئـــەوەی پێکهاتەکانـــی عێـــراق ململانێی یەك دەکەن و هەوڵی ڕاکێشـــانی ڕێژەیەکی زیاتر دەنگـــدەران دەدەن بەلای خۆیاندا لەســـەر حســـابی چارەسەرکردنی کێشەکان، وەك ئاشـــتبونەوەی نیشتمانی و جێبەجێکردنی دەستوور، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمە مەترسیدارە بۆ سەر ئایندەی عێراق؟**

- ئەمە سروشـــتی سیاســـیەکانە لەهەموو وڵاتێکـــدا، بـــۆ نموونـــە لەئەمەریـــکادا لەمەسەلەی چاکســـازیکردن لەسیستمی چاودێـــری تەندروســـتیدا، زۆرێـــك لەسیاسییەکان دژی ئەم کارە دەوەستنەوە کە دەبێتەهۆی باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیانی ئەمەریکا، هۆکاری دژایەتیکرنەکەشـــیان سیاســـیە، کەواتە ئەمە تەنها پەیوەست نیە بە سیاسیەکانی عێراقەوە، ئومێدەکە ئەوەیە بە هۆی ململانێیانەوە بگەنە ڕێککەوتن و دەرئەنجامێك کە سوودی خەڵکی تێدابێت.

*** هەندێ لەلایەنەکانی ناو عێراق ئەوەدەن دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا عێراق بکەنە بنکەیەکی تیرۆریستی لەناوچەکەدا، ئایا تا چ ڕاددەیەك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـــکا ئـــەم مەترســـیەی لەبەرچاو گرتووە؟**

- من پێموایە ئەم ســـیناریۆیە سەرچاوەی نیگەرانیەکـــی گەورە دەبێت بۆ ئەمەریکا، بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە ئەمە سنیاریۆیەکی واقیعـــی نییـــە، لەبەرئـــەوەی چەکدارە دەرەکیـــەکان ناتوانن بـــۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەعێراقـــدا پێگەی خۆیان قایم بکەن ئەگەر خەڵکی عێراق، بەتایبەتی سوننەکان داڵدەیـــان نەدەن، ئێمە بینیمـــان لەکاتێکدا هەڵوێســـتی ســـوننەکان بەشـــێوەیەکی یەکلاکەرەوە لە ئاســـتی ئـــەم چەکدارانەدا گـــۆڕا، ئەوا بوونی ئـــەم چەکدارانە بەرەو کۆتای چوو.

*** دوا وتەت چیە؟**

- سەرکردە سیاســـیەکانی عێراق لەماوەی دوو ساڵی ڕابردودا گۆڕانکاری گەورەیان هێناوەتەدی، ئەمـــەش مایەی ئومێدە بۆ ئایندەی وڵاتەکەتان.

لەڕووی سیاسیەوە بۆ هیچ ئیدارەیەکی ئەمەریکی مایەی قەبووڵکردن نییە عێراق بەجێبهێڵرێت بۆئەوەی بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی دەوڵەتە دراوسێکانییەوە

چەکدارە دەرەکیەکان ناتوانن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەعێراقدا پێگەی خۆیان قایم بکەن ئەگەر خەڵکی عێراق، بەتایبەتی سوننەکان داڵدەیان نەدەن

# ئایا ناوچە دابڕاوەکان: کوردستانین یان عێراقین بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان



مسعود عەبدولخالق

ناوی کوردستان لە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان زۆر لە پێش عێراق هاتووە، لە کۆنگرەی بەرلینی ١٨٧٨ دوای کۆنگرەی پاریسی ١٩٠٢ . تادەگاتە کۆنگرەی سیڤەری ١٩٢٠، بەڵام ناوی عێراق بۆ یەکەمجار لە مادەی (٣)ی کۆنگرەی لۆزانی ١٩٢٣ دووجار هاتووە

کەم کێشە هەیە بە ئەندازەی ئەو ناوچانەی پێی دەوترێت (دابڕاوەکان، بەپێی مادەی -١٤٠ یاخود المناطق المتنازع علیها) ئاشکرا و روون بێت کە سەر بە کام لایە؟ ناسنامەی نیشتمانی و مێژووییەکەی روونە، بەڵگەنامە و دیکۆمێنتی زۆری لەسەرە، زۆر بە کورتی هەندێ لەو هەزاران بەڵگەنامانە باس دەکەین، جارێ لە پێشدا بەو پرسیارە یەکلا دەبێتەوە ئاخۆ لە مێژوودا رۆژێك لە رۆژان ئەو ناوچانە (هەر لەخانەقین و کەرکوك و مەخمور. تا موسڵ و ژەنگال) سەر بەعێراق بووینە؟ وەڵامەکەش ئەوەیە بۆ رۆژێك لە رۆژان بوونی عێراقی سیاسی هەبووە تا ناوچەی وای هەبێت؟ تەنانەت کە عێراقی سیاسی لە دوای ساڵانی ١٩٢١ لەسەر دەستی (برسی کۆکس) ی بەریتانیا دروستکرا هێشتا خەڵکی (ناوچە دابڕاوەکانی ئێستا) ناوی عێراقیان نەبیستبوو، راپۆرتی لیژنەی نێوبژی ویلایەتی موسڵ دەڵێ: ئێمە چووین لە موسڵەوە بۆ سامەرا، دوای رۆژهەڵاتی فوراتەوە بۆ خانەقین، دەرکەوت یەك کەس لەو ناوچانە هەر ناوی عێراقیشیان نەبیستبوو، هەر بۆزانین ناوی کوردستان لە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان زۆر لە پێش عێراق هاتووە، لە کۆنگرەی بەرلینی ١٨٧٨ دوای کۆنگرەی پاریسی ١٩٠٢ . تادەگاتە کۆنگرەی سیڤەری ١٩٢٠، بەڵام ناوی عێراق بۆ یەکەم جار لە مادەی (٣) ی کۆنگرەی لۆزانی ١٩٢٣ دووجار هاتووە بەس. سەرەڕای ئەو راستییە مەزنەش دیسان هەر بە ئاماژە باس لە هەندێ بەڵگەی تر لەنێو هەزاران بەڵگەی تر دەکەین:

-١ لە رێکەوتنی ئەرزەرۆمی ١٨٢٣/٧/٢٨ لە بەندی (١) باس لە سنووری کوردستان دەکرێ تا نزیك بەغدا و زیاتریش لەو ناوچانەی کە ئێستا کێشەی لەسەرە.

-٢ لە نەخشەی ئیداری عوسمانی ١٨٩٣ هەروەها لە هەردوو قاموسی عوسمانی (سیاحەتنامە و ئەعلام) کوردستان و عێراقی دیاریکردووە، سنووری عێراق ناگاتە بەغداش، سنووری کوردستانیش گەورەیە دوو هێندەی عێراقە تا نزیك بەغدا دەڕوا.

-٣ لە مادەی (٦٢)ی سیڤەر بە روونی سنووری خوارووی کوردستانی دیاریکردووە دەڵێت لە رۆژهەڵاتی فوراتەوە دەست پێ دەکا، جارێکی تر لە مادەی ٦٤ داکۆکی لەسەر دەکاتەوە.

-٤ لە کێشەکەی ویلایەتی موسڵ بە روونی ئەو ناوچانە ناسنامەی کوردستانی پێدرا، زیاتر لەوەش لەلایەن لیژنەکە پێشنیار کرا کە دەوڵەتێکی کوردستانی لێ دروست بکرێ، ئەگەر هەر بشخرێتە سەر عێراق ئەوا پێویستە بەڵێننامەی لێ وەرگیرێ و لەکاتی بوونی عێراق بە ئەندام لە (عصبە الامم- لە ساڵی ١٩٣٢) ئەو بەڵێننامانەی لێ وەرگیرا (ژمارەیان ١٠ بوو)، ئەو بەڵێننامانە بۆ ئێستا و ئەو کێشەیە زۆر گرنگە بەتایبەتی کە نەتەوەیەکگرتووەکانیش واهاتوونەتە نێو ئەو کێشەیە.

-٥ ئەگەر ئەو ناوچانە بە جۆرێك لە جۆرەکان بە دوور و نزیك بگەڕانابووایە بۆ عێراق ئەوا بۆچی (نوری سەعید) پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەو ناوچانە بە بڕی (٤٠٠٠٠٠) لیرە بکڕێتەوە.

-٦ لەکاتی هێرشی بەریتانیا بۆ سەر ئەو ناوچەیەی ئێستا پێی دەوترێ عێراق بەڵگەنامەیەکی گەلێ زۆر هەیە، یەکێ لەوانە:

أ - بروسکەیەکی چەرچل بۆ جەنەراڵ مۆدکە دەڵێ: لە خوارووی شاخی حەمرین هێزەکانتان راگرن، چونکە لەوێ بەسەرەوە کوردستانە، وەکو ناوچەکانی عەرەب نییە، ئەوانە وەکو پەنجابییەکان لە (هیند) ئاڵۆزن، شەڕتان لەگەڵ دەکەن.

ب- لە بروسکەیەکی تر بۆ مەلیك فەیسەڵی دەنێرێ دەڵێت: ئێمە بەڵێنی ئیمپراتۆریەتمان بە تۆ نەداوە داوای کوردستان نەکەی سنووری تۆ تا خوارووی شاخی حەمرینە لەوێ بەسەروو کوردستانە.

-٧ لە کۆنگرەی سیڤەر کوردستان و عێراق بە مادەی جیاجیا لە عوسمانی جیا بوونەتەوە، لەکاتێکدا کوردستان بەپێی مادەکانی (٦٤،٦٣،٦٢) لە عوسمانی جیا کرایەوە، عێراق بەپێی مادەی (٩٦،٩٥،٩٤) لە عوسمانی جیاکرایەوە، ئەوەش مانای یاسایی روونی هەیە.

بەسەدان بەڵگەی تری ئاوا راستەوخۆی هەیە، با بزانین بەڵگەی عێراقی یان عەرەبی بوونی ئەو ناوچانە چییە؟ دوو بەڵگەی زۆر لاواز هەیە.

-١ دەڵێن لە رێکەوتنی سایکس-پیکۆی ١٩١٦ ئەو ناوچانە نەخرانە سەر کوردستان، ئەوەیان راستە، بەڵام نەشخرانە سەر عێراق بەڵکو کەرکوك و ئەو ناوچانە خرانەسەر بەشی (B) ی بەریتانی و موسڵیش خرا سەر بەشی (A) ی فەرەنسی، بەڵام ئەو دابەشییە بێ بنچینە بوو، هەروەك هەموو عەرەبیش تا ئەو ساتە دانی پیا ناهێنن.

-٢ بەڵگەیەکی تر ئەوەیە گوایە لە رێکەوتنی (شریف- ماکما هۆن لە ١٩١٥) باس لە ناوچەکانی دیاربەکر و ئامێدیش کراوە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد دەرکەوت وا نییە، بەڵکو ئەوە پێشنیاری دوو حزبی عەرەبی بەناوی (حزبی العهد و حزبی فەتات) کە لە دیمەشق کۆ ببوونەوە ئەو پێشنیارەیان ناردوو لەلایەن (ماکمان هۆن) ی رەت کرایەوە.

لە کۆتاییدا وا چاکە هەموو ئەو دۆسیە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانە کۆ بکرێتەوە و دیپلۆماسی کوردی لێ ئاگادار بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەڵگە بەدەست بێت روو لە بەغدا.